www.pertwk.com



# پێشەکی

لەوکاتەوەی لوبنانم بەجێهێشتووەو لەساڵی 1976 و لەفەرەنسا نیشتەجێ بووم، گەلێ جار بەباشترین ئەو مەبەستانەی لەدنیادا هەن پرسیارم لێکراوە. کە هەستدەکەم بەپلەی یەکەم فەرەنسیم یان لوبنانی، هەمیشەش لەوەڵامدا وتوومە (ئەمیشیانم و ئەویشیانم)، ئەمەش لەبەر پەرۆشیم نەبوو بۆ راگرتنی هاوسەنگیی یان یەکسانی، بەڵکو لەبەرئەوەبوو ئەگەر وەڵامەکەم بە شێوەیەکیتر بووایە درۆ دەبوو. ئەوەی واملێدەکات خۆم بم نەك کەسێکی تر ئەوەیە من بەم شێوەیە لەسەر سنوورەکانی دوو وڵاتو دوو زمان یان سیان و گەلێ لە نەریتە ڕووناکبیرییەکانم، کە بەبێ زۆروکەم ناسنامەکەم دەستنیشان دەکات" ئایا رەسەنتر دەبم ئەگەر بەشێك لەخودی خۆم لێبکەمەوە؟ بۆیە خۆڕاگرانە بۆ ئەوانەی پرسیاریان لێدەکردم، ڕوونمدەکردەوە کە من لەلوبنان لەدایکبووم و تاتەمەنی بیست و حەوت ساڵی هەر لەوێ ژیاوم" زمانی عەرەبی زمانی دایکمەو یەکەمجاریش لە کتێبە عەرەبییە وەرگێڕدراوەکانەوە بە دۆماس ودیکنزو گەشتەکانی جلڤەر ئاشنا بووم. هەروەها لە گوندەکەم کە لەناوچەیەکی شاخاویدایە، لە گوندی باووباپیرانم، شادییەکانی سەرەتای منداڵیم ناسی و گوێم لەهەندێك چیرۆك بوو، دواتر بۆ رۆمانەکانم ئیلهامم لێوەرگرتوون. چۆن دەتوانم گوندەکەم لەیادبکەم؟ چۆن دەتوانم ڕۆژێ لە ڕۆژان لێی دابماڵرێم؟ بەڵام من لەلایەکی ترەوە بیست و دوو ساڵە لەسەر خاکی فەرەنسا دەژیم و ئاوو شەرابی ئەوێ دەخۆمەوەو رۆژانە دەستەکانم بەر بەردە دێرینەکانی دەکەون و کتێبەکانم بەزمانی فەرەنسیی دەنووسم، لەبەرئەوە هەرگیز نابێت بە خاکێکی نامۆ لەلای من. کەواتە





ئایا من نیوە لوبنانی و نیوە فەرەنسیم؟ نەخێر.. چونکە هەرگیز ناسنامە دابەشنابێت و بەنیوەیی یان سێ چارەکیی یان بەپێی ناوچەی دابڕاو دابەشناکرێت. من چەندین ناسنامەم نییە بەڵکو یەك ناسنامەم هەیە و لەهەموو ئەو رەگەزانە پێکهاتووە کە بەپێی پێوەرگەلێکی تایبەتی تەواو جیاواز لەنێوان پیاوێك و یەکێکی تردا دروستبووە.

هەندێك جار کە لەباسکردنی تێروتەسەلی ئەو هۆکارە وردانە دەبمەوە، ئەو هۆکارانەی واملێدەکەن بە شێوەیەکی تەواوەتی سەرجەمی ئینتیماکانم لەخۆ بگرم، یەکێك بەرەو ڕووم دێت و دەست دەخاتە سەرشانم و بەچرپە پێم دەڵێت (مافی خۆت بوو بەو شێوەیە قسەت کرد، بەڵام لەناخی خۆتدا هەست بەچی دەکەیت؟).

ئەم پرسیارە بۆماوەیەکی دوورودرێژ خستمیە پێکەنین" بەڵام ئەمڕۆنامخاتە پێکەنین چونکە پێموایە ئەمە بۆچوونێکی بەرفراوانی مرۆڤ دەردەخات کەبەپێی بۆچوونی من ترسناکیشە. کاتێك لێم دەپرسن لەناخی خۆمدا هەست بەچیدەکەم؟ ئەمە بەو مانایە دێت کە هەموو مرۆڤێك قووڵایی ناخێکی هەیە، یەك ئینتیمای گرنگی هەیە بەشێوەیەك لە شێوەکان" بریتییە لە ڕاستییەکی قووڵ" کرۆکەکەی لەکاتی لەدایکبووونداو تا دنیایە دەستنیشاندەکرێت و هەرگیز ناگۆڕدرێت وەك شتەکانی تر، هەموو ئەوانی تر، واتە ڕێبازەکەی، وەك پیاوێکی ئازادو باوەڕە بۆ ماوەکانیو ئەو شتانەی پەسەندیان دەکات و هەستیارییە تایبەتیەکەیو ئارەزو و ژیانی وەك دەرئەنجامێك هیچ سوودێکیان نەبێت، کە هاوچەرخەکانی خۆمان هاندەدەین بۆ ئەوەی جەخت لەسەر ناسنامەکانیان بکەن وەك چۆن لە ئەمڕۆداو زۆر جار جەختی لەسەر دەکەین، مەبەستمان ئەوەیە پێویستە لەسەریان لەناخیاندا ئەو ئینتیما بنەڕەتییە بدۆزنەوە کە باسی لێوە دەکرێت" ئەمەش زۆر جار ئاینییە یان نەتەوەیی یان ئەتنیکییە، بۆ ئەوەی سەربەرزانە بەرامبەر بەخەڵکی تر داییبنێن. هەرکەسێ ناسنامەیەکی

www.pertwk.com



ئاڵۆزتر هەڵبژێرێت خۆی لەپەراوێزدا دەبینێتەوە" گەنجیٚ كە لە فەرەنسا لەدایك و باوكێكی جەزائیریی بووبێت لەناخیدا دوو ئینتیمای بەڵگەنەویست هەڵدەگرێت, پێویستیشە توانای ئەوەی هەبێت پابەندی هەردووكیان بێت. وتم دوو ئینتیما, لەپێناوی ڕوونكردنەوەی باسەكەدا, بەڵام پێكهاتەكانی كەسایەتییەكەی زۆر زیاترە, چ مەسەلەكە پەیوەندی بە زمان یان پێودانگەكان یان شێوازی گوزەران یان پەیوەندییە خێزانییەكان یان زەوقە هونەرییەكان یان پەیوەندیان بەخواردەمەنییەوە هەبێت, چونكە كاریگەرییەكانی فەرەنسا و ئەوروپاو رۆژئاوا لەگەڵ كاریگەری عەرەبی و بەربەری و ئەفەریقیو موسڵمانەكاندا تێكەڵاودەبن.
ئەزموونێكی دەوڵەمەندو بەپیت دەبێت ئەگەر ئەو پیاوە گەنجە هەستبكات ئازادە بۆئەوەی لەناو هەموو ئەمانەدا بژی و ئەگەر هەست بەهاندان بكات بۆ ئەوەی پابەندی سەرجەم هەمەڕەنگییەكەی بێت, بەپێچەوانەشەوە ڕەنگە بۆی دەربكەوێت ڕێبازەكەی تووشی شڵەژانی دەكات, ئەگەر وتی فەرەنسیم, هەندێك كەس بە خیانەتكار یان هەڵگەڕاوە دایبنێن و ئەگەر لەگەڵ بەدحاڵی بوون و ترس و دوژمنایەتیدا ڕووبەڕوو بۆوە" هەر كاتێك سیفەتی یەكەمی بە پەیوەندییەكانی لەگەڵ جەزائیر و مێژوو هەروەها ڕووناكبیریی و ئاینەكەی بەخشی.
بارودۆخەكە هەستیارتریشە لە كەنارەكەی تری ڕووباری ڕاین" بیر لەحاڵی توركێك دەكەمەوە كە سی ساڵ بەرلە ئێستا لەنزیك فرانكفۆرت لەدایكبووەو هەمیشە لەئەڵمانیا ژیاوەو لەباو و باپیرانیشی باشتر بەزمانەكەی قسە دەكات و دەنووسێت, كەچی لە چاوی ئەو كۆمەڵگەیەدا كە لە خۆی گرتووە ئەڵمانیی نییە" وەك چۆن لەدیدی كۆمەڵەكەی خۆشیەوە توركێكی ڕاستەقینە نییە, عەقڵی تەندروست دەیەوێت توانای پابەندبوونی هەبێت بەم جوت ئینتیمایەوە, بەڵام ئەمڕۆ هیچ شتێك لە یاساكان و لەعەقلییەتەكان بەشێوەیەكی گونجاو ڕێگای پابەندبوونیپێنادات بەناسنامە تێكەڵەكەیەوە. یەكەم نموونە كە بەبیرمدا





هاتووە نووسیوومە" دەمتوانی گەڵێ نموونەی تر بهێنمەوە وەك نموونەی كەسیٚ لە بەلگراد لە دایكێكی (سرب)ی وباوكێكی (كروات)ی لەدایكبوو بێت, یان نموونەی ژنێكی هۆتۆیی كە شووی بەتوتسییەك كردبێت یان بەپێچەوانەوە, یان ئەمریكییەك كە باوكی ڕەشپێست و دایكی یەهودیی بێت. لەوانەیە هەندێك پێیان وابێت ئەمانە چەند حاڵەتێكی زۆر تایبەتین, بەڵام لەڕاستیدا من لەو باوەڕەدانیم ئەو هەندە كەسەی باسمكردوون بەتەنیا ئەوان خاوەنی ناسنامەی تێكەڵاو بن, لە هەر پیاوێكدا چەند ئینتیمایەكی جۆراو جۆر یەكدەگرنەوە, هەندێكجار لەنێوان یەكتردا ناكۆك دەبنو ئەو كەسە ناچاردەكەن چەندین هەڵبژاردنی هەبێت. لەلای هەندێكیان مەسەلەكە لە سەرەتادا بەڵگەنەویستە" لەلای هەندێكی تر پێویستە هەوڵبدرێت لەنزیكەوە تێبینی بكرێت" ئەمڕۆ كیٚ هەیە لەئەوروپا
لێك نزیك بوونەوە نەبینیٚ " بێگومان لەبرەویشدایە" لەنێوان ئینتیماكەی بۆگەلێكیزۆر دێرینی وەكو فەڕەنسا یان ئیسپانیا یان دانیمارك یان ئینگلتەراو ئینتماكەی بۆ كۆمەڵی تێكڕای كیشوەركە خەریكە دروستدەبێت؟ چەند لەئەوروپییەكانیش بەهەمان شێوە لەهەرێمی باسكەوە تا سكۆتلەندە هەست بەئینتیمایەكی بەهێزو قووڵ دەكەن بۆ ناوچەكەو بۆ میللەتەكەیو مێژووەكەی وزمانەكەی ؟كیٚ هەیە ئەمڕۆ لەولاتەیەككگرتوەكان بیر لە پێگەی خۆی لە كۆمەڵگەدا بكاتەوە بەبیٚ پشت بەستن بەپەیوەندییە لە پێشینەكانی بەئەفریقیا یان ئیسپانیا یان ئێرلەندا یان ئیتاڵیا و پۆڵۆنیا وولاتەكانی ترەوە؟ لەبەر ئەوەی ئەوەمووت بەڕاستی دەخوازم قایلبم بەوەی ئەونموونانەی لەسەرەتادا هەڵمبژاردن شتێكی تایبەتین " هەموویان تایبەتن بەوبوونەوەرانەی لەناخیاندا ئەوئینتیمایانەیان هەڵگرتووە كەئەمڕۆ بەتوندی ڕووبەڕووی ئەو ئینتیمایانە دەوەسترێت" بوونەوەرە سنوورییەكان, ئەوانەی بەشێوەیەك لەشێوەكانی درزی ئەتنیكی یان ئاینی یان هیتر دەیان

www.pertwk.com



بڕیٚو بەهۆی ئەم بارودۆخەوە كەناویٚرم ناوی لیٚبنیٚم (ناوازە) ڕۆلیٚكیان لەبەردەمدا دەبیٚتودەیبینن بۆ ئەوەی پەیوەندی دابمەزریٚننو بەدحالّیبوون نەهیٚلّن وهەندیٚك عاقلّ بكەن وهەندیٚكی تر هیٚوربكەنەوەو مەسەلەكە یەكلابكەنەوەوبیگونجیٚنن" قەدەریان وایە ئامرازی پەیوەندیو گوزارشت و میانگیریی نیٚوان كۆمەلّەجیاجیاكانو ڕووناكبیرییە هەمەجۆرەكان بن" ئەمەش ململانیٚیەكان والیٚدەكات پڕبن لە دەلالەت. ئەگەر ئەوكەسانە خۆیان نەتوانن پابەندبن بەئینتیماكانیانەوە ئەگەر هەمیشە ئەركی سەرشانیان بیٚت گروپەكەیان هەلّبژیٚرن وبانگیٚشت كرابن بۆ گەرانەوە بۆڕیزی تیرەكانیان مافی خۆمانەلەوكاتەدا بەرامبەر بەرەوتی جیهان نیگەران بین.

دەمگوت (ئەركی سەرشانیانە هەلّبژیٚرن,چونكە بانگهیٚشت كراون )؟ لەلایەن كیٚوە بانگهیٚشتكراون ؟ نەك تەنیالەلایەن توندرەوەكان وئەو كەسانەوە كەرقیان لە بیانییەكانە لەهەر كون وكەلەبەریٚكدابن "بەلّكولەلایەن من وهەمووتاكیٚكی نیٚوانمانەوە, ڕیٚك بەهۆی پیٚودانگەكانیو بیركردنەوەو گوزارشتكردنەوە كە لەناو هەمووماندا سەقامگیر بووەو, بەهۆی ئەوچەمكە بەرتەسكو سنوورداروتوندو ئاسانكارەی تەواوی ناسنامە لەیەك ئینتیمادا كورتدەكاتەوەو بەتووڕەبوونەوە بانگەشەی بۆ دەكات.

بەمشیٚوەیە (بكوژ) دروست دەكەن, ئەمەئەوهاوارەیەكە دەخوازم بیدركیٚنم" دانیپیٚدا دەنیٚم ئەمە جەخت كردنەوەیەكە كەمیٚ كتوپڕە بەلاّم بەنیازم لەلاپەڕەكانیداهاتوودارِوونیبكەمەوە.





# ناسنامەو ئینتیماكانم

## "1"

ژیانی نووسین فیٚری كردووم وریای وشەكانبم "چونكە كامەیان وادەردەكەویٚت لەهەموویان روونترە زۆربەی جار ئەوەیان لەهەموویان خیانەتكارترە" یەكیٚ لەوهاوڕیٚ درۆزنانە بەتایبەتی وشەی (ناسنامە)یەلەبەر ئەوەی هەمووممان لەو باوەڕەداین مانای ئەم وشەیە دەزانین و بەردەوامیش دەبین لەسەر باوەڕپیٚكردنی تا ئەوكاتەی ئەو زۆرزانانە دەستدەكات بەوتنی پیٚچەوانەكەی.

نیازم نییە جاریٚكی تر پیٚناسەی بیرۆكەی ناسنامە دووبارە بكەمەوە" چونكە ناسنامە مەسەلەیەكی بنەڕەتیی فەلسەفەیە لەو كاتەوەی سوكرات و توویەتی خۆت بناسە تادەگات بەفرۆیدو گەلیٚ مامۆستای تر,لەپیٚناوی سەرلەنویٚ باسكردنیدا لەئەمڕۆماندا كارەكە پیٚویستی بەلیٚوەشاوەییەكی زیاتر هەیەلەوەی كەمن هەمە وهەروەها پیٚویستیبە ڕاشكاوییەكی زۆرتر هەیە. ئەو ئەركەی دەیخەمە سەرشانی خۆم زۆر لەوەكەمترە، ئەویش هەولّی تیٚگەیشتنە لەوەی بۆچی ئەمڕۆ گەلیٚ كەس تاوانەكانیان بەناوی ناسنامەی ئاینی یان ئەتنیكی یان نەتەوەیی یان ناسنامەی ترەوەئەنجام دەدەن؟

ئایا مەسەلەكە لە بەرەبەیانی میٚژوووە بەمجۆرەبووە یان راستی تایبەت بە سەردەمەكەمان لە ئارادایە؟ لەوانەیە بۆچوونەكانم هەندیٚ جار زۆر سەرەتایی بن. چونكە دەمەویٚبیركردنەوەم بەئەوپەڕی هیٚمنیو خۆڕاگریو ڕاستگۆیی بەپیٚی توانای خۆم ئاڕاستەبكەم" بەبیٚ گەڕانەوە بۆ هەر جۆرە بیریٚكی لەپیٚشینەیان هەر كورتكردنەوەیەكی خەلّەتیٚنەر.

www.pertwk.com



ئەوەی وەك زاراوە پێی دەوترێ (ناسنامە) ئەمانەی لەسەر نووسراون:—

ناوبانگ,ناو,شوێن,مێژووی لەدایكبوون" وێنەو ژماردنی هەندێ لەسیفەتەكانی جەستەوئیمزاوهەندێجار مۆری پەنچەی ئەو كەسە"ئەمانەش ژمارەیەكی تەواون لەبەیانات كەئاماژەن بۆ ئەوەی هەڵگری ئەو بەڵگەنامەیە فلأنكەسە بەبێ ئەگەری بەهەڵەدا چوون هەروەها لەنێوان چەند ملیار كەسیتردا كەسێكیتر نابێت كە بەهەڵە وا بزانرێت ئەو فلأنەیە تەنانەت ئەگەر لەجیاتی ئەویش دانرابێ یان برای جمكیش بێ. ناسنامەكەم واملێدەكات لەكەسیتر نەچم"

بەدەست نیشانكردنیئەم شێوەیەی وشەی(ناسنامە)ناسنامە دەبێت بەچەمكێكی تاڕادەیەك ورد و ناهێڵێت هیچ بەهەڵەدا چوونێ رووبدات "ئایا ئێمە بەڕاستی پێویستیمان بەبەڵگەی دوورو درێژ هەیە بۆ سەلماندنی ئەوەیدوو بوونەوەری لەیەكچوونین وئەوەڕوونادات ؟ ئەگەر سبەینێ گەیشتینەئەوەی مرۆڤ فوتۆكۆپی بكرێت كەمەترسی ئەوەش لەئارادایە"ئەو فۆتۆكۆپیكراوانە لەیەك ناچن بەتەنیا لەكاتی لەدایك بوونیاندا نەبێت "ئەمەش لەباشترین بارودۆخدا چونكە هەرلەیەكەم هەناسەدانەوە لەیەكتر جیاوازدەبن"

ناسنامەی هەموو كەسێ لەكۆمەڵێ ڕەگەز پێكهاتووە "نەوەستاوە تەسەر ئەوانەی لەتۆمارە رەسمییە كاندا تۆماركراون"

بیگومان زۆربەیخەڵكی پەیوەندییان هەیەبە نەریتی ئاینیورەگەزنامەو هەندێ جار بەدوو ڕەگەزنامە یان كۆمەڵێكیئەتنیكی یان زمانەوانیەوە یان ئینتیمایان بۆخێزانێكی زۆرتر یان كەمترهەیە" بۆ پیشەو كۆمپانیاو نێوەندێكی كۆمەڵایەتی" بەڵام لیستەكە لەوەش دوورو درێژترە" گریمانەش لەئارادایە كەسنووری بۆنیە چونكە دەتوانین هەست بەئینتیمایەكی زیاتر یان كەمتربكەین بۆ گوند یان كوڵان یان خێڵ یان تیپێكی وەرزشیی یان بۆپیشە یەك یان كۆمەڵە هاوڕێیەك, بۆ سەندیكا





یان كۆمپانیا یان حزب یان رێكخراوێك یان میللەت یان كۆمەڵێ كەس كەهەمان ئارەزوویان هەبێت یان هەمان خواستی سێكسیی: هەمان ناتەواوی جەستەییان هەبێت: یان ئەوانەی رووبەڕووی جۆرە ئازارێك بووبێتەوە. بێگومان هەموو ئەم ئینتیمایانە هەمان گرنگیان نییە" بەهەرحاڵ لەهەمانكاتدا" بەڵام هەریەكێ لەوانە تەواو بێ مانانییە.

ئەوانە رەگەزەكانیپێكهاتنی كەسێتین. تاڕادەیەك دەتوانین بڵێین ئەوانە بۆماوەیین بەمەرجێ ئەوە روونبكەینەوە كەزۆربەیان خۆڕسكنین.

ئەگەر هاتووئەگەری ئەوەلەئارادابوو رێكەوتی هەمووئەم رەگەزانەبكەین, لەلای ژمارەیەكی زۆر لەخەڵكی هەرگیز هەمان ئاوێتە لەلای دووكەسی جیاواز نابینینەوە ئەمەیەكە لەسەداسەد بەهرەمەندی هەموو تاكێكو بەهاتایبەتیەكەی دروستدەكات" هەر ئەمەشە هەموو تاكێك دەكات بەبوونەوەرێكیناوازەو نەشیاو بۆ گۆڕینەوەی بەكەسێكیتر.

هەندێ جار روودەدات رووداوێكیخۆش یان ناخۆش یان دیدارێكی سەرپێیی كار بكاتەسەر هەستكردنمان بەناسنامەزیاترلەئینتیما مان بەرامبەربە بۆماوەییەكی هەزارەیی" باحاڵی سڕبییەك وئیسلامییەك بهێنینە بەرچاومان كەبیست ساڵ لەمەوبەر یەكتریان لەقاوەخانەیەكی سەرایڤۆدا ناسیبێتو یەكتریان خۆشویستبێتو بووبن بەهاوسەری یەكتر. هەرگیز هەمان بۆچوونی ژنو مێردێكی تەواوسڕبیی یان تەواو ئیسلامییان نابێت دەربارەی ناسنامەكانیان, دیدیان بۆباوەڕونیشتمانیش وەك ئەوان نابێت هەمیشە هەریەكەیان لەدەروونیدا ئەو ئینتیمایانە هەڵدەگرێ كەدایك وباوكی لەكاتی لەدایك بوونیداپێیان بەخشیووە بەڵام بەهەمان رێگە دركی پێناكەن وهەمان شوێنی پێنابەخشن.

www.pertwk.com



سەرایڤۆبەجێ ناهێڵین لەبیری خۆماندا" بۆئەوەی بەخەیاڵ پێیدا بگەڕێین بالەسەر جادە چاودێریی پیاوێکی پەنجا ساڵەبکەین کەئەم پیاوە.

لەساڵی 1950دا بەشانازی وبەبێ دوودڵی رایدە گەیاند یوگسلافییە,ئەگەر لەنزیکەوە پرسیاری لێبکرایە دەیووت لەکۆماری بۆسنەو هەرسکیی یەکگرتوو نیشتەجێیەوئەوبەڕێکەوت لەخێزانێکی موسڵمان کەوتۆتەوە" ئەگەر هەمان پیاومان بەرێکەوت دوای (12)ساڵو لەکاتێکدا کەشەڕ لەتروپکدایە ببینییەوە بەشێوەیەکی هەرەمەکیی و بەهەموو هێزییەوە وەڵام دەداتەوەو دەڵێ(من موسڵمانم) لەوانەشە بەپێی شەریعەت ریشی درێژ بکاتەوە ولەوانەیە ڕاستەوخۆ لەدرێژەی قسەکانیدا بڵێ بۆسنیم" حەزیش ناکات هەرگیز بەبیری بهێنینەوەکەلەرابردوودا بەشانازییەوە ئینتیما یوگسلافییە کەی دووپاتکردۆتەوە. ئەمڕۆش ئەگەر پرسیار لەو پیاوە بکەین لەسەر جادە, خۆی بەبۆسنی دادەنێ بەپلەی یەکەم ئینجا بەئیسلامو لەدرێژەی قسەکانیدادەڵێ بەبەردەوامی دەچم بۆ مزگەوت, بەڵام ئەوەش دووپات دەکاتەوە کەوڵاتەکەی بەشێکە لەئەوروپاوخوازیارە ڕۆژێ وڵاتەکەی ببینێ بچێتە یەکێتی ئەوروپاوە"

ئەگەر هەمان ئەوکەسەمان پاش بیست ساڵی تر لەهەمان شوێندا بینیەوە چۆن خۆی پێناسەدەکات؟ کام لەئینتیماکان دەخاتە پێشەوە ؟ ئەوروپیی " ئسلام" بۆسنی"یان شتێکی ترکەلەوانەیە بەلقانی بێت!

سەرەڕۆیی ناکەم لەپێشبینیکردندا"هەموو ئەم پێکهاتانە بەکردەوە بەشێك لەناسنامەکەی پێکدەهێنن"ئەم پیاوە لەخێزانێکی خاوەن داب و نەریتی ئیسلامیدا لەدایکبووە وبەهۆی زمانەکەیەوە ئینتیمای هەیە بۆ باشووری سلافیا کە لەچوار چێوەی دەوڵەتێکی یەکگرتوودابوون وئەمرۆ وانەماون. ئەم پیاوە لەسەر خاکێك ژیاوە "جارێك عوسمانیی,جارێك





نەمسایی بووەو بەشیخۆی لەچەرمەسەری مێژووی ئەوروپای گەورەی وەرگرتوە"

لەهەر سەردەمێکداویەکێ لەئینتیماکانی گەورەبوون"ئەگەر بۆم هەبێت بڵێم تائەوئاستەیهەمووئینتیماکانی تری دەشارێتەوە ولەگەڵ تەواویناسنامەکەیدا تێکەڵاو دەبێت.لەوانەیە لەژیانیدا چەندین چیرۆکی بۆگێردرابێتەوەو پێیوترابێت بەتەنیا پرۆلیتارییە یان هەر یوگسلافییە"لە ئێستاشدا پێیدەوترێ هیچیترنیت ئیسلامیی نەبێت"لەوانەشە لەهەندێ قوناغیسەختدا وایتێگەیەنرابێت کەگەلێ مەسەلەی هاوبەش لەنێوان ئەوو پیاوەکانی کابولدا هەیە زیاتر لەوەی لەگەڵ پیاوانی تریستەدا هەیەتی.لەهەموو سەردەمێکدا کەسانێك هەن وایدادەنێن یەك ئینتیمای زاڵ هەیە لەسەروو هەموو ئینتیماکانی ترەوەیە لەهەموو بارودۆخێکدا" تا پلەیەك کەبۆمان هەیە پێی بڵێین(ناسنامە) ئەو ئینتیمایە نیشتمانە لەلای هەندێكو ئایینە بەلای هەندێکی ترەوە" بەڵام هێندە بەسە چاوێك بگێڕین بەناو ململانێ جۆراو جۆرەکاندا کەلەجیهانی دەوروبەرماندا روودەدەن تالەوەتێبگەین هیچ ئینتیمایەك بەشێوە یەکی رەها باڵادەست نابێت, چونکە خەڵکی واهەست دەکەن باوەڕەکەیان لەبەردەم مەترسیدایە کەوادەردەکەوێت ئینتیماکە ئایینیەو ئەوە کورتکراوەی هەموو ناسنامەکەیان دەبێت "بەڵام ئەگەر زمانەکەیان وکۆمەڵە ئەتنیکییەکەیان لەبەردەم هەرەشەدا بوو بەتوندی دژی برا ئایینییەکانیان دەکەونە شەڕکردن" ئەوەتا تورکوکورد هەردووکیان موسڵمانن بەڵام زمانەکەیان جیاوازە. ئایا ململانێیەکی خوێناوی لەنێوانیاندا هەڵنەگیرساوە؟ ئەی هۆتۆو توتسی هەردووکیان کاسۆلیکی نینو بەیەك زمان قسەناکەن" ئایائەمە بۆتە ڕێگر لەبەردەمیاندا بۆروونەدانی ئەو قەسابخانانە؟ هەروەهاچیکی ویوگسلافیەکان ئایا ئەوانیش کاسۆلیکیی نین"ئایائەمەئاسانکاریی کردووە بۆ پێکەوەژیانیان؟

www.pertwk.com



ئەوهەموو نموونەیە بۆیەدەهێنمەوە بۆ ئەوەی جەخت لەسەر ئەوراستیەبکەمەوە لەباریکدا کەجۆرێ لەریزبەندی لەنێوان ئەو پێکهاتانەدا هەبێت ناسنامەی هەرتاکێك پێکدەهێنن"ئەوە جێگیرنییە بەڵکو لەگەڵ گۆڕانی زەمەندا دەگۆڕێت وهەڵسو کەوتەکان بەقووڵی دەگۆڕێن.

ئەو ئینتیمایانەی لەژیانی هەموو تاکێکدا گرنگن هەمیشە ئەوانەنین کە ناسراون وبالادەستن" واتە ئەوانەی پەیوەستن بەزمان ورەنگی پێستو رەگەزو چین وئاینەوە بانموونەی پیاوێکی ئیتاڵی (نێربان) لەسەردەمی فاشییەکاندا وەربگرین" لەوباوەڕدام گرنگیی ئەم دیمەنە تایبەتییەی کەسایەتیی ئەم پیاوە بەلای خۆیەوە لەچالاکییە پیشەیی‌و هەڵبژاردنە سیاسییەکەی یان بیروباوەڕە ئاینییەکەی گرنگترنییە" لەناکاو دەسەڵات دایدەپڵۆسێت‌و هەستدەکات هەڕەشەی سوکایەتی پێکردن‌و دوورخستنەوەو مردنی لەسەرە" بەهەڵبژاردنی ئەم نموونەیە بێگومان ئاماژە بەهەندێك بیرەوەری ئەدەبی‌و سینەمایی دەدەم. کەواتە ئەو پیاوە کە لەسالانی رابردوودا نیشتمانپەروەربووە لەوانەیە نەتەوەییش بووبێت" لەئێستادا ناتوانێت خۆشحاڵ بێت بەبینینی نمایشی تیپە سەربازییە ئیتاڵییەکان. بەدڵنیاییەوە کارەکە لەلای گەیشتۆتە ئاستێ هیوای شکانی ئەو تیپە سەربازییە بخوازێت" بەهۆی چەوسانەوەوە ئارەزووە سێکسییەکانی دەکەونە پێش ئارەزووەکانی تریەوە وتەنانەت ئینتیما نیشتمانیەکەشی لێدەشارێتەوە کە لەوکاتەدا گەیشتۆتە چڵەپۆپەو ئەم پیاوە ئیتاڵییە تا دوای کۆتایی پێهاتنی شەر بەراستی هەستی پێناکات, ئەویش لەئیتاڵیایەکدا کەچاوپۆشیکردن زیارە تیایدا.

لەناکاوێکدا ئەو ناسنامەیەی بانگەشەی بۆ دەکەین بەشێوەیەکی سلبی لەسەر ناسنامەی نەیارەکەمان رەنگدەداتەوە " ئێرلەندییەکی کاسۆلیکی لەئینگلیزێك جیاوازە بەپلەی یەکەم لەڕووی ئاینەکەیەوە"





بەلام لەبەرامبەر عەرشدا دووپاتیدەکاتەوە کۆماریخوازە" خۆ ئەگەر بەشێوەیەکی باش نەیزانی بەئێرلەندی قسەبکات بەئینگلیزییەك قسەدەکات لەسەر شێوازی خۆی" تەنانەت کەرابەرێکی کاسۆلیکی بەدیالێکتی ئۆکسفۆرد قسەدەکات تاڕادەیەك وادەردەکەوێت خیانەتکارە.

بەدەیان نموونە لەئارادان ئاڵۆزیی ئامرازەکانی ناسنامە بەرجەستە دەکەن ئەو ئاڵۆزییەی هەندێك جار مایەی زەردەخەنەیە" تراژیدیشە لەزۆربەی کاتدا" گەلێ لەونموونانە لەمەودای لاپەڕەکانی داهاتوودا باسدەکەم, هەندێکیان بەکورتی وهەندێکی تریان بەدوورودرێژیی بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بەو ناوچەیەوە هەیە کەلێوەی هاتووم واتە دەریای سپی ناوەڕاست‌و جیهانی عەرەبیی‌و بەپلەی یەکەم لوبنان" کەولاتێکە هەمیشە تێیدا بەرەو پرسیار کردن سەبارەت بەئینتیماکەمان دەبرێین‌و دەربارەی نەریت وپەیوەندیمان بەخەڵکی ترەوەو دەربارەی ئەو شوێنەی دەتوانین لەژێرسێبەر یان لەبەر خۆردا داگیری بکەین.

www.pertwk.com



"2"

هەندێجار بەسەرمادێت ئەوکارە ئەنجام بدەم کە بە(پشکنینی ناسنامەکەم) ناوی دەبەم هەروەکو چۆن هەندێ کەسیتر ویژدانیان دەپشکنن, لەوانەیە واتێبگەن من ئامانجم ئەوەنییە لەخودی خۆمدا ئینتیمایەکی بنەڕەتی بدۆزمەوە ولەڕێگەیەوە خۆم بناسم. بەڵکو هەڵوێستێکی پێچەوانەی ئەمە هەڵدەبژێرم, چونکە من بەیادەوەریمدا دەگەڕێم تا گەورەترین ژمارە لەپێکهاتەکانی ناسنامە بەیان بکەم وکۆیانبکەمەوەو ڕێکیانبخەم ونکوڵی لەهیچیان نەکەم.

لەبنەماڵەیەکەوە هاتووم چەند سەدەیەکە لەچیای لوبنان نیشتەجێیەو لەوکاتەشەوە بەهۆی کۆچی یەك لەدوای یەکەوە بەگەلێ شوێنی گۆی زەویدا بڵاوبۆتەوە, هەرلەقاهیرەوە تابەرازیل ولەکوباوە تائوستراليا. بنەماڵەکەمان لەسەدەی دووەم وسێیەمەوە واتە زۆر بەرلەهاتنی ئیسلام تەنانەت پێش ئەوەی ڕۆژئاواش ببن بەمەسیحیی شانازیی بەوەوەکردووە هەمیشە عەرەب ومەسیحییش بووە.

کەمەسیحیی بم وزمانەکەم زمانی عەرەبیی بێت کەزمانی پیرۆزی ئیسلامە ئەمە یەکێکە لەوهاودژییە بنەڕەتییانەی ناسنامەکەمی پێکهێناوە. قسەکردن بەم زمانە پەیوەندی وای لەگەڵ هەمووئەوانەدا بۆ دروستکردووم ڕۆژانە لەنوێژەکانیاندا بەکاریدەهێنن زۆربەشیان کەمترلەمن شارەزاییان تێیدا هەیە. کاتێ لەئاسیای ناوەڕاست ولەبەر دەرگای خوێندنگەیەکی تەیمورییی دا ڕێکەوتی زانایەکی پیردەکەین, هەر هێندە بەسە کە بەعەرەبی قسەی لەگەڵدا بکەین تا هەست بەدڵنیایی بکاتو لەدڵەوە قسەبکات بەشێوەیەك کەهەرگیز پڕکێشی ناکات بەو شێوەیە بەڕووسییان بەئینگلیزی بدوێت.چونکە ئەم زمانە (زمانی عەرەبی) هاوبەشە لەنێوانماندا,لەنێوان من وئەو وزیاترلەملیارێك





کەسیتردا, وێرای ئەوەی ئینتیمام بۆئاینی مەسیحیی ئەگەر بەقووڵی ئینتیمایەکی ئاینی یان هەر بەتەنیاسۆسیۆلۆژی بێت کەکێشەکە لێرەدانییە, ئەویش لەلای خۆیەوە پەیوەندییەکی گرنگ لەنێوان منو دوومليار مەسیحی لەجیهاندا دەخولقێنێ. زۆرشت هەن لەهەموو مەسیحییەکیش جیامدەکەنەوە هەروەها لە هەموو عەرەبێك ولەهەموو موسڵمانێکیش بەڵام لەگەڵ هەریەکێکیاندا نزیکایەتیەکم هەیە نکوڵیی لێ ناکرێت, لەحاڵەتی یەکەمیاندا ئاینییە ولەوی تریاندا زمانو کلتورە.

ئەمەش بەمانای ئەوە دێت عەرەب بوون ومەسیحی بوونم بەیەکەوە دۆخێکی زۆر تایبەتییە, زۆر کەمینەییە وئاسان نییە هەمیشە هانای بۆببرێت,چونکە ڕەنگە زۆر بەقووڵی وبۆ ماوەیەکیدوورو درێژ کەسێك بەتەواوی داگیربکات. هێندەی پەیوەند یشی بەمنەوەهەبێت نکوڵیی لەوە ناکەم یەکلاکەرەوە بووە لەزۆربەی ئەو بڕیارانەمدا کەپێویست بوون لەژیانمدا بیاندەم , لەنیوێشیاندا نووسینی ئەم کتێبە یە.

بەمشێوەیە بەنزیك بوونەوەی ئەم دوو ڕەگەزەی ناسنامەکەم هەر یەکەیان بەجیا هەست ئەکەم لەبەشێکی زۆری مرۆڤایەتییەوە نزیکم ئەگەر هەمان ئەم دوو پێوانەیەش بەیەکەوە وەربگرم ئەوا خۆم لەبەردەم تایبەتمەندیدا دەبینمەوە.

دەتوانم هەمان پشکنین دووبارەبکەمەوە لەگەڵ ئینتیمای تردا“ چونکە شەست ملیۆن کەس لەواقیعی فەرەنسییبوونمدا هاوبەشن هەروەها هەشت ملیۆن کەس وەکومنن لەواقیعی لوبنانیبوونمدا بەولوبنانیانە شەوە کە لەدەرەوەی وڵاتن بەڵام ئەگەر لەهەمان کاتدا فەرەنسیی و لوبنانیش بم ئەوە شتێکە چەند هەزار کەسێك نەبێت هیچ کەسێ هاوبەش نییە لەگەڵمدا.

هەرکام لەئینتیماکانم بە ژمارەیەکی زۆر لەخەڵکەوە پەیوەستم دەکەن, لەگەڵ ئەوەشدا تا ئەو ئینتیمایەی بەهەندی وەردەگرم زۆر تربێت تایبەتمەندیی ناسنامەکەم زیاتر گومانیتێدانابێت.

www.pertwk.com



ئەگەر هەندێ زیاتر لەسەر بنەچەی خۆم بڕۆم پێویستە روونیبکەمەوە کە لەنێو بنەماڵەیەکی ڕۆمانیی کاسۆلیك یان پادشاییدا لەدایك بووم دان بەدەسەڵاتی پاپادا دەنێت لەپاڵ دڵسۆزیدا بۆهەندێ سروتی بێزەنتیی"ئەم ئینتیمایە لەوانەیە لەدوورەوە وا دەربکەوێت درێژدادڕییە یان فزوڵییەتە بەڵام لەنزیکەوە وەك سیمایەکی یەکلاکەرەوە لەسیماکانی ناسنامەکەم دەردەکەوێت لەوڵاتێکی وەك لوبناندا کە بەهێزترین بنەماڵەکان بۆ ماوەیەکی زۆر لەپێناوی خاك وبەشی خۆیان لەدەسەڵاتدا جەنگاون.

بەدەگمەن ئەندامانی بنەماڵە کەمینەکانی وەك گروپەکەی من چەکیان هەڵگرتووە ویەکەم کەس بوون کۆچیانکردووە,بەڵام هێندەی پەیوەندی بەمنەوە هەبێت هەمیشە ئەوەم رەتکردۆتەو لەشەڕێکدا تێوە بگلێم وایدادەنێم بێهودانە یان خۆکوژییە.وەلێ ئەم حوکم وئەم دیدە کۆنەپارێزە ورەتکردنەوەی چەك هەڵگرتنە لەوەجیانابێتەوە کەسەربە بنەماڵەیەکی پەراوێز خراوم.

کەواتە من پەیڕەوی رێبازی ئایینی (مەلکی)م لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر یەکێ ڕۆژێکیان کاتی خۆی لەناودەفتەری تۆمارکردندا بەدوای ناوی مندا گەڕابێت, بیگومان بەپێی ئینتیمای ئایینی کە لە لوبناندا دابەشکراوە لەگەڵ (مەلکی)ییەکاندا نامدۆزێتەوە بەڵکو لەدەفتەری تۆمارکردنی ناوی پرۆتستانتەکاندا دەمدۆزێتەوە, بۆچی؟ئەم هەویرە ئاوزۆر ئەکێشێ.هێندە دەڵێم لەخێزانەکەماندا دوو کلتووری ئاینیی دژبەیەك هەبوون ومن هەموو منداڵیم گەواهی بوو لەسەر ئەم کێشمە کێشانەو هەندێك جار جێگای گرەو لەسەر کردنیانبووم بۆنموونە چوومە خوێندنگەیەکی فەرەنسیی ,خوێندنگەی باوکە یەسوعییەکان چونکە دایکم کاسۆلیکییەکی توندڕەوبوو سووربوو لەسەر دوورخستنەوەم لەکاریگەریی پرۆتستانت کە ئەو کاتە بەسەر بنەماڵەی باوکمدا زاڵبوو. ئەوان منداڵەکانیان وەك نەریتێك بەرەو خوێندنگە ئەمریکییەکان یان





ئینگلیزییەکان دەبرد" بەهۆی ئەم ململانێیەوە بووم بە فرانکفۆنیی لەئاکامی ئەمەشداهاتم لەکاتی جەنگی لوبناندا لەپاریس نیشتەجێ بووم نەك لەنیویۆرك یان ڤانکۆڤەر یان لەندەن , دەستیشم کرد بە نووسین بەزمانی فەرەنسیی.

ئایا وردەکاریی تریش دەربارەی ناسنامەکەم بخەمە روو؟ ئایا سەبارەت بە نەنکە تورکەکەم ومێردە مارۆنییە میسرییەکەی قسە بکەم؟ ئەو باپیرەیەی تریشم کە زۆر بەرلە لەدایك بوونم کۆچی دوایکردووە ودەڵێن شاعیرو بیرمەندێکی ئازاد ولەوانەیە ماسۆنیش بووبێت؟ بەهەرحاڵ ئەو دوژمنێکی سەرسەختی پیاوانی ئایینیبووە ئایا بگەڕێمەوە بۆلای برای باپیری باپیرم کەیەکەم کەسبووە مۆلێری وەرگێڕاوە تە سەر زمانی عەرەبیی‌و لەساڵی 1848دا لەسەر تەختەی شانۆی عوسمانیی نمایشیکردووە؟

نەخێر، هێندە بەسە. لێرەدا رادەوەستم بۆئەوەی بپرسم؟ ژمارەی هاوشێوەکانم چەندن ئەوانەی هاوبەشن لەگەڵمدا لەم پێکهاتە جیاجیانەدا کەناسنامەکەمیان پێکهێناوەو نەخشەیان بۆ کێشاوە؟ ژمارەیەکی کەم یان لەوانەیە کەس هاوشێوەم نەبێت"بێگومان ئەمەیان ئەوەیەکە دەمەوێ جەختی لەسەر بکەمەوە چونکە لەسایەی هەموو ئەم ئینتیمایانەدا ئەگەر بەشێوەیەکی جیا وەربگیرێن" جۆرێ لەنزیکی دروست دەبێت کەبەژمارەیەکی زۆری وەك خۆمم دەگەیەنێت هەر لەسایەی خودی ئەم پێوانانەشەدا" ئەگەر سەرجەمیان وەربگرین ناسنامەیەکی تایبەتیی دەستەبەردەکەین لەگەڵ هیچ ناسنامەیەکی تردا تێکەڵ نابێت.

ئەگەر بەسەختیش گشتگیربم دەڵێم کۆمەڵێ ئینتیمای هاوبەشم لەگەڵ هەموو بوونەوەرێکی زیندوودا هەیە بەڵام هیچ بوونەوەرێك لەگەردووندا لەسەرجەم ئینتیماکانمدا وەك من نییە, تەنانەت لەبەشێکی زۆریشیدا ناتوانێت وەك من بێت, لەو دەیان پێوەرەی کەدەتوانم

www.pertwk.com



بیانخەمەروو“ هەندێك لەوانە بەسن بۆئەوەی ناسنامە تایبەتییەکەم بەروونیی بسەپێنم, ئەو ناسنامەیەم کەجیاوازە لەناسنامەی کەسانی تر تەنانەت ئەگەر کوڕ یان باوکیشم بن.

زۆر دوودڵ بووم بەرلەوەی دەستبکەم بەنووسینی لاپەرەکانی پێشوو ئایا پێویست بوو واپەل وپۆ بهاوێژم لەسەرەتای نووسینەوەی ئەوەدا کەپەیوەندیی بەبارودۆخە تایبەتییەکەمەوە هەیە ؟ لەلایەکەوە سوورم لەسەر ئەوەی بڵێم, بەبەکارهێنانی نزیکترین نموونەی ئاشنا لەلام و بەهەر ڕێگەیەك بێت و لەگەڵ هەر پێوەرێکی ئینتیمادا, دەکرێت تایبەتمەندیو پەیوەندییەکانمان لەگەڵ هاوشێوەکانماندا دووپاتبکەینەوە لەلایەکی تریشەوە بێئاگانیم لەوەی چەند قوڵ بینەوە لەشیکردنەوەی بارودۆخێکی تایبەتیدا سەرە ڕۆیی دەکەین لەوەدا کە خۆمان دەبینینەوە و وەڵامدەدەینەوە و دەڵێین بەراستیی بارودۆخێکی تایبەتە.

لەکۆتایدا خۆم فڕێدایە ناو ئاوەوە، لەو باوەڕەشدام هەموو مرۆڤێکی نیازپاك و هەمووکەسێ هەوڵ دەدات بۆ پشکنینی تایبەتمەندی ناسنامەکەی, دواناکەوێت لەدۆزینەوەی ئەوەدا کەئەمە حاڵەتێکی تایبەتییە وەك ئەوەی بەسەر مندا هات. هەموو مرۆڤایەتی لە چەند حاڵەتێکی تایبەتی پێکدێت و ژیانیش جیاوازییەکان دەخولقێنێت وەڵێ زۆربوون هەرگیز بۆ هاوشێوە بوون نییە. هەموو کەسێك بەبێ جیاوازیی ناسنامەیەکی ئاوێتەی هەیەو هێندەی بەسە هەندێ پرسیاربکات تا وردەخاڵی لەیادکراوو چەند لق و پۆیەك کەجێی گومان نین دەستەبەر بکات و بۆی دەربکەوێت ناسنامەکەی لێکدراوو ناوازەیەو ناگۆڕدرێتەوە.

ئەمەش ئەوەیە کەبەراستی ناسنامەی هەرتاکێك پێکدەهێنێت چونکە ئاوێتە و ناوازەیە و ناگۆڕدرێتەوەو ناتوانرێت ئەو تێکەڵ بەکەسێکی تر بکرێت. کەجەخت لەسەر ئەم خاڵە دەکەمەوە بەهۆی ئەو شێوە بیرکردنەوەیەوەیە کەتائێستاش بڵاوەو لەدیدی منەوە زۆر دزێویشە. ئەو





بیرکردنەوەیەی پێویستە لەسۆنگەی ئەوەوە لەپێناوی دووپاتکردنەوەی ناسنامەکەماندا بەسانایی بڵێین:"من عەرەبم " “"من فەرەنسیم " "من زنجیم ":"من سرِبیم ":"من موسڵمانم ": "من یەهودیم ". ئەو کەسەش وەك من ئینتیما جۆراوجۆرەکانی بژمێرێت راستەوخۆ بەوە تاوانبار دەکرێت دەیەوێت ناسنامەکەی لەشۆربایەکی بێ شێوەدا کە هەموو رەنگەکانی تێدابێت بتوێنێتەوە لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵدەدەم پێچەوانەی ئەمە بڵێم: هەموو خەڵکی لەیەکتر ناچن بەڵکوهەریەکەیان جیاوازن بێگومان سرِبیی جیاوازە لە کرواتیی بەڵام هەموو سرِبییەکیش جیاوازە لەهەر سرِبییەکی تر و هەموو کرواتییەکیش جیاوازە لە هەر کرواتییەکی تر. ئەگەر مەسیحییەکی خەڵکی لوبنان هەبێت جیاواز بێت لەموسڵمانێکی خەڵکی لوبنان ئەوا من مەسیحیی لەیەك چوو ناناسم هەر وەك چۆنیش لەجیهاندا دوو فەرەنسی یان دووئەفریقیی یان دووعەرەب یان دوو یەهودیی لەیەکناچن. هیچ تاکێك ناتوانێت شوێنیئەوی تر بگرێتەوە , واباوە لەئامێزی هەمان خێزانی رواندی یان ئێرلەندی یان لوبنانی یان جەزائیریدا لەنێوان دووبرادا کەلەهەمان دەوروبەر دا ژیابن:جیاوازیی بچووك لەرووکەشدا ببینینەوە بەڵام لەو رووەوەی پەیوەندی بەسیاسەت یان ئاین یان ژیانی رۆژانەوە هەبێت هەر یەکەیان جەمسەرێکی دژبەیەکتر دەگرن ولەوانەیە ئەمەش یەکێکیان بکات بەپیاوکوژو ئەوی تریان بکات بەپیاوی گفتوگۆو تەبایی.

هەندێکی کەم لەخەڵك بەڕاشکاوی بەر پەرچی هەموو ئەوانە دەدەنەوە کە پێشتر باسمکردن , بەڵام وارەفتاردەکەین وەك ئەوەی مەسەلە کە وانەبێت , بۆ ئاسانکردنی مەسەلەکەش ئەوکەسانە لەژێر هەمان ناودا کۆدەکەینەوە کەزۆر ترین لەیەك نەچوونیان لەنێواندایە. هەر بۆ ئاسانکردنی مەسەلەکە تاوانی یان رەفتاری بەکۆمەڵ وبیروڕای بەکۆمەڵیان دەخەینە پاڵوەك: "سرِبەکان خەڵکیان سەربڕی، ئینگلیزەکان ولاتیان وێرانکرد"“ "رەشپێستەکان ...

www.pertwk.com



سووتاند""عەرەبەكان ....رەتكردەوە "وبەبێ هیچ شڵەژانێك حوكم بەسەر ئەم میللەت وئەو میللەتدا دەدەین. "ئیشكەرە"" یان "چالاكە"یان "تەمبەڵە "یان"هەستیارە"یان"فێڵبازە" یان"لووتبەرزە"یان"كەللەڕەقە"ئەمەش هەندێك جار دەبێتە هۆی خوێن ڕشتن.

دەزانم لۆژیكییانە نییەچاوەڕوانی ئەوە لەهەموو هاوچەرخەكانمانبكەین لەنێوان شەو و رۆژێكدا داب و نەریتی گوزارشتكردنیان بگۆڕن بەڵام پێم وایە گرنگە هەریەكێ لەئێمە هەست بەو راستییە بكات كە پێشنیازەكانی بێگوناهنین و بەشداری لەو حوكمە پێشوەختانەدا دەكەن كە بەدرێژایی مێژوو وەك لەڕێ لادەروبكوژ دەركەوتون.

گەلێ جار روانینمان كەسانیتر لەهەرە ئینتیما بەرتەسكەكانیاندا دەست بەسەر دەكات هەروەها روانینیشمان لە توانایدا هەیە ئازادیان بكات.





" 3 "

ناسنامە یەكجارو تاهەتایە نابەخشرێت "بەڵكو بەدرێژایی بوون دروست دەبێت ودەگۆڕێت"سەرەڕای هەبوونی گەلێ كتێب كەپێشتر بەدوورودرێژیی باسی ئەم مەسەلەیەیان كردووە ,زیانی نییە ئاماژەش بۆ ئەوەبكرێت پێكهاتەكانی ئەو ناسنامەیەی لەناوماندابوونی هەیە لەكاتی لەدایك بوونماندا زۆرنین " هەندێ تایبەتمەندی جەستەیی و رەگەزیی ورەنگیو ... تائێرە هەموو شتێ خۆرسك نییە لەگەڵ ئەوەدا ئاشكرانییە دەوروبەرە كۆمەڵایەتییەكە رەگەز دەستنیشان دەكات بەڵام ئەو (واتە دەوروبەر) مانای ئەوئینتیمایە دەستنیشان دەكات كچێك كە لەكابول یان ئۆسلۆ لەدایك ببێت ئینتیماكەی هەمان مانای‌نابێت "چونكە ئەوكچە مێینەیی خۆی لەهەردوو شوێنەكە بەهەمان شێوە ناژی " هەروەها هیچكام لە پێكهاتەكانی‌تری ناسنامەكەشی لەیەك ناچن.

دەتوانرێت تێبینییەكی هاوشێوەی ئەمەش سەبارەت بە رەنگ دەرببڕدرێت " لەدایك بوونی رەش پێستێك لەنیویۆرك یان لاگۆس یان بریتۆریا یان لواندا هەمان مانایان نییە. تاڕادەیەك دەتوانین بڵێین ئەوە هەمان رەنگ نیە لەدیدی ناسنامەوە. ئەو هۆكارەی ناسنامەی منداڵێك دەستنیشاندەكات كەلە نایجیریا لەدایك بوویێت ئەوەیە یوروبا یان هاوسایە ,نەك رەشە یان سپی" كەچی لەئەفریقیای باشوور رەش پێستیی مرۆڤ یان سپی پێستی وەك هۆكارێكی گرنگی ناسنامە دەمێنێتەوە بەڵام ئینتیمای ئەتنیكی بۆ زۆلۆ یان كزۆسا لەو كەم بایەختر نییە وەلێ لە ولاتەیە كگرتووەكانی ئەمریكا گەڕانەوەی كەسێ بۆ رەسەنی باپیرەیەكی یوروبا یان هاوسا گرنگ نییە چونكە رەسەنی‌نەژادیی ناسنامە دەستنیشاندەكات بەتایبەتی لەلای سپی پێستەكان ئینجا ئەگەر ئیتاڵی یان ئینگلیز یان ئێرلەندی یان سەربە هەر ولاتێكی‌تربێت.

www.pertwk.com



ویّرای ئەوەی ئەو کەسەی لەناو باپیرانیدا لە یەك کاتدا سپی پیّست و رەش پیّستیش هەبیّت لەولاّتەیەکگرتووەکان ئەو کەسە بەرەش پیّست دادەنریّت لەکاتیّکدا لەئەفریقای باشوور یان ئەنگۆلا بەوکەسەی کە لەناو بنەماڵە کەیدا رەش پیّست وسپی پیّستیش هەبیّت دەوتریّت خیلاسی (واتە تیّکەڵیّك لەرەنگی رەش ورەنگی سپی کە دوو ڕەگ واتە تیّکەلاّویشی پیّ دەوتریّت).

بۆچی چەمکی دووڕەگی (التهجين) لەهەندیّ ولاّت لەبەر چاودەگیریّت و لەهەندیّکی تردا وەلا دەنریّت ؟ بۆچی ئینتیمای ڕەنگ لەهەندیّ کۆمەڵگەدا یەکلاکەرەوەیە کەچی لەهەندیّکی تریاندا وانییە ؟ دەتوانین بۆ هەموو حاڵەتیّك لیّکدانەوەی جۆراو جۆری کەمتر یان زۆرترو پەسەندکراو پیّشکەش بکەین بەلاّم ئەمە ئەوە نییە کە لەم قۆناغەدا سەرقاڵی کردووم. ئەو نموونانەم بەتەنیا بۆ ئەوە باسکرد تا پیّلەسەر ئەو ڕاستیّیە دابگرم تەنانەت رەنگ ورەگەزیش دوو پیّکهاتەی (رەها) نین لەپیّکهاتەکانی ناسنامە هەروەها لەبەر هەمان هۆ هەموو پیّکهاتەکانی تریش زۆر ریّژەییتردەبن.

لەپیّناوی بەراوردکردنی ئەوەدا کە لە ڕاستیدا خۆڕسکە لەنیّوان پیّکهاتەکانی ناسنامەدا یارییەکی فیکریی گەلیّ ئاشکرا هەیە: لەخەیاڵی خۆتاندا وایدا بنیّن منداڵیّکیشیرەخۆرە لەساتی لەدایك بوونیدا لەدەوروبەرەکەی دادەبریّت و دەیخەینە دەوروبەریّکی جیاوازەوە " ئینجا بەراورد لەنیّوان ئەو ناسنامە هەمەچەشنانەدابکە کە ئەو منداڵە دەتوانیّت دەستەبەری بکات و ئەو شەڕانەی پیّویستە بیانکات وئەو شەڕانەش کە لەکۆڵی دەبنەوە. ئایا پیّویستە روونیبکەینەوە ئەو منداڵە هیچ شتیّکی سەبارەت بەئایینە کۆنەکەی خۆیو دەربارەی ((میللەتەکەی))و ((زمانەکەی)) لەبیر نامیّنیّت" لەوانەشە خۆی لەشەڕیّکدا ببینیّتەوە لەگەڵ کەسانیّك کە پیّویست وابوو کەس وکاری بن.





ئەوە چەند راستە کە دەڵیّت ئەوەی ئینتیمای کەسیّ بۆ کۆمەڵیّ دەستنیشان دەکات بەشیّوەیەکی بنەڕەتیی لە کاریگەریی کەسانی ترە واتە کاریگەریی ئەو کەسانەی لیّوەی نزیکن وەك کەس وکارو هاونیشتمانییەکانی و خوشك وبرا ئاینییەکانی, ئەوانەی کە هەوڵی پاوانکردنیدەدەن و کاریگەری ئەوانەی نەیاری ئەون و هەوڵدەدەن بیخەنە کەنارەوە. پیّویستە هەریەکیّ لەئیّمە ریّگای خۆمان لەنیّو ئەو ریّگایانەدا بدۆزینەوە کەپاڵیپیّوە دەنریّت تیّیدا یان ئەو ریّگەیەی کە لیّی قەدەغەکراوە یان ئەوەی لەژیّر پیّیەکانیدا دەچیّنریّت بۆ ئەوەی بتەقیّتەوە" ئەو خودی خۆی نییە بەیەکجاریی و هیّندەش بەس نییە هوشیاربیّت بەرامبەر بەبارودۆخی خۆی ,ئەو دەبیّت بەوەی کەهەیە. هیّندە بەس نیە هوشیاربیّت بەرامبەر بەناسنامەکەی ئەو ناسنامەیەی هەنگاوبەهەنگاو دەستەبەری دەکات.

مەشقکردن زوو دەست پیّدەکات لەسەرەتاکانی منداڵیەوە بیّگومان کەسوکار بەنیازبیّ یان بەبیّ نیاز منداڵەکە دروست دەکەن و دەیخوڵقیّنن و پتەوی دەکەن بەبیروباوەڕەکانیخیّزان وسروت وهەڵویّستەکان و داب و نەریتەکانو زمانی دایك ئینجا پتەوی دەکەن بەمەترسییەکان و ئومیّدەکان و حوکمە پیّشوەختەکان وکینەکان,هەروەها بە چەندین هەستی ئینتیما یان بیّئینتیمایی. هەروەها زۆر زوو لەنیّوماڵدا وەك چۆن لەخویّندگە یان لەشەقامەکەی نزیکیاندا یەکەم بەریەککەوتنەکان روو دەدەن و ئەوانی تر بە وشەو نیگاکانیان ئەو هەستە لەلای ئەو منداڵە دروستدەکەن هەژارە یان شەلە یان کورتەبنەیە یان دریّژە"ئەسمەرە یان زۆرمووزەردە خەتەنە کراوە یان نەکراوە، یان هەتیوە. ئەم جیاوازییە زۆرو گرنگ یان ساکارانەن کە سیمای هەمووکەسایەتییەك دەنەخشیّنن.ڕەفتار وبۆچوونەکان وترسەکانی دروست دەکەن و خواستی پیشاندانی رۆڵە خوڵقاوەکەیان بەرووني

www.pertwk.com



لەزۆربەی كاتدا ,هەندێجار برینداركەرە وتاهەتایە كاریگەریی دەمێنێتەوە.

ئەم برینانە لەهەموو قۆناغیٚ لەقۆناغەكانی ژیاندا هەڵوێستی مرۆڤ بەرامبەر بەئینتیماكانی و ریزبەندیی نێوانیان دەستنیشاندەكات.كاتیٚ مرۆڤ بەهۆی ئاینەكەیەوە دەچەوسێتەوە وسووكایەتی یان گاڵتەی پیٚ دەكریٚ بەهۆی رەنگی پێستییەوە یان شێوە زمانەكەی یان جلوبەرگە پینەكراوەكەیەوە ئەمەی لەبیر ناچێتەوە.تائێستا بەردەوام جەختم لەسەر ئەوڕاستیە كردۆتەوە ناسنامە لە ئینتیمای جۆراوجۆرەوە دروستدەبێت بەڵام پێویستە بەهەمان ئاست جەخت لەسەر ئەو ڕاستیە بكەینەوە كە ناسنامە یەك دانەیە و تێیدا دەژین نەك زۆرینەیەكی تەواو.ناسنامەی كەسێك كەڵەكەبوونی ئینتیما راستەوخۆكان نیەو پەڵەی پینەش نییە, بەڵكو وێنەیە لەسەر پێستێكی كشاو هێندەش بەسە كە تانە لەیەكیٚ لەئینتیماكان بدرێت تا سەراپای ئەو كەسە رابپەڕێت.

لەلایەكی ترەوە زۆربەی كات مەیلمان لەوەیە خۆمان لەڕێگەی ئەو ئینتیمایانەوە بناسین كە لەهەموو ئینتیماكانی ترمان زیاتر مەترسیی لەڕێدایە.هەندێجار هەست بەبێتوانایی دەكەین بەرامبەربە بەرگریكردن لەناسنامە بۆیە دەیشارینەوەو لەقووڵایماندا بەشاراوەیی لەسێبەرداو لەچاوەڕوانیی تۆڵەسەندنەوەدا دەیهێڵینەوە“ بەڵام ئەگەر ئاشكرای بكەین یان بیشارینەوە, ئیدی ئەگەر بەنهێنی بیدركێنین یان زۆر بەهەراوە ئێمە لەگەڵ ئەو ئینتیمایەدا دەبین بەیەك. ئەو كاتەش ئینتیما تاوانباركراوەكە واتە رەنگی پێست یان ئاین یان زمان یان چین سنووری تەواوی ناسنامەكە دەبڕێت.ئەوانەی هاوبەشن لەگەڵیدا لەو بیركردنەوەدا هەست بە هاوكاری دەكەن كۆدەبنەوەو خۆیان ئامادە دەكەن‌و یەكترهاندەدەن‌وهێرش دەكەنەسەر ئەوانەی لەروویاندا وە ستاونەتەوە. سەبارەت ئەوان هەر بەزۆر (جەخت كردن لەسەر ناسنامەكەیان) دەبێت بەكارێكی ئازایانەو ڕزگاركارانە.





بەشێوەیەكی سروشتی لەناوجەرگەی هەموو كۆمەڵێكی بریندااردا سەركردەكان دەردەكەون ,ئیدی ئەگەر پەست یان نەخشەدانەربن پارێزگاریی لەو بیروبۆچوونە توندڕەوانەیان دەكەن كە مەرهەم دەخاتەسەر برینەكان. دەڵێن پیویستە ڕێز لەكەسانی تر سواڵ نەكرێت لەبەرئەوەی مافێكی وەرگیراوە (مافێكەبۆمان ماوەتەوە) بەڵكو پێویستە بیسەپێنین بەسەر كەسانی تردا .ئەوانە پەیمانی سەركەوتن یان تۆڵەسەندن دەدەن‌و گڕلە دەروون بەردەدەن ,هەندێجار ئامرازی توندڕەوانە بەكاردەهێنن كە هەندیٚ لەبرا ژێر دەستەكانیان بەنهێنی خەونیان پێوە بینیوە. ئیدی ئامادەباشكراوە وشەڕ بۆی هەیە دەست پێبكات هەر چییەكیش ڕووبدات ئەوا كەسانی تر شایستەی ئەوەن كە بەسەریاندا دێت ,تائێستاش بەوردیی هەموو ئەوانەمان لەیادە كەلە بەرەبەیانی مێژووە وە بەسەرمانیاندا هێناویانە یان بەهەموو تاوانەكان و دەستدرێژییەكان‌و سوكایەتی‌و مەترسیی‌و ناوو مێژوو ژمارەكانیشەوە.

لەبەرئەوەی لەوڵاتێكدا ژیاوم لەبارودۆخی شەڕداو لەگەرەكێكیشدا كە گەرەكەكەی تەنیشتی بۆمباراندەكراو چونكە لەگەڵ ژنە گەنجە دووگیانەكەم و منداڵە بچكۆلەكەمدا شەوێك یان دووانم لەژێر زەمینێكدا بردۆتەسەر كە بووبووە شوێنی‌خۆحەشاردان‌و دەنگی تەقە لە دەرەوە دەبیستراو لە ناوەوەش هەزار پروپاگەندە سەبارەت بەهێرشێكی زۆر نزیك دەكران وهەزار چیرۆك دەربارەی خێزانێك كە سەر بڕراون دەبیسترا بۆیە باش دەزانم ترس دەتوانێت هەر مرۆڤیٚ بەرەو تاوانكردن پاڵپێوە بنێت.ئەگەر لەگەرەكێكدا قەسابخانەیەكی ڕاستەقینە لەجیاتی قەسابخانەی پڕوپاگەندەی درۆ روویبدایە ئایا بۆ ماوەیەكی دوورودرێژ دەمتوانی بەخوێن ساردیی بمێنمەوە ؟ ئەی ئەگەر لەجیاتی دوو رۆژ مانگێك لەو ژێر زەمینەدا بمامایەتەوە ئایا هەڵگرتنی ئەوچەكەم رەتدەكردەوە كە دەیانخستە بەردەستم ؟

www.pertwk.com



وای بەباش دەزانم ئەم پرسیارانە بەفشاری زۆرەوە لەخۆم نەکەم , لەخۆشیبەختیم بوو دلڕەقانە نەکەوتمەبەر ئەزموون زۆر زوو لەگەڵ کەسو کارەکەمدا بەسەلامەتی لەناو ئاگرە دەرچووین, لەخۆشبەختیشم بوو پارێزگاریم لەپاکێتی دەست و ویژدانم کرد دەڵێم (بەخت) چونکە لەوانەبوو مەسەلەکان بەشێوەیەکی تەواو جیاواز روویانبدایە ئەگەر لەسەرەتای شەڕدا لەلوبنان تەمەنم شانزە ساڵ بووایە لەجیاتی بیست و شەش ساڵ یان ئەگەر کەسێکی ئازیزم لەوشەڕەدا لەدەست بدایە یان ئەگەر سەربەناوەندێکی کۆمەڵایەتیتر یان بنەماڵەیەکی تر بوومایە.

دوای هەموو قەسابخانەیەکی ئەتنیکی نویٚ دەپرسم: چۆن مرۆڤەکان دەتوانن بگەنە ئاستی ئەنجامدانی ئەم کارە دزێوانە؟ هەندیٚ لە لەدەست دەرچوونەکان وادێنەپێش چاو لێیان ناگەین و لۆژیکەکەیان گرانە. لەوکاتەدا باس لە شێتیی بکوژو شێتیی خوێناویی و شێتیی سەردەمانی رابردوو بۆ ماوەیی دەکەین بەمانایەك لەماناکان شێتییەك هەیە چونکە پیاوێکی عاقڵ لەماوەی شەوو رۆژێکدا دەگۆڕێت بەپیاوکوژ بێگومان شێتی یەك هەیە. بەڵام کە هەزاران و چەندان ملیۆن پیاوکوژ هەبن و دیاردەکە لە وڵاتێك ویەکێکیتریشدا و لەناوجەرگەی رووناکبیرییە جۆراوجۆرەکاندا دووبارە ببێتەوە لەلای پەیڕەوانی سەرجەم ئایینەکان و لەلای ئەوانەش باوەڕیان بەهیچکام لەوئاینانە نییە, ئەو کاتەی هێندە بەس نیە بلێین شێتیی. ئەوەی ئێمە بۆ ئاسانکاریی ناومان لێناوە (شێتیی‌بکوژ ) ئەوە ئەوخواستەیە لەلای هاوشێوەکانمان هەیە بۆئەوەی بگۆڕێن بەقەساب کاتێك کە هەستدەکەن (خێڵەکەیان )لەبەردەم هەڕەشەدایە. هەستی ترس یان سامکردن هەمیشە ملکەچی ئەگەرە عەقڵانییەکان نابێت , روودەدات زیادەڕۆیی یان هەڵخەڵەتێنەرانە بێت" بەڵام لەو ساتەدا کە کۆمەڵێکی نیشتەجیٚ هەست بەترس دەکەن ڕاستی ترس دەبێت بەوەی پێویستە بەهەند وەربگیرێت نەك ڕاستی هەڕەشەکە.

لەوباوەڕەدانیم ئەم یان ئەو ئینتیمای ئەتنیکی یان ئاینی یان نەتەوەیی رێگاخۆش بکەن بۆکوشتن. هێندە بەسە بەڕووداوەکانی ئەم





ساڵانەی دواییدا بچینەوە بۆ ئەوەی بۆمان روونببێتەوە هەموو کۆمەڵێکی مرۆڤایەتی هەستکردنیان بە چەوسانەوە یان ترس چەندە لاواز بێت مەیلیان بەلای بەرهەمهێنانی بکوژانێکدا دەچێت کە خراپترین خراپەکارییان لەدەست دێت " لەو باوەڕەشدان کە لەسەر هەقن وئاسمان شایستەیانە و شایەنی رەزامەندی کەس و کاریانن. لەناخی هەریەکێکماندا کاك (هاید) ێك هەیە , گرنگ ئەوەیە رێگا لە کۆبوونەوەی سەرجەم ئەومەرجانە بگرین کە دڕندەکەی ناخمان بەئاگادێنێتەوە.

هەڵەشەیی ناکەم لەپێشکەشکردنی شیکردنەوەی هەموو قەسابخانەکان و لەپێشنیازکردنی چارەسەرێکی دەگمەندا, چونکە من باوەڕم بەچارەسەرە سادەکان نییە هەروەك چۆن باوەڕیشم بەناسنامەی سادە نییە لەبەر ئەوەی گەردوون نیهادێکی (بوون) ئاڵۆزە بە دەڕنەفیزی برغوکردنەوە ناکرێتەوە.بەڵام ئەمە نابێت رێگای‌چاودێری وهەوڵدانمان لێبگرێت بۆ ئەوەی تێبگەین و بیر بکەینەوە و گفتوگۆ بکەین‌و هەندێجار پێشنیازی ئەم شێواز یان ئەویان بکەین لەبیر کردنەوەدا.

دەکریٚ ئەوەی وەك داوێکی باریك لەنێوان دوو بەرگی ئەم کتێبەدا درێژبۆتەوە بەم شێوەیەی لای خوارەوە دەستکاریی بکەین و بینووسینەوە. ئەگەرمرۆڤ لەهەمووەوڵەتو هەموو بارودۆخ وبیروباوەڕەکاندا بەوسانایەببێت بە بکوژ ئەگەر توندڕەوەکان سەر بەهەر رەگەزیٚ بن بتوانن بەوسانایە خۆیان بسەپێنن بەو سیفەتەی بەرگری لەناسنامەدەکەن. لەبەرئەوەیە چەمکی ناسنامەی خێڵەکی کە تائێستاش باوە لەسەراپای جیهاندا زەمینە بۆ ئەمجۆرە لەڕیٚ لادانە خۆش دەکات. ئەمە چەمکێکە لەململانێکانی رابردوو بۆمان ماوەتەوە کە گەلێ کەس لەئێمە پەسەندی ناکەن ئەگەر لەنزیکەوە شارەزای بین بەڵام بەهۆی خووپێوەگرتن‌و بیرتەسکی‌و بەدواکەوتنی کوێرانەوە بەر دەوام دەبین لەسەر پەیوەست بوونمان پێیەوە. بەمشێوەیە بەبیٚ ئەوەی مەبەستمان بێت بەشداری لەو کارەساتانەدا دەکەین کە سبەینیٚ بەڕاستی دووچاری نائارامیمان دەکەن.

www.pertwk.com



## "4"

لەسەرەتای ئەم کتێبەوە باسی ناسنامە بکوژەکان دەکەم ,لەو باوەڕەشدانیم ئەم ناوە زیادەڕەویی تێدابێت لەبەر ئەوەی ئەو چەمکەی ڕسوای دەکەم وناسنامە کورت دەکاتەوە بۆ یەك پابەندبوون و دەمانخاتە بەردەم هەڵوێستێکی لایەنگیر و ئاییني و توندڕەووخۆسەپێنەر" هەندێجاریش خۆکوژانە , گەلێ جاریش دەیانگۆڕێت بەبکوژ یان پشتیوانی بکوژەکان روانینیان بۆ جیهان لێڵ و ناتەواوە ئەوانە سەر بەکۆمەڵەکەی ئێمەن. خودی ئەوانە کەسوکارمانن کە چارەنووسمان لەگەڵیاندا یەك چارەنووسە" بەڵام لەهەمان کاتدا ڕێگابەخۆمان دەدەین ستەمکاربین بەرامبەریان ئەگەر ساردوسڕیش هاتنە پێش چاومان ,خۆمان بێبەری دەکەین لێیان و دەیانتۆقێنین, سزایان دەدەین لەبەرئەوەی خیانەتکارو لەڕێ لادەرن. وەلێ سەبارەت بەوانی تر کە لەبەرەکەی تردان هەرگیز هەوڵی ئەوە نادەین خۆمان بخەینە شوێنی ئەوان " خۆمان ئەبوێرین لە پرسیارکردن سەبارەت بەوەی ئەگەر تەواو هەڵەبن لەم یان لەو مەسەلەیەدا. ڕێگابە خۆشمان نادەین دەروونمان بەسکاڵاو ئازارو ئەوزوڵمانە ئارام بێت کەئەوان قوربانی دەستی بوون. ئەوەی گرنگە بەتەنیا بیر و بۆچوونی گروپەکەمانە کە زۆربەی جار بیروبۆچوونی توندڕەوترین کەسی ناوگروپەکەو دیماگۆگیترین و پەسترینیانە.

بەپێچەوانەوە هەرکە وادەزانین ناسنامەکەمان لەئینتیمای جۆراوجۆرپێکهاتووە هەندێکیان پەیوەستن بەمێژوویەکی ئەتنیکییەوەو هەندێکیشیان نەخێر" هەندێکی تریشیان بەبۆماوەی ئاینییەوە بەستراونەتەوەو هەندێکیشیان نەخێر" هەرکە لەخودی خۆمان ولەبنەچەو لەرووگەکەماندا دووڕییان و هاریکاریی و تێکەڵاوکردن و کارتێکەری





هەمەجۆرو وردو دژبەیەك دەبینین یەکسەر پەیوەندییەکی جیاواز پەیدا دەبێ لەلامان لەگەڵ کەسانی تردا، هەروەها لەگەڵ خێڵەکەماندا. ئێستا زۆر ئاسایی (ئێمە)و(ئەوان) نەماوە واتە دووهێزی سەربازیی تووڕە کە خۆیان بۆ ناکۆکی و تۆڵە سەندنەوەیەکی نزیك ئامادەبکەن. وای لێهاتووە لەتەنیشتمانەوە کەسانی واهەبن لەشتیزۆر کەمدا هاوبەشیان بین, خەڵکی واشمان لەتەنیشتەوەیە دەتوانین واهەست بکەین زۆر لێمانەوە نزیکن.

بەڵام بەگەڕانەوە بۆ هەڵوێستی پێشوو دەکرێ ئەوە بخەینە پێش چاوی خۆمان کەچۆن خەڵك بۆ خراپترین جۆری توندڕەویی پەلکێش دەکرێت, ئەگەر واهەست بکات (ئەوانیتر) هەڕەشەن بۆ ئەتنیك یان ئاین یان وڵاتەکەی ئیدی هەموو ئەوەی لە پێناوی وەڵامدانەوەی ئەم هەڕەشەیەدا دەیکات وادێتەپێش چاو پرۆژەیەکی ڕەوایە تەنانەت ئەو کاتەش کە مەسەلەکە دەیگەیەنێتە ئاستی دانانی قەسابخانەیەك, باوەڕی تەواوی بەوە هەیە مەسەلەکە پەیوەستە بەهەنگاوێکی ناچارانە لەپێناوی پاراستنی ژیانی کەس وکارەکەیدا. لەبەر ئەوەی هەموو ئەوانەش کە لە دەوروبەری دەژین لەم هەستەیدا هاوبەشیی دەکەن زۆربەی قەسابەکان هەستدەکەن خاوەنی ویژدانێکی زیندوون " بەلاشیانەوە سەیر دەبێت ئەگەر بەتاوانبار دابنرێن.بۆیە سوێند دەخۆن تاوانبارنین و هیچیان نەکردووە پارێزگاریکردنی نەنك و خوشك وبراو منداڵەکانیان نەبێت.

هەستکردن بەجموجووڵ لەپێناوی هێشتنەوەی ژیانی کەسوکاریاندا بەهۆی پیرۆزی نزاکانیانەوە لە حاڵەتی بەرگریکردنێکی ڕەوادا ئەگەر هەنووکە نەبێت ئەوا بۆ مەودایەکی دوورودرێژ خەسڵەتێکی هاوبەشی هەموو ئەوانەیە کە لەم ساڵانەی دوایدا ولەگەلێ شوێنی زەویدا لەروانداوە تا دەگات بە یوگسلافیای پێشوو هەرە دزێوترین تاوانی نێو تاوانەکانیان بەرپاکردووە.

www.pertwk.com



مەسەلەكە پەیوەندیی بەهەندێ باری لاتەریكەوەنییە چونكە جیهان پڕە لە گروپی بریندار كە دووچاری چەوسانەوە دەبێت یان یادەوەریی ئازارەكانی پێشووی پاراستووە وخەون بەتۆڵەسەندنەوە دەبینێت. ناتوانین كارێك بكەین ئارەزووەكانییان كارمان تێنەكات ناشتوانین هاوسۆزنەبین لەگەڵ ئارەزوویان بۆ قسەكردن بەزمانی خۆیان بەئازادی یان پەیڕەوكردنی ئاینەكەیان بەبێ‌ترس یان پارێزگاریكردن لە داب‌ونەریتەكانیان. بەڵام هەندێكجار لە هاوسۆزییەوە بەرەو لایەنگیری دەخلیسكێین ئیدی لەزیادەڕەوی ئەوان خۆشدەبین‌و بەشداردەبین لەشانازیاندا بەوڵاتەكەیان‌و رەگەزەكەیانەوەو لەرق‌و كینەیاندا بۆ بێگانە چونكە بەدەست داگیركەرو رەگەزپەرستی ونێزەی بیگانەوە نالاندویانە. لەبەرهەمان هۆیش چارەنووسی قوربانیانی دەستی ئەو كەسانە بەهەند وەرناگرین بەلایەنی‌كەمەوە ئەگەر خوین بەلێشاو نەڕژابێت. چونكە ئێمە هەرگیز نازانین جەختكردنەوەی رێگە پێدراو لەسەر ناسنامە لەكوێدا رادەوەستێت و لەكوێدا دەست درێژیكردنە سەر مافی كەسانی تر دەست پێدەكات. ئەی لەمەوپێش نەمووت وشەی (ناسنامە) هاوڕێیەكی درۆینەیە چونكە بەئاشكرا كردنی روانینێكی ڕەوا دەستپێدەكات و لەناكاودا دەبێت بەئامڕازی جەنگ. هەڵخلیسكان لەلایەكەوە بۆ لایەكی تر بەبێ ئاگایی وەك ئەوەی شتێكی سروشتی بێت وایەوهەموومان هەندێ جار ملكەچی دەبین، ستەم رسوادەكەین و بەرگری لە مافەكانی گەلێك دەكەین كە دەناڵێنێ و خۆمان لەكۆتایدا دەبینینەوە بووین بەهاوبەش لەقەسابخانەكەدا.

هەموو ئەو قەسابخانانەی لەماوەی ئەم ساڵانەی دوایدا روویانداوە و زۆربەی ململانێ خوێناوییەكان بەچەندین فایل پەیوەستن بەناسنامە ئاڵۆزو زۆر كۆنەكانەوە. هەندێجار بەدرێژایی مێژوو قوربانییەكان هەر خۆیان‌و هەندێ جاریش مەسەلەكە ئاوەژوو دەبێەوەو قەسەبەكانی دوێنێ دەبەن قوربانی‌و قوربانییەكان دەبن بەقەساب، هەردەبێت





بووترێت ئەم وشانە مانایان نیە بەتەنیا بۆ كەسانێك نەبێت كە لەدەرەوەی مەسەلەكەدا چاودێرن بەڵام بەلای ئەوانەوە ڕاستەوخۆ دەستیان لەم ململانێیانەدا هەیە لەسەر ناسنامە وبەلای ئەوانەوە كە چەشتوویانە وترساون زۆر بەئاسانی (ئێمە) و(ئەوان ) هەیە.سوكایەتی‌پێكردن وگەڕاندنەوەی ئابڕوو هیچ نییە جگە لە(ئێمە) نەبێت و ئێمەش بەحوكم و بەپێناسە قوربانیی بێ گوناهین (ئەوان ) یش بەحوكم تاوانبارن ،زۆر لەمێژە تاوانباران، بەبێ گوێدانە ئەوەی كەئێستا لە رۆیشتوو حاڵێكدان. كاتێك كە روانینەكەمان (مەبەستم لەروانینی چاودێرە دەرەكییەكانە) خۆی لەم یارییە چەوتە هەڵدەقورتێنی رۆڵی‌و مەڕ بەم گروپ یان ئەو گروپ ڕەوادەبینێت رۆڵی گورگیش بەوی‌تر، بەبێ ئاگاداریی خۆمان پسوولەی بێتاوانی بەشێویەكی پێشوەخت دەبەشینە ئەو تاوانانە كە هەندێ كەس دەیانكەن. تەنانەت لەشەڕە نوێیەكاندا بینیومانە هەندێ گروپ خراپەكاریی لە دژی هاووڵاتییەكانی دەكات لەبەرئەوەی دەزانێ ڕای نێودەوڵەتیی بەشێوەیەكی هەڕەمەكیی نەیارەكانی خۆی تاوانبار دەكات.

وێرای ئەمجۆرە هاوكاری كردنە جۆرێكی‌تر هەیە لەخراپیدا لەم كەمتر نییە.ئەویش هاوكاری گومانكارە هەمیشەییەكانە كەراستەوخۆ لە كاتی هەر قەسابخانەیەكی نوێدا بەهۆی ناسنامەوە روویدابێت رایدەگەیەنێت ئەم مەسەلەیە هەرئەوەیە كە لەبەرەبەیانی مێژووەوە هەیەوخەیاڵ پلاویی‌و ساویلكەییە ئەگەر لەو باوەڕەدابین مەسەلەكان دەگۆڕێن. قەسابخانە ئەتنیكییەكان هەندێجار بەنیازەوە بێت یان بێ‌نیازانە وامامەڵەیان لەگەڵدا دەكرێت كەتاوانی هەڵچوونی بەكۆمەڵن‌و بیگومان جێی نیگەرانییە، بەڵام روون و ئاشكرایە وهەر چۆنێك بێت هەر دەبێت روودات لەبەر ئەوەی بووە بەسێبەری سروشتی مرۆڤایەتی.

تائێستا هەڵوێستی بێدەنگ بوون بەرامبەر بەكوشتن بووە بەمایەی زیانێكی زۆر "پێم وایە ئەو راستییەی ئەم هەڵوێستە ئیدیعای دەكات

www.pertwk.com



درۆینەیە ,چەمکی ناسنامەی خێڵەکیی تائەمڕۆش لەهەموو جیهاندا باوە نەك تەنیا لەلای توندڕەوەکان بەداخەوە ئەمەش ڕاستییەکی رووتە بەڵام گەلێ بیروڕا چەندین سەدە بەرلەئێستا باوبوون وئەمڕۆ باویاننەماوە , وەك باڵادەستیی سروشتیی پیاوان بەسەر ژناندا و ریزبەندیی نەژادەکان یان تەنانەت ئەو رەگەزپەرستییەی کاتی روودانەوەکەی هەرەنزیکترینیانە لێمانەوە. هەروەها چەندین جۆری تر لەپاکتاوکردن هەروەك چۆن پیادەکردنی ئازاردانی جەستەیی بۆماوەیەکی دوورودرێژ وادانراوە شتێکیئاسایی بێتو کۆیلایەتیش بۆ ماوەیەکی زۆر وادەرکەوتووە کە واقیعی ژیانە تا ئەو ئاستەی هەندێ لەعەقڵە گەورەکانی رابردووش خۆیان لەپێداچوونەوەی بواردووە.

پاشان بەهێمنی بیرە نوێیەکان سەرکەوتن و خۆیان سەپاند بیرۆکەی ئەوەی هەموو کەسێ مافی هەیە و پێویستە دەستنیشان بکرێت وڕێزیشی لێ بگیرێت" بیرۆکەی ئەوەی پێویستە ژنان هەمان مافی پیاوانیان هەبێت بیرۆکەی ئەوەی سروشتیش شایەنی پارێزگاریلێکردنەو هەبوونی بەرژەوەندیی هاوبەش لەنێوان مرۆڤەکاندا لەو بوارانەدا کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ فراوانتردەبن وەکو سروشت , ئاشتی , ئاڵوگۆڕی نێودەوڵەتی, بەرەنگاربوونەوەی کارەساتە گەورەکان , بیرۆکەی ئەوەی دەتوانرێ یان پێویستە خۆلەکاروباری ناوخۆی دەوڵەتان هەڵبقورتێنرێت, لەکاتێکدا ئەگەر ڕێزیان لەمافە بنەڕەتیەکانی مرۆڤ نەگرت.

هەموو ئەمانەمان بۆ ئەوەیە تابڵێین ئەو بیرانەی بەدرێژیی مێژوو باوبوون مەرج نییە هەر ئەو بیرانە پێویستبن بۆئەوەی لەسەدەکانی داهاتووشدا هەر باوبن. ئەوکاتەی ڕاستیی نوێ دەردەکەوێت پێویستیمان بەدووبارە هەڵسەنگاندنەوەی هەڵوێست و نەریتەکانمان دەبێت هەندێجار کەئەم ڕاستیانە زۆر بەخێرایی دەردەکەون جۆری بیرکردنەوەمان لەدوای دواوە دەمێنێتەوە وخۆمان لەبارێکدا دەبینینەوە





دەمانەوێت ئاگرەکان بەپێدا پرژاندنی ئەومااددانە بکوژێنینەوە کە زیاتر ئاگرەکە خۆش دەکەن.

لەسەردەمی بەجیهانیبووندا ولەگەڵ ئەم تێکەڵو پێکەڵکردنەخێرایەدا کە دەوری هەموومانیداوە و دەبێتە هۆی سەرگێژ خواردن چەمکێکی نوێ سەبارەت بەشێوەی ناسنامە لەناکاودا دەسەپێندرێت ناتوانین تەنیا بەهێندە قایل بین ئەوە بەسەر چەندملیارێك لە خەڵکی ونبوودا بسەپێنین تا لەنێوان جەختکردنەوەیەکیزیاد لەپێویستی ناسنامە ولەدەستدانی هەموو ناسنامەکەدا یەکێکیان هەڵبژێرن لەنێوان بوون بە ئسوڵی و هەڵوەشانەوەدا یەکێکیان هەڵبژێرن.ئەمە ئەوەیە کە بیری باو لەم بوارەدا مەبەستیەتی, ئەگەر هاوچەرخەکانی ئێمە بوێرانە نەچنە ژێر باری ئینتیما جۆراوجۆرەکانیانەوە وئەگەر بێتوانابوون بەرامبەر بە ڕاگرتنی هاوسەنگیی لەنێوان پێویستییان بۆ ناسنامەو کرانەوەیەکی راستو بێ پێچو پەنا بەرامبەر بەکەلتورە جیاجیاکان، ئەگەر هەستیانکرد زۆریان لێ دەکرێت لەنێوان خۆنەویستیی وسڕینەوەی کەسانی تردا یەکێکیان هەڵبژێرن ئەوا بەرەو دامەزراندنی چەندین دەستەو گروپ دەڕۆین لەشێتە خوێنڕێژەکان" چەندین دەستەو گروپی لەڕێ لادەر.

وەلێ دەمەوێت چەند ساتێکی کەم بگەڕێمەوە بۆ هەندێ لەو نموونانەی لەسەرەتای ئەم کتێبەدا باسم کردن: ئەگەر پیاوێك دایکی سڕبیی وباوکی کرواتیی بێت بگاتە ئەوەی پابەندبێت بەئینتیما دوولایەنەکەیەوە ئەوا هەرگیز بەشداریی لەهیچکام لەقەسابخانە ئەتنیکییەکان یان هیچکام لەپاکتاوکردنەکاندا ناکات. ئەگەر پیاوێك دایکی هۆتۆیی وباوکی توتسی بێت وهەستبکات توانای بەرگەگرتنی ئەم دووڕییانەی هەیە کە هێناویانەتە ئەم جیهانەوە هەرگیز خوێنڕێژ یان بەکۆمەڵکوژی لێدەرناچێت" هەروەها ئەو فەرەنسیyە -جەزائیرییەو ئەو تورکە-ئەڵمانە گەنجەش کە پێشتر باسمکردن لایەنگری توندڕەوەکان نابن ئەگەر توانیان لەگەڵ ناسنامە تێکەڵاوەکەیان بەئارامیی بژین.

www.pertwk.com



لێرەشدا بەهەڵەدادەچین ئەگەر ئەم نموونانە وانەبینین كە بەتەنیا هەندێ بارودۆخی سنوردارن. لەهەموو شوێنێكدا كە كۆمەڵ گەلێكی مرۆڤ تیایدا دەژین، هەندێكیان لەوانی تر جیاوازن لەرووی ئاین یان رەنگ یان زمان یان ئەتنیك یان نەتەوەوەو لەهەموو شوێنێكیش كە شپرزەیی زیاتر یان كەمتر لەدێریندا وزیاتر یان كەمتر لەتوندوتیژیدا لەنێوان پەنابەران‌و دانیشتوانە میللی‌یەكاندا بەرز دەبێتەوە هەروەها لەنێوان سپی پێست و رەش پێست "كاسۆلیكی وپرۆتستانت "یەهود وعەرەب "هیندۆس وسیخ "لیتوانیی و رووس , سرِبیی وئەلبانیی" یۆنانی وتورك و.... كیبیكی وئینگلیزی زمانان, فیلمەندی‌و والۆنییەكان, چینی‌ومالاوییەكان, بەڵێ لەهەموو شوێنێك‌و لەهەموو كۆمەڵگەیەكی دابەشكراودا ژمارەیەك لەپیاوان‌و ژنان هەن لەناخیاندا ئینتیمای دژبەیەكیان هەڵگرتووەو لەسەر سنوور دەژین لەنێوان دوو كۆمەڵی دژبەیەكدا" ئەو بوونەوەرانەی كەجۆرە كەلێنێكی لە ئەتنیك یان ئاین یان شتی‌تر كەوتووە نێوانیان. لێرەدا مامەڵە لەگەڵ هەندێك لەپەراوێزخراواندا ناكەین چونكە ژمارەیان چەند هەزارێك بەڵكو چەند ملیۆنێكەو ژمارەیان بەردەوام لەزیاد بووندایە, ئەوان (سنوورین)لە لەدایك بوونیانەوە یان بەرِێكەوتەكانی روگەكەیان یان بەباوەرِ بەخۆبوونێكی هۆشیارانەوە.ئەوان دەتوانن كاربكەنە سەر رِووداوەكان و واله تای تەرازووەكەبكەن بەلایەكدا یان بەلایەكی تردا بكەوێت ئەوانەش كە لەنێویاندا دەتوانن بەتەواوی خۆیان بەهەمە جۆرییەكەی خۆیانەوە پابەندبكەن دەشێن وەك داوی پەیوەندی وابن لەنێوان گروپ‌و كەلتورە جیاوازەكاندا ئەوان ئەو ماددەیەن پێكەوەلكان لەناو كۆمەڵگەكانیاندا پتەودەكەن. لەبەرامبەریشدا ئەوانەی ناتوانن خۆیان بەهەمەجۆرییە تایبەتییەكەیانەوە پابەندبكەن هەندێجار خۆیان لەنێوان درِندەترین ناسنامە بكوژەكاندا دەدۆزنەوە هێرش دەكەنەسەر ئەوانەی نوێنەری ئەو بەشەن كە دەیانەوێت خۆیانی لێ‌پاكبكەنەوە. ئەوە (رِق بوونەوەیە لەخود) بە درێژایی مێژوو گەلێ نموونەمان دەربارەی بینیووە .





"5"

بێگومان بیروبۆچوونەكانم بیروبۆچوونی پەنابەرێكی كەمینەیە بەڵام پێم وایە رەنگدانەوەی هەستیارییەكە هاوچەرخەكانمان بەشێوەیەكی بەرفراوان هاوبەشن تێیدا. ئایا لە تایبەتمەندییەكانی سەردەمەكەمان نییە هەموو پیاوێكی بەشێوەیەك لەشێوەكان كردووە بەكۆچبەرو كەمینە؟ هەموومان ناچارین لەجیهانێكدا بژین هەرگیز لە زەمینەكەی خۆمان نەچێت.هەموومان پێویستە زمانی ترو گفتوگۆی ترو هێمای تر فێرببین وهەموومان ئەو هەستەمان هەیە ناسنامەكەمان وەك لەمنداڵیمانەوە بیرمان لێكردۆتەوە " هەرِەشە لێكراوە.

گەلێ كەس شوێنی لەدایك بوونیان بەجێ هێشتووە وگەلێكی تریان بەبێ ئەوەی بەجێی بهێڵن , ئێستا نایناسن.بێگومان بەشێ لەهۆی ئەمە بۆتایبەتمەندیی هەمیشەیی دەروونی مرۆڤ دەگەرِێتەوە كە بەشێوەیەكی سروشتی ئارەزووی لەسۆزە" بەڵام ئەمەش دەگەرِێتەوە بۆئەو پێشكەوتنە خێرایەی وای لێكردووین لەماوەی سی ساڵدا ئەوەببرِین كە دەبووایە جاران بەچەندین نەوە ئەنجاممانبدایە.

هەروەها ئێستا بارودۆخی كۆچبەر بارودۆخی كۆمەڵە كەسانێك نیە كە لەو نێوەندەی لەئامێزی گرتبوون هەڵكەندرابن، بەڵكو بەهایەكی نموونەیی دەستەبەر كردووە چونكە یەكەم قووربانیی چەمكی ناسنامەی (خێڵەكیی)یە.ئەگەر یەك ئینتیمای گرنگ هەبێت وئەگەر هەر ناچار بیت یەكێكیان هەڵبژێرێت كۆچبەر خۆی بەدابەشبوویی وپارچە پارچەیی دەبینێت وخۆی دەبینێتەوە مەحكومە بەوەی‌خیانەت لەنیشتمانەكەی خۆی بكات یان لەونیشتمانەی میوانداریی ئەمیكردووە ئەمەش خیانەتێكە ئەوكۆچبەرە بەئازارو توورِەبوونەوە تێیدا دەژی.

www.pertwk.com



بەرلـەوەی مـرۆڤ ببێـت بەكۆچـبەر ئاوارەیـە, واتـە بەرلـەوەی بگاتـە ولاتێـك" دەبێـت ولاتێكـی تـری بەجێهێـشتبێت, هەسـتی مـرۆڤ هـەرگیز سادەنییە بەرامبەر بەوخاكەی بەجێی هێشتووە ئەگـەر مـرۆڤ كۆچ بكات لەبەرئەوەیە شتی واهەبوون ئـەم رەتیكردوونەتـەوە وەك سـەركوتكردن و تـرس و هــەژاری و نــەبونی ئاســۆیەك بــەلام وابــاوە لەگــەڵ ئـەم ولات جێهێشتنە هەستكردن بەتاوانباریی هـەبێت. خـەڵكی نزیكـی وامـان هـەن گلـەیی لـەخۆمان دەكـەین كـە بەجێیانـدەهێڵین" هــەروەها لەبـەر ئـەوەی ئەومالـّـەمان بەجێهێـشتووە كــە لەسـایەیدا گــەورە بــووین وزۆرتــرین یادەوەرییـە خۆشەكانیـشمان بەجێهێـشتووە. هەنـدێ پەیوەنـدیش هـەن هــەر دەمێننــەوە، پەیوەندییـەكانی زمـان یـان ئـاین هــەروەها مۆسـیقاو هاوڕێیانی ئاوارەیی و جەژنەكان وخواردەمەنیەكان.

لەگــەڵ ئەوەشـدا ئـەو هەسـتانەی بەرامبــەر بـە ولاتـە خانەخوێیەكـە هەســتی پێدەكــەین كــەمتر ئاڵۆزنییــە" ئێمــە هــاتووین بۆئــەو ولاتــە خانەخوێیـە چـونكە بەئومێـدی ئـەوە بـووین ژیـانێكی باشـتری تێـدا بدۆزینەوە بۆخۆمان و كەس وكارمان "وەلێ وێڕای ئەم ئومێدە ترسێكیش هەیە لە رووبەڕووبوونـەوە لەگـەڵ نادیاردا بەتایبـەتی كـە خۆمـان لـە تـای تەرازووی ئەو هێزانەدا دەبینینـەوە كـە لـە بەرژەوەندیمانـدانین. دەترسین رەتبكرێینـەوە یـان رسوابكرێین وچاودێریی هـەموو هەڵوێستێك دەكـەین مایەی ڕقلێبوونەوە یان گاڵتەپێكردن یان بەزەیی پێداهاتنەوە بێت.

یەكەم شت كەمرۆڤ خۆی پێوە سەرقاڵ بكات ئەوەیە جیاوازبوونی خۆی ئاشكرا نەكات بەڵكو دەیەوێت كەس ئاگاداری ئەو نـەبێت. خـەونی شاراوەی زۆربەی كۆچبەرەكان ئەوەیە بەكوڕی شارەكەیان دابنێن. یەكـەم شــتیش هــەوڵی بــۆدەدەن چــاولێكردنی خانەخوێكەیانــەو هەنــدێجار لەمەداســەركەوتوو دەبـن وگـەلێك جـاریش سـەركەوتوونابن لەبەرئـەوەی نەشــێوە زمــانێكی ڕاســت ورەوان و نەئاســتێكی گونجــاوی رەنــگ و نەبنەچەو نەبەڵگەنامە پێویستەكان شك نابەن بۆیە پلانەكەیان بـەخێرایی





شكست دەخـوات.گـەلێك كـەس دەزانـن مەسـەلەكە تەنانـەت شایـستەی هەوڵدانیش نییە لەوكاتەشدا بە شانازیی و ئازایەتییـەوە دەردەكـەون زۆر جیـاواز تـر لـەوبارەی خۆیـانی تێـدان" پێویـست بەبیرخـستنەوە ناكـات هەندێكیان لەومەسەلەیەدا زۆر پێ ڕادەكێشن, ئیدی تێكشكانیان دەبێتـە مایەی رەتكردنەوەیەكی توندوتیژ.

كە بەمشێوەیە جـەخت لەسـەر بارە رۆحییـەكانی كۆچبەر دەكەمـەوە لەبەرئەوەنیە ئەم ململانێیە بەتەنیا بەشێوەیەكی تایبەتیی ئاساییە بەلای منــەوە بــەڵكو لەبــەر ئەوەیــە لــەم بــوارەدا زیــاتر لــەبوارەكانی تــر ئــەو ناجێگیرییەی لەئەنجامی ناسنامەوە دروستدەبێت دەتوانێت ببێتە مایەی كوشندەترین لادان.

لـە گـەلێ لەدەوڵەتانـدا كـە كۆمەڵـە دانیـشتوانی سـەربەخۆی خـاوەن روونــاكبیریی نــاوخۆیی لەگــەڵ كۆمەڵــە دانیــشتوانێكیتردا كــەدواتر گەیـشتونەتە ئـەو ولاتـەو هێـشتا داب ونـەریتی جیاوازیـان هـەڵگرتووە، گرژیو ئاڵۆزی وا روودەدات كار دەكاتـە سـەر هەڵسوكەوتی هەریەكـەیان هـەروەها كـار دەكاتـە سـەر كەشـی كۆمەلاَیـەتی ودیـالۆگی سیاسـی و زۆر پێویـستە بەچـاوی حیكمــەت و ســەنگینییەوە بڕوانینــە ئــەم پرســیارە ویژدانیانە.

حیكمـەت رێگایـەكی بـەرەوژوورە, رێگایـەكی بەرتەسـك لـەنێوان دوو كەندەلاَندا لەنێوان دوو چەمكی سنووردارداردا چەمكی یەكـەمیان هێنـدەی پەیوەنـدی بەكۆچـەوە هـەبێت ئەوەیـە ولاتـە خانەخوێیەكە بەلاپەڕەیـەكی سپی دادەنێت و هەمووتاكێك دەتوانێت ئەوەی تێدا بنووسێت كە خۆی دەیەوێت. یان خاكێكی ماندووی بێخێرە هەمووتاكێك دەتوانێـت بەچـەك وكەل و پەلەكانیەوە تێیدا جێگیر ببێت بەبێ ئەوەی هیچ شتێ لەهـەڵس و كــەوت و داب ونــەریتی خــۆی بگۆڕێــت. چــەمكە ســنوردارەكەی تریــان ئەوەیانە كە ولاتە خانەخوێیەكە بەخاكێك دادەنێت یاساو بەهاوبیروباوەڕ و تایبەتمەندییــە روونــاكبیریی ومرۆڤایەتییــەكانی یــەك جـار و بۆهــەتا

www.pertwk.com



هەتايە دانراون وكۆچبەرەكانيشى هەر هيندەيان لەسەر ە رووبەرووى ببنەوە.

پێم وايە ئەم دووچەمكە چەند وەهەمىونەزۆكن هێندەش زيانبەخشن. ئايا ئەم دوو چەمكەم بەشێوەيەكى كاريكاتێريى نمايشكرد؟ بەداخەوە " پێم وانييە وابێت. لەلايەكى ترەوە گريمان وامكردووە خۆكێشانى وێنەيەكى كاريكاتێريى بێسودنييە چونكە ڕێگا بە هەموو تاكێك دەدات بێهودەبوونى شوێنى نيشتەجێ بوونەكەى بپێوێت ئەگەر پاڵپێوە نرابێت تا ئەنجامە كۆتاييەكەى. هەنديكيان بەردەوامدەبن لەسەر كەللەڕەقييەكەيان لەكاتێكدا ئەو پياوانەى خاوەنى هەستێكى ڕاستەقينەن هەنگاوێك ڕووە و خاكى لەيەكتر تێگەيشتنێكى بەڵگەنەويست واتە وڵاتە خانەخوێيەكە لاپەڕەيەكى سپى نييە و لاپەڕەيەكى تەواويش نييە لاپەڕەيەكە بۆ تێدا نووسين.

پێويستە ڕێز لەمێژووى وڵاتە خانەخوێيەكە بگيرێت كە دەشڵێم مێژوو بەسيفەتى شەيدا بوونمە بۆ مێژوو.ئەم چەمكە لەلاى من هاوتاى سۆزى بێ هودەيى يان ڕابردوويى نييە بەڵكو بە پێچەوانەوە هەموو ئەوانە دەگرێتەوە كە لەماوەى چەند سەدەيەكدا دروستكراوە , واتە يادەوەريى و سومبل ودام و دەزگاو زمان وكارەهونەرييەكان كە ئەمانە چەند شتێكن مافى خۆمانە پەيوەستيان بين لەهەمان كاتيشدا هەمووان ئەوە قبوولدەكەن ئايندەى هەر وڵاتێك ناكرێت تەنيا درێژبوونەوەى مێژووەكەى بێت بەڵكو جێگەى داخدەبێت بۆ گەلێك هەرگەلێك بێت كە ستايشى مێژووەكەى بكات زياتر لەئايندەى, ئەو ئايندەيەى بەرۆحێك لە بەردەوامبوون بنيات دەنرێت بەڵام لەگەڵ گۆڕانكارى قووڵ و هاريكاريى دەرەكى گرنگدا وەك ئەوەى لەچاخە كۆنە پيرۆزەكاندا ڕوويانداوە.

ئايا هەموو ئەوەى كردوومە ژماردنى ئەو ڕاستيە بەڵگەنەويستانەبووە كە لەسەريان كۆكين ؟ لەوانەيە وابێت بەڵام لەبەرئەوەى نيگەرانييەكان بەردەوامن وتوندن ئەمە ماناى ئەوەيە ئەم





حەقيقەتانە تەواو بەڵگەنەويست نين وتەواو بەقووڵيى دانيان پێدا نەنراوە " ئەوەى هەوڵدەدەم كورتى بكەمەوە لەنێو ئەو تەمومژەدا خۆگونجاندن نييە بەڵكو بيروباوەڕێكە بۆ ڕەفتار يان بەلايەنىكەمەوە بەربەستێكە بۆ هەنديكيان وهەنديكى تريشيان.

پێ لەسەر هەنديكێكيان و هەنديكىتريشيان دادەگرم چونكە لەنزيك بوونەوەمدا بەشێوەيەكى هەميشەيى پێويستييەك هەيە بۆگۆڕينەوە. ئەمەش لەيەك كاتدا لە پێناوى دادپەروەرى وجموجوڵدايە. بەم ڕۆحەشەوە ئارەزووم لەوەيە بەهەنديكيان بڵێم يەكەم: چەند ڕووناكبيريى وڵاتە خانەخوێيەكە لە ئێوەدا ڕەنگبداتەوە هێندە دەتوانن ئاوێتەى ڕووناكبيرييەكەى خۆتانى بكەن , ئينجا بەهەنديكى تريان دەڵێم:چەندە كۆچبەر هەست بەوە بكات ڕووناكبيرييە ڕەسەنەكەى خاوەنى ڕێزە هێندە زياتر بەرووى ڕووناكبيريى وڵاتەخانەخوێيەكەدا دەكرێتەوە.

ئەمانە دوو هاوكێشەن بەيەك هەناسە دايانەڕێژم لەبەرئەوەى وەك قاچەكانى كورسييەك بەيەكەوە ڕێك وڕاست ڕادەوەستن بەگوزارشتێكى تر وەك برگە يەك لەدوايەكەكانى ڕێككەوتننامەيەكن ,ئەمە ئەوەيە كە ئێمە باسى لێوە دەكەين. پەيماننامەيەكى ئەخلاقى كە پێكهاتەكانى ئاشكرايى زياتر دەستەبەر دەكەن لە هەموو بارودۆخێكى گونجاودا. ئەو شتە چىيە لەڕووناكبيريى وڵاتە خانەخوێيەكەدا بەبەشێك لەلايەنى كەمى ئەو كاڵايە دادەنرێت پێويستە لەسەرهەموو كەسێك پەيوەست بێت پێيەوە. ئەو شتەچىيە كە دەكرێ ڕەتكراوەبێت بەشێوەيەكى ڕێگەپێدراو؟ هەمان پرسيار دەشێت بكرێت دەربارەى ئەوەى پەيوەنديى بەڕووناكبيريى كۆچبەرە ڕەسەنەكانەوە هەيە ,كام لەپێكهاتەكانى ئەم ڕووناكبيرييە شايەنى ئەوەيە بگوازرێتەوە بۆ ئەو وڵاتەى كۆچييان كردووە بۆى وەك دياريیەكى بەنرخى ئاهەنگى هاوسەريى؟ هەروەها چ نەريت وهەڵسوكەوتێك پێويستە لەپشتى دەرگاكەدا هەڵبپەسێردرێت.

www.pertwk.com



هەردەبێت ئەم پرسیارانە بكرێن وهەمووتاكێك هەوڵبدات یەكە یەكە بیریان لێبكاتەوە تەنانەت ئەگەر ئەو وەڵامانەشی كەدەستمان دەكەون تەواو قایلیشمان نەكەن. منێك كە لەفەرەنسا دەژیم پركێشی ناكەم لەژماردنی ئەوەداكە پێویستە خوازیارانی نیشتەجێ بوون لەو وڵاتەدا پابەندبن بەكلتوورەكەیەوە دەتوانرێت هەموو ئەو پێكهاتانە رەتبكرێنەوە كە دەتوانم باسیانبكەم بەبێ جیاوازی وبەشێوەیەكی رێگەپێدراو. ئەگەر بیرباوەڕێكی كۆماریی یان دیمەنێك بێت لەدیمەنەكانی ژیان یان كەسایەتییەكی كاریگەر بێت یان شوێنێكی رەمزیی بێت بەڵام دەكەوینە هەڵەوە ئەگەر واتێبگەین دەتوانین بە یەك جار هەموو شتێ رەتبكەینەوە كاتێ ڕاستیەك هەبێت ئاڵۆزو سەیربێت ئەمە بەمانای نەبوونی ڕاستی نایەت.

وشەی باڵا دەست لێرەشدا گۆڕینەوەیە: ئەگەر ئینتیمام هەبێت بۆ ئەو وڵاتەم كە داڵدەیداوم وبەوڵاتی خۆمی دابنێم و واشیدابنێم بەشێ لەمن پێكدەهێنێت ومنیش بەشێكم لەئەوبەپێی ئەوەش رەفتاربكەم ئەوكاتە مافی خۆم دەبێت رەخنە لەهەر دیمەنێك لەدیمەنەكانی بگرم بەهەمان شێوە ئەگەر ئەو وڵاتە رێزم لێبنێت و دانبە بەشداریكردنمدا بنێت و وێرای تایبەتمەندییەكانیشم بەبەشێك لەخۆیم دابنێت ئەوكاتە مافی خۆی دەبێت هەندێ لەدیمەنەكانی رووناكبیرییەكەم رەتبكاتەوە كە لەگەڵ رێگەی ژیانیدا یان لەگەڵ رۆحی دام ودەزگاكانیدا ناگونجێت.

مافی رەخنەگرتن لەكەسانی‌تر مافێكە وەردەگیرێت و شایستەیە. ئەگەر دوژمنایەتی وكینەمان بۆیەكێ دەرخست ئەوا بچوكترین تێبینی كە دەریببڕین ئیتر لەجێی خۆیدا بێت یا نا وەك هێرشێك دەردەكەوێت وای لێدەكات وشك و داخراو بێت بەسەرخۆیدا ئەمەش پڕۆسەی گۆڕان گراندەكات و بەپێچەوانەشەوە.ئەگەر برادەریی‌و خۆشەویستی وڕێزمان بۆ یەكێك دەرخست بەتەنیا هەر بەرووكەش نا بەڵكو بەهەڵوێستێكی ڕاستگۆیانە كە بەوجۆرە هەستی لە لادروست بكات ئەو كاتە دەكرێ





رێگە بەخۆمان بدەین رەخنە لەوەبگرین پێمان وایە شایستەی رەخنە لێگرتنە لەگەڵ ئەگەری ئەوەدا كە گوێمان لێبگیرێت.

كاتێ ئەمە دەڵێم ئایا لە زەینمدا ئەو شەڕە دەنووكانە هەن كە لەهەندێ دەوڵەتان سەبارەت بە (جل‌وبەرگی موسڵمانان) روودەدەن؟ ئەمە كرۆكی باسەكەم نییە.من بەلایەنی كەمەوە لەوباوەڕەدام ئەمجۆرە گرفتانە چارەسەركردنیان زۆر ئاسانتردەبن ئەگەر پەیوەندییەكان لەگەڵ كۆچبەرەكاندا بەشێوەیەكی‌جیاواز وەربگیرێت. كاتێ‌هەستدەكەین زمانەكەمان بێزراوە و ئاینەكەمان سوكایەتی پێكراوە و رووناكبیرییەكەمان لەبەهاكەی كەمكراوەتەوە بەشانازییەوە خۆمان بۆ خستنەرووی نیشانەكانی جیاوازییەكانمان تەرخاندەكەین بەپێچەوانەشەوە كە هەست بەڕێز دەكەین و هەستدەكەین جێگەی خۆمان لەو وڵاتەدا هەیە كە هەڵمانبژاردووە تا تیایدا بژین پەرچەكردارەكەمان جیاواز دەبێت.

بۆ ئەوەی بەدڵنیاییەوە ڕووبكەینە كەسێكی تر پێویستە هەردوو باڵەكان كراوەبن و سەریشمان بەرزبێت. ناشتوانین باڵەكانمان بكەینەوە ئەگەر سەرمان بەرز نەبێت ئەگەر لەهەر هەنگاوێكدا هەستبكەین خیانەت لەكەس وكارمان دەكەین‌و پشت لەخۆماندەكەین هەنگاونانمان بەرەوئەوی ترهیچ دەردەچێت. ئەگەر ئەوەی زمانەكەی دەخوێنم رێز لەزمانەكەم نەگرێت واز لە قسەكردن دەهێنێت بەزمانەكەی خۆی ئیتر قسەكردن بەزمانەكەی ئەو لەوە دەردەچێت كە كرانەوەیەك بێت بەلای ئەودا، بەڵكو دەبێت بەپاشكۆیەتی‌و ملكەچیی بەڵام بەگەڕانەوە بۆساتێ بۆلای جلوبەرگ (حیجاب )"بۆساتێ گومان لەوەناكەم مەسەلەكە پەیوەستە بە هەڵس وكەوتێكی كۆن ودواكەوتووانەوە. دەتوانم بە دوورو درێژیی بڵێم بۆچی مەسەلەكان بەمشێوەیە دەبینم , لەبەرتیشكی بڕواكانم وبەبیرهێنانەوەی چەندین قۆناغی مێژووی جیهانی عەرەبیی ئیسلامی وشەڕی دوورو درێژی ژنان لەپێناوی سەربەخۆییدا ئەوە

www.pertwk.com



بێهودە دەبێت چونكە مەسەلە راستەقینەكە ئەمە نییە كەبزانین ئایا بەردەوام لەململانێیەكداین لەنێوان ئسولّی و نوێگەریدا بەڵام ئەگەر بزانین بۆچی هەندێجار نوێگەریی ڕەتدەكرێتەوە لەمێژووی گەلاندا و بۆچی هەمیشە وا سەیرناكرێت وەك پێشكەوتن یان بەرەوپێش چوونێكی ڕەزا شیرین. ئەمە پرسیارێكی جەوهەرییە لەچوارچێوەی بیركردنەوەدا لەناسنامە لە ئەمڕۆدا زیاتر لە هەركاتێكی ترو نموونەی جیهانی عەرەبیی لەم ڕووەوە لەدیارترین نموونەكانە.





## ( كاتیٚ نوێگەری لەئەوی ترەوەدێت
## "1"

هەموو ئەوانەی جیهانی عەرەبی رایان دەكێشێت یان فریویان دەدا یان نیگەرانیان دەكات یان دەیانتۆقێنێت یان سەرقاڵیان دەكات هەرهێندەیان بۆ دەكرێت ناو بەناو ژمارەیەك پرسیار لەخۆیان بكەن. ئەم هەموو جلوبەرگو مێزەرو چارشێوو ریشە بەدبەختو ئەو بانگەوازانە بۆ كوشتار بۆچی؟ ئەو هەموو دیمەنانەی سەلەفی بوونو توندوتیژییە بۆچی؟ ئایا هەموو ئەم شتانە وەك سێبەری كۆمەڵگاو كەلتورو ئاینەكەیانە؟ ئایا ئیسلام لەگەڵ سەربەستی ودیموكراسیو مافەكانی پیاوان وژنان ولەگەڵنوێگەریدا ناگونجێت؟ شتێكی سروشتییە پرسیاری لەم جۆرە بكریٚو ئەم پرسیارانە شایانی ئەوەن كەبەرستەیەكی باشتر لەوەڵامە حازر بە دەستەكان وەڵام بدرێنەوە كەزۆربەی جار پێشكەشی دەكەین, پێویستە بڵێم لەهەردوو لاوە, ئەمەش وەك تێبینی دەكەن پەیڤێكی ئازیزە لەلام، بەڵیٚ. لەهەردوولاوە ناتوانم گویٚ لەوانەبگرم كە ئەمڕۆش وەك دوێنیٚ هەمان حوكمە پێشوەختەدوژمنكارانەكانیان بەرامبەر بەئیسلام دووپات دەكەنەوە ولەو باوەڕەدان هەر كە رووداوێكی دزێو ڕوودەدات ئەوان ئامادەن بۆ بەدەستخستنی چەند ئەنجامێكی یەكلاكەرەوە سەبارەت بەسروشتی هەندیٚ لەگەلانو ئاینەكان, لەهەمان كاتیشدا هەستناكەم ئارامم لەبەردەم ئەو پینەو پەڕۆو پاساوە ماندووكەرانەی ئەوانەی بەبیٚ دوودڵی دووپاتی دەكەنەوە هەموو ئەوەی ڕوودەدات دەبێتەمایەی بەدحاڵی بوونێك كەجیٚی داخەو ئاینیش هەر لێبوردنەو ئەوكەسانەشنیازیان پاكەو ریزیان ناكەم لەگەڵ ئەوانەدا كەلەسەر هەمان ئاست لەكینەدا دەكوڵین“ بەڵام گوتارەكەیانم بەدڵ نییە.

www.pertwk.com



کاتیٚ کارێکی خراپ بەناوی عەقیدەیەکەوە دەکرێت هەر عەقیدەیەك بێت ئەوعەقیدەیە گوناهبار نابێت تەنانەت ئەگەر نەشکرێت وادابنرێت تەواو نامۆیە بەم کردارە. بەچ هەقیٚ دەتوانم پیٚ لەسەر ئەوەدابگرم بۆ نموونە کە(تالّیبان)ی ئەفغانستان پەیوەندییان بەئیسلامەوە نییەو پۆل پۆت پەیوەندی بەمارکسی بوون و ڕژێمی بینۆشیٚ پەیوەندی بەمەسیحی بوونەوە نییە؟ من ناچارم وەك چاودێر تێبینی ئەوە بکەم مەسەلەکە لەهەموو ئەم حالّەتانەدا پەیوەستە بەئەگەری بەکارهێنانی ئەو عەقیدەیەوە کەجێگای مەبەستە. ئەمەش بێگومان تاکە بەکارهێنان نییە بەرفراوانترینیشیان نیە لەبلاّوبوونەوەدا وەلیٚ ناتوانرێت بەگالّتەپێکردنەوە مامەلّەی لەگەلّدا بکرێت. کاتیٚ لەڕیٚ لادان ڕوودەدات ئاسان دەبێت سوێند بخۆین کەهەر دەبوایە ڕووبدات هەر وەك چۆن تەواو بێهودە دەبێن.هەولّبدەین ئەوە بسەلمێنن کە پێویست بوو هەرگیز ڕوونەداتو ئەوە تەنیا ڕووداوێك بووە وئەگەر ڕووشیدا مانای ئەوەیە ئەگەری ڕوودانی هەبووە.

ئەوەی خۆی لەپالّ ڕێکخراوێکی خاوەن عەقیدەدا مەلاّسبدات تەواو مافی خۆی دەبێت بلّێت دانبەم لێکدانەوەیەدا دەنێم بۆ عەقیدە نەك بۆ هیچیتر چونکە موسلّمانێکی باوەڕدار دەتوانێت بڕیارە ئەوە بدات کەهەلّسوکەوتی تالّیبان دژی بیروباوەڕەکەیەتی یا نا.

وەلیٚ (من کەموسلّمان نیم )وێرای ئەوەش بەنیازەوە دەکەومە دەرەوەی هەموو ڕێکخراوێکی خاوەن عەقیدە, هەست ناکەم هەرگیز ئامادەنیم جیاوازی لەنێوان ئەوەدا بکەم کە دەگونجێت لەگەلّ ئیسلامداو ئەوەی ناگونجێت لەگەلّیدا. بێگومان هیواو خواستو بیروچوونی خۆمم هەیە تەنانەت بەردەوام ئارەزووم لەوەیە بلّێم ئەم یان ئەو هەلّسوکەوتە زیادەڕەوییە وەك دانانی بۆمب یان قەدەغەکردنی مۆسیقایان ڕێگەدان بەخەتەنەکردنی کچان ئەمانە لەگەلّ ڕوانینمدا بۆ ئیسلام ناگونجێن بەلاّم ڕوانینم بۆ ئیسلام هیچ بایەخێکی نییە تەنانەت





ئەگەر دکتۆریشبم لەشەریعەتداو لەهەموان خواپەرستترو زاناتریش بم بۆچوونەکەم سنورێك بۆ هیچ دایالۆگێك دانانێت. بێهودەییە قوولّبوونەوە بەناو کتێبە پیرۆزەکان و پێداچوونەوەی لێکدانەوەو کۆکردنەوەی بۆ چوونەکان. چونکە هەمیشە لێکدانەوەی جیاوازو بۆچوونی دژبەیەك هەن بەپشت بەستن بەهەمان ئەو کتێبانە دەتوانین کۆیلەیی یان حەرامکردنی کۆیلەیی قبوولّ بکەین. بەرز ڕاگرتنی پەیکەرەپیرۆزەکان یان فڕێدانیان بۆ ناو ئاگر" قەدەغەکردنی مەی یان ڕێگەپێدانی, بانگەواز کردن بۆ دیموکراسی یان تیۆکراسی قبوولّ بکەین. هەموو کۆمەلّگەکانی مرۆڤایەتی لەماوەی چەند سەدەیەکدا زانیویانە چۆن هێما پیرۆزەکان بدۆزنەوە, کەوا پیٚدەچوو ڕێگا پێدەر بێت بۆ کردارە هەنووکەییەکانیان کە ئەم مەسەلەیەش لەوانەیە دووهەزار یان سیٚ هەزار سالّی خایاندووە تاکۆمەلّگە مەسیحی یان ئەوکۆمەلّگە یەهودییانەی پشت بەکتێبی پیرۆز دەبەستن دەستبکەن بەبیرکردنەوە دەربارەی پەیڤی (مەکوژە) هەروەها دەشتوانرێت ئەمە بەسەر سزای لەسێدارەدانیشدا بچەسپێت" پاش سەد سالّ پیمان دەلّێن مەسەلەکە بەلّگەنەویستە، دەقەکە ناگۆڕێت بەلّکو ڕوانینمان دەگۆڕێت بەلاّم دەق کار ناکەتە سەر ڕاستیەکانی جیهان بەتەنیا لەڕێگەی ڕوانینمانەوە نەبێت ئەویش لەهەموو سەردەمێکدا لەلای هەندیٚ ڕستە دەوەستێتو بەسەر هەندێکی تریاندا تیٚدەپەڕێت بەبیٚ ئەوەی بیانبینێت.

هەر بۆیە پێم وایە پرسیارکردن دەربارەی ڕاستیی ئەوەی لەمەسیحی بوون یان ئیسلام بوون یان مارکسی بوون دەیلّێت بیٚسودە ئەگەر لەهەولّی وەلاّمدانەوە داببن نەك بەتەنیا دووپاتکردنەوەی حوکمە پێشینە سلبی یان ئیجابییەکان کە لەبنەڕەتدا لەناخماندا هەلّمانگرتوون, پێویست ناکات خۆبەکرۆکی عەقیدەوە بنوسێنین بەلّکو بەهەلّسوکەوتی ئەوانەوەی بەدرێژایی مێژوو پشتیان بەوعەقیدەیە بەستووە.

www.pertwk.com



ئایا مەسیحی بوون بەپێی کرۆکەکەی لێبوردەیەو ڕێز لە ئازادییەکان دەگرێت و خۆڕسکانە دیموکراتیە؟ ئەگەر پرسیارەکەمان بەمشێوەیە دابڕێژین ناچار دەبین بە(نەخێر) وەڵامبدەینەوە, هێندە بەسە بگەڕێینەوە بۆ هەندێ لەکتێبەکانی مێژوو تابۆمان دەربکەوێت چەند لەسزاو چەوسانەوەو کوشتن بەدرێژایی بیست سەدەی ڕابردوو بەناوی ئاینەوە پیادەکراون و بەرزترین دەسەڵاتەکەهەنووتیەکان هەروەها زۆربەی زۆری موسڵمانانیش سودیان لەبازرگانیکردن بەکۆیلەوملکەچیی ژنان و ڕژێمە دیکتاتۆرییە ستەمکارەکان وەرگرتووە" هەروەها سودیان لەدادگاکانی پشکنین وەرگرتووە. ئایا ئەمە بەمانای ئەوەدێت مەسیحی بوون لەکرۆکیدا ستەمکارو نەژادپەرست و کۆنەپەرست و لێنەبوردەیە؟ هەرگیزوانیە. هێندە بەسە سەیری دەوروبەرمان بکەین تا بۆمان دەربکەوێت ئەمرۆ پەیوەندییەکی باش لەئارادایە لەگەڵ ئازادیی دەربڕین و مافی مرۆڤو دیموکراسی. ئایا پێویستە بگەینە ئەوەی کرۆکی مەسیحی بوون گۆڕاوەیان ڕۆحی دیموکراسی کەهەڵسوڕێنەریەتی لەماوەی(19) نۆزدە سەدەدا بەشاراوەیی ماوەتەوە تاهەر لەناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا ئاشکرابووە.

بۆ ئەوەی تێبگەین هەر دەبێت بەشێوەیەکی جیاواز پرسیارەکانمان بکەین:- ئایا دیموکراسی لەمێژووی جیهانی ئیسلامیدا داوایەکی هەمیشەیی بووە؟ وەڵامەکە ئاشکرایە کە(نەخێر)ە، بەڵام ئایا دیموکراسی توانیویەتی لەکۆمەڵگەیەکدا دابمەزرێت پاشکۆی پاشماوەیەکی مەسیحیی بێت؟ وەڵامەکە لێرەدا بەهەموو ئاشکراییەکەوە(بەڵێ)یە. چۆن و لەکوێوکەی ئەم پێشکەوتنە ڕوویدا؟ ناتوانرێت وەڵامی ئەم پرسیارە بدرێتەوە کە نیازمان وایە بیکەین بەڵام بەداڕشتنێکی هاوشێوەو تایبەت بەئیسلام. بەکورتی بەهەمان شێوە سەبارەت بەپرسیارەکانی پێشوتر بەڵام لەنێو ئەو پرسیارانەدا کەدەکرین هەوڵی وەڵامدانەوەیان بەشێوەیەکی لۆژیکیانە بدەین. لێرەدا هێندەم بەسەبڵێم دامەزراندنی کۆمەڵێك ڕێز لە ئازادییەکان بگرێت هەنگاو بەهەنگاو بووەو





ناتەواو و زۆر درەنگ وەخت ڕوویداوە سەبارەت بەسەراپای مێژوو.ئەگەر کەنیسەکان بەشدارییان لەم پێشکەوتنەدا کرد بێت ئەوا بەشێوەیەکی گشتی بەجۆرێك لەخۆپارێزییەوە دوای بزووتنەوەکە کەوتوون زیاتر لەوەی هاندەرێك بووبن بۆ ئەو پێشکەوتنە زۆربەی کات. راشکاویی لەنووسیندا لەو کەسانە وەشاوەتەوە کەدەکەونە دەرەوەی چوارچێوەی فیکری ئاینی.

لەوانەیە وشەکانی کۆتاییم ئەوانەی خۆشحاڵکرد بێت کەلەدڵیاندا ئاینیان هەڵنەگرتووە لەگەڵ ئەوەشدا خۆم بەناچار دەزانم بیریانبهێنمەوە خراپترین کارەساتەکانی سەدەی بیستەم لەرووی ستەمکاریی و چەوسانەوەو لەناوبردنی هەموو ئازادیی و ڕێزگرتنێکی مرۆڤانەوە بەهۆی دەمارگیریی ئایینییەوە نەبوە، بەڵکو بەهۆی جۆرێکیترەوە لەدەمارگیریی کەخۆیان بەنەیاری ئاین دادەنێن وەك ستالینی یان ئاین پشتگوێ دەخەن وەك نازیی و هەندێ لەعەقیدە نەتەوەییەکانیتر. راستە دەمارگیریی ئاینیی لەحەفتاکانەوە وا دەردەکەوێت بەپەلەیە بۆ تەواوکردنی ڕەسیدی خۆی لەمەینەتیەکان بەڵام تائێستاش دوورە لەوەوە.

سەدەی بیستەم فێریکردین بیروباوەڕی ڕزگاریخوازی لەخۆیدا بوونی نیە بۆیە هەموویان دەکرێ لەڕێ لابدەن و هەموویان دەکرێ ناوازەبن و هەموویان دەستەکانیان سوورە بەخوێن" هەموویان شیوعی و لیبرالیو نەتەوەیی و هەموو ئاینە گەورەکان و تەنانەت علمانیش. هیچ کەسێ دەمارگیریی پاوان ناکات و بەپێچەوانەشەوە هیچ کەسێ ئەوەی مرۆڤانەیە پاوانی ناکات.

ئەگەر ئارەزوومان لەوەبوو سەرنجێکی نوێ و بەسوودمان هەبێت بۆ ئەو پرسیارە زۆر وردانە پێویستە لەهەموو قۆناغێ لەقۆناغەکانی بەدواداچووندا خولیای دادپەروەریمان هەبێت نەك دوژمنکارانە یان لا لێکردنەوە یان بەزەیی پێدا هاتنەوەیەك کەتەحەممول ناکرێت و واپێدەچێت لەرۆژئاواو شوێنانیتر بوو بێت بەسروشتی دووەم.

www.pertwk.com



## "2"

چەندین سەدە لەمەوپێش لەدەورەبەری دەریای ناوەڕاست دووجیهانی شارستانی بەرانبەریەك وەستاون. یەكێكیان لەباكوورە و ئەوەی تریان لەباشوورو رۆژهەلات. زۆر پەلوپۆ ناهاوێژم دەربارەی لەدایك بوونی ئەم سەدەیە بەلام مادام باس لەمێژوو دەكەین وەبیرهێنانەوەی خراپ نییە. هەموو شتێ سەرەتاو ڕێچكەی خۆی هەیە لەدوا قۆناغیشدا كۆتایی هەیە, لەسەردەمی رۆمانیدا هەموو ئەو شوێنانەی دواتربوون بەمەسیحی یان موسڵمان یان یەهودی پێشتر سەر بەهەمان ئیمپراتۆریەت بوون. سوریا كەمتر رۆمانیی نەبووە لە(غایا)ییەكان, باكوری ئەفریقایش بێگومان لەلایەنی روناكبیرییەوە گریكیی رۆمانییە زیاتر لەوەی ئەوروپای باكور.

مەسەلەكان لەبنەرەتەوە گۆران لەگەڵ دەركەوتنی ئەو دوو ئایینەی بلاوبوونەوە كە دوابە دوایەك هاتوون. ئاینی مەسیحی لەسەدەی چوارەمدا بوو بەئاینی رەسمیی ئیمپراتۆریەتی رۆمانیی پاش ئەوەی مەسیحییەكان عەقیدە نوییەكە یان بەشێوەیەكی سەرسوڕهێنەرانە بلاوكردەوە بەهۆی موژدەدان (تبشیر)و نوێژو نموونەی قدیسە شەهیدەكان چەكی دەسەلاتیان بەكارهێنا بۆ توندوتۆڵكردنی حوكمەكەیان و جێكردنەوەی خۆیان بەشێوەیەكی گشتی, ئاینی رۆمانیی كۆنیان خستە دەرەوەی یاساو لایەنگرەكانی تریان راونا, جیهانی مەسیحیی ئەوەندەی نەبرد گەیشتە سنووری ئیمپراتۆریەت بەلام كەمتر خۆراگربوو چونكە رۆما كەوتە ژێر نێزەی بەربەرییەكان وەك كتێبی پیرۆز لەسەرەتای سەدەی پێنجەمدا وتوویەتی.

بێزەنتە بۆ ماوەی هەزار ساڵ وەك پایتەختی رۆژهەلات مایەوە بەلام هەوڵەكەی بۆ دووبارە دروستكردنەوەی ئیمپراتۆریەت شكستی خوارد.





جۆستنیان ماوەیەك سەركەوتوو بوو لە گەڕاندنەوەی بەشێكی گەورە لەزەوییە بەجێهێڵراوەكانی لەئیتاڵیاو ئیسپانیاو باكوری ئەفریقا, بەلام هەوڵەكەی بەفیڕۆچوو, دەركەوت دەستپێشخەرییەكەی نائومێدانەیە, لەبەرئەوەی سەركردەكانی بێتوانابوون لەبەرگریكردن لەو زەوییانەی گەڕێنردراونەتەوە. كاتێك كەلەساڵی 565 ی میلادیدا كۆچی دوایی كرد" پەڕەیەك هەڵدرایەوەو وەهەمێك مرد,چونكە ئیمپراتۆریەتی گەورەی رۆمانیا سەر لەنوێ ناژیەتەوە دەورەبەری دەریای ناوەڕاست لەژێر یەك دەسەلاتدا هەرگیز یەكناگرێت و دانیشتووانی بەرشەلۆنەو لیۆن و رۆماو تەرابلس و ئەسكەندەرییەو قودس وقوستەنتینییە داخوازییەكانیان هەرگیز ئاراستەی یەك حاكم ناكەن.

پێغەمبەری ئیسلام (د. خ) لەساڵی 570 واتە پاش پێنج ساڵ لەمە لەدایك بوو لەدەرەوەی سنووری ئیمپراتۆریەتەكە بەلام زۆر لێوەی دوورنەبوو بەردەوام هاتوو چۆی كاروانەكان لەنێوان شوێنی لەدایك بوونەكەی واتە مەككەو لەنێوان شارە دیارەكانی جیهانی رۆمانیی وەك دیمەشق یان تەدموردا هەبوون. وێرای ئەوەش خودی مەسەلەكەش بەسەر ئیمپراتۆریەتی ئیرانیی ساسانیدا دەچەسپێ كەركەبەری رۆمان بوو، ئەویش پشێویی دەرەكیی هەڕەشەی لێدەكرد.

بەنیازنیم ئەو دیاردە سۆفیگەریی و ئاینییە شیبكەمەوە كەپەیامی ئیسلام پێكدەهێنێت, (كەدەركەوتنەكەی ملكەچی یاسایەكی ئالۆزو وردە بەلام بەدڵنیاییەوە ئەم كەلێنە) لەدیدی سیاسییەوە لەدروستبووندا بوو بۆ هاتنەكایەی واقیعێكی نوێ. شەش سەدە لەمەوێش بۆیەكەمجار بەپێوەری یادەوەریی مرۆڤ واتە لەسپێدەی زەمەنەكانەوە سێبەری رۆمای مەزن بالا دەست نەما ئەمەش وای لەگەلێ لەمیللەتان كردووە ئازادبن و هەتیوو بكەون. ئەم كەلێنە یان لەوانەیە واپێویست بێت بووترێت ئەم دەروازەیە ڕێگای بەخێڵە ئەڵمانیەكاندا بەئەوروپادا بلاوببنەوە بۆ ئەوەی زەوییەك بۆ خۆیان دەستەبەربكەن كە دواتر پێی دەوترا ساكس یان

www.pertwk.com



مەملەکەتی فەرەنسییەکان. هەر ئەمەش ڕێگای بەخێڵە کانی نیمچە دوورگەی عەرەبیدا دەرچوونێکی دیار ئەنجامبدەن لەدەرەوەی بیابانە بنەرەتیەکەی خۆیان. ئەو بیابان نشینانەی تائەو کاتەش لەپەراوێزی مێژوودا دەژیان بەچەند دە ساڵێك گەیشتنە ئەوەی دەسەڵاتی خۆیان بەسەر زەوییەکی بەرفراواندا بسەپێنن کە لەئیسپانیاوە درێژەی هەبوو تا هندستان. هەموو ئەمانەشیان بەشێوەیەکی لەئەندازەبەدەر ڕێك وپێك کەڕێزی ئەوانی تری تارادەیەك تێدابوو بەبێ شەپۆلەکانی توندوتیژیی بێ بەرامبەر ئەنجامدەدا.

باس لەوە ناکەم پێشکەشکردنی ئەم کرانەوەیە ڕێوڕۆیشتنێکی ئاشتییانەیە یان وەسفکردنی جیهانی ئیسلامییە وەك ئەوەی بەهەشتێك بێت لەمیهر, بەڵام هەڵسەنگاندنی هەڵسوکەوتەکان بەپێی بەراوردکردنیان ئەنجام دەدرێت. گومانی تێدانیە ئیسلام بەشێوەیەکی تەقلیدیی کەڵکی لەبوونی لایەنگرانی ئاینەکانیتر وەرگرتووە کەبانگەشەیان بۆ یەکتا پەرستی دەکرد لەسەر ئەو زەوییانەی دەستیان بەسەریاندا گرتووە. لەوانەیە نەیارەکانم بڵێن ئەم خۆهەڵکێشانە چی‌یە بەلێبوردەیی رابردووە مادام ئێستا ئەوەیە کەدەیبینین بەشێوەیەك لەشێوەکان گلەییان لێ ناکەم. دڵدانەوەیەکی خراپەئەوە بزانین کەئیسلام لەسەدەی هەشتەمدا لێبووردووبووە لەکاتێکدا ئەمڕۆ قەشەکان سەردەبڕدرێن و ڕووناکبیرەکان دەدرێنەبەر خەنجەرو گەشتیاران دەدرێنە بەر گوللە لەلایەن ئیسلامییەکانەوە. مەبەستم لەوەنییە لەڕێگەی گەرانەوەوە بۆ رابردوو ئەو خراپەکارییانە بشارمەوە کەهەواڵەکان ڕۆژانە بەرەو ڕوومانی دەکەنەوە وهەواڵ و وێنەی جەزائیرو کابول و تاران و صەعیدی میسرو شوێنی تریشیان لەخۆگرتووە. ئامانجەکەم تەواو جیاوازەو وام پێباشە بەئاشکرا رایبگەیەنم لەپێناوی ئەوەدا بزانن مەبەستم چی‌یە ,لەدژی چی خەباتدەکەم وهەمیشەیش خەباتدەکەم ئەویش ئەو بیرۆکەیەیە کەدەڵێ دوو ئاینی بەرامبەر بەیەك هەن ئاینی

ناسنامە بکوژەکان

مەسیحیی کەهەمیشە گرنگی بەگواستنەوەی نوێگەریی و ئازادیی و لیبووردن و دیموکراسی دەدات هەروەها ئاینێکی موسڵمانانە کەهەر لەسەرەتاوە تەرخانەبووە بۆ زوڵم و زۆرو تاریکستانیی. ئەمە مەسەلەیەکی تێکەڵ و پێکەڵ و ترسناکەو هەموو دەستپێشخەرییەکی دوا ڕۆژ بۆ بەشێکی زۆر لەمرۆڤایەتی تاریك دەکات.

ڕۆژێ لەڕۆژان پشتم لەئاینی باووباپیرانم نەکردووە هەروەها ئەم ئینتیمایەم گرتۆتەخۆو دوودڵ نیم لەدانان بەوەدا کەکاریگەریی هەبووە بۆ سەرژیانم, چونکە منێك لەساڵی 1949دا لەدایکبووم لەرووی ناوەرۆکەوە هیچم نەدەزانی جگە لە کەنیسەیەکی تاڕادەیەك لێبوردەو کراوە بۆ گفتوگۆو خاوەن توانای بەخۆداچوونەوە. ئەگەر هێشتاهەر بێباك بم بەرامبەر بەعەقیدەو گومان لەهەندێ هەڵوێستبکەم لەبەرئەوەیە لەم ئینتیمایەدا کە بۆم ماوەتەوە سامان و کرانەوەیەك دەبینمەوە نەك جۆرە خەساندنێك, تەنانەت پرسیارناکەم دەربارەی ئەوەی ئایا کەنیسە بەئیماندارم دادەنێت چونکە ئیماندار بە بۆچوونی من بەتەنیا ئەوەیە کە ئیمانی بەهەندێ ئیتك هەیە من لەیەکدانەدا کورتی دەکەمەوە: کەرامەتی مرۆڤ, شتەکانی تر بێجگە لەئەفسانەو ئومێد هیچی ترنین.

هەموو ئەمانەم بۆ ئەوەیە تابڵێم ئەمڕۆ پێدەچێت بتوانرێت سەردانی کەنیسەبکرێت, ئەگەر سەدساڵ لەمەوپێش لەدایك بوومایە پشتم تێدەکرد لەبەرئەوەی ئەوەم لەبەرچاو دەگرت هەرگیز بیرۆکەی پێشکەوتن و ئازادیی قبووڵ ناکات و بەیەکجاریی و بۆئەبەدبووە بەلایەنگری دۆگماو چەقبەستن, بۆیە پێویستە هەڵسوکەوتی پیاوان و دامودەزگاکان لەدیدی مێژووەوە هەڵبسەنگێنین منیش وەکو گەلێکیتر تۆقیووم لەوەی دەیبینم و ئەمڕۆ لەجیهانی ئیسلامیدا گوێبیستی دەبم بەڵام ئەوەش کەدڵتەنگم دەکات بینینی هەندێکیانە بەدڵشادییەکی زۆرەوەو ئەوان دانبەوەدا دەنێن ئەوەی ڕوودەدات پەیوەندیی بەسروشتی ئیسلامەوە هەیەو ئەمەش هەرگیز ناگۆڕێت. ئاینێك نیە

www.pertwk.com



دابڕاو بێت لەدەمارگیریی بەڵام ئەگەر پێداچوونەوەیەك بۆ ئەم دوو ئاینە (نەیارە) بكەین بۆمان دەردەكەوێت وێنەی ئیسلام هێندە خراپ نییە. ئەگەر باوو باپیرانم موسڵمان بوونایە لەوڵاتێكدا كەسەربازی مەسیحیی رزگاریانكردبێت لەجیاتی ئەوەی مەسیحیبن لەوڵاتێكدا كەسەربازی موسڵمان رزگاریان كردبێت. لەو باوەڕەدانیم بیانتوانیایە بۆ ماوەی چواردە سەدە لەشارو لادێكانیاندا بژین و پارێزگاریی لەعەقیدەكەیان بكەن. موسڵمانەكانی ئیسپانیاو سەقەڵییەچیان بەسەرهات؟ دوا یەكیان دیارنەمان, سەر بڕدران یان كۆچیان پێكرا یان بەزۆر تەعمیدكران.

لەمێژووی ئیسلامدا هەر لەسەرەتاكانیەوە توانایەكی بەرچاو هەیە بۆ پێكەوە ژیان لەگەڵ خەڵكی تردا. لەكۆتایی سەدەی رابردوودا لەنێو دانیشتووانی ئەستەمبوڵدا كەپایتەختی هێزە بنەرەتیەكانی ئیسلام بوو زۆرینەیەكی ناموسڵمان هەبوون پێكهاتبوون لەیۆنانیی و ئەرمەنیی و یەهودیی. ئایا دەتوانین بەبیرماندابێت لەهەمان سەدەدا نیوەی دانیشتوانی پاریس یان لەندەن یان ڤییەننا یان بەرلین مەسیحیی نەبن, موسڵمان یان یەهودیی بن؟ تا ئەمڕۆش گەلێ لەئەورووپییەكان سەریان سوڕدەمێنێ كاتێ گوێیان لەبانگی مزگەوتی شارەكەیان دەبێت.

هیچ حوكمێ نادەم بەتەنیا ئەوە رووندەكەمەوە لەمێژووی ئیسلامدا پییادەكردنێكی دوورو درێژی پێكەوە ژیان و لێبووردن هەبووەو بەپەلەش ئەوەی دەخەمە سەر كەلێبووردن قایلم ناكات چونكە من ناخوازم ئەوانیتر لێبووردوبن لەگەڵمدا بەڵكو داواكارم بەهاووڵاتیی خاوەن مافی تەواوەتیم دابنێن عەقیدەكەم هەرچییەك بێت. ئیتر مەسیحی یان یەهودیبم لەدەوڵەتێكدا كەزۆرینەی موسڵمان بن یان موسڵمانێكبم لەناوەندێكی مەسیحیی و یەهودیی‌دا هەروەها كاتێ ئەگەر خاوەنی هیچ ئاینێ نەبم. ئەو بیرۆكەیەی دەڵێت كۆمەڵەكانی (كتێب) واتە كتێبی پیرۆز پێویستە بخرێنە ژێرچاودێری موسڵمانەكانەوە ئەمڕۆ دڵگیرنیە چونكە مەسەلەكە پەیوەستە بەبارودۆخێكی پلە دوونییەوە كەڕۆژێ لە رۆژان بەبێ سووكایەتی‌نەبووە.





بەڵام پێویستە ئەوە بەراوردبكرێت كەدەكرێت بەراوردبكرێت ئیسلام پرۆتۆكۆلێكی بۆ لێبووردن داناوە لەچاخێكدا كۆمەڵگە مەسیحییەكان لێبووردنیان بەرامبەر بەهیچ شتێ نەبوو ئەو پرۆتۆكۆلێكی بۆ چەند سەدەیەك و لەهەموو جیهاندا لەهەموو شێوەكانی پێكەوە ژیان پێشكەوتووتربووە. لەوانەیە ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەیەمدا لە ئەمستردام یان دوای ئەوە بەماوەیەكی كەم لەلەندەن هەڵوێستێكی نزیكتر لەتێگەیشتنی ئێستامان سەبارەت بەئازادیی ویژدان دەركەوتبێ, ئەمەش لەكۆتایی سەدەی هەژدەهەمدابووە كاتێ پیاوێكی وەكو كوندورسییە توانی بەشان و باڵی ڕزگاریی یەهودا هەڵبدات, تەنیا لەنێوەی دووەمی سەدەی بیستەمداو پاش ئەو ئابروچوونانەی كەدەیانزانین پێگەی كەمایەتیە ئاینییەكان لەئامێزی ئەورووپای مەسیحیدا دەستی كرد بەچاك بوون بەشێوەیەكی بەرچاوو, دەكرێ بەهیوای ئەوەبین یەكجارەكی بێت.

پرۆتۆكۆڵی لێبووردن كە لەدەوڵەتە موسڵمانەكاندا باو بوو ئیدی لەگەڵ پێوەرەنوێیەكاندا رێكناكەوێت. ئایا نوێكراوەتەوەو دووبارە ئامادەكراوەتەوە لەرووی ناوەڕۆكەوە, نەخێر, تەنانەت دەتوانین بڵێین بیروباوەڕەكانی لێبووردن لەجیاتی گێراندنەوەی رووسووریی بۆی بەشێوەیەك زیاتر بگونجێت لەگەڵ چاوەروانیی هاوچەرخەكانماندا هەندێ جار چاوی پێدا دەگێڕدرێتەوە تا پێگەی خۆی ون دەكات تا ئەو ئاستەی جیهانی ئیسلامیی پاش ئەوەی لەسەر ترۆیكی لێبووردندا بوو چووە پاشكۆوە, بەڵام ئەم وەرچەرخانە لەتای تەرازووی هێزە ئیتیكیەكاندا لەنێوان باكوورو باشووری دەریای ناوەڕاستدا زۆر نوێیەو نەگەیشتووەتە ئەو رادەیەی كەئێمە بۆی دەچین لەكامڵ بووندا.

لێرەشدا دوو بۆچوون هەن شایستەی رەتكردنەوەن، یەكێكیان ئەو بۆچوونەی لای وایە كەسەبارەت بەوەی كەبەدەستهێنراوە لە مێژووی جیهانی ئیسلامدا (كەبەگشتی ئیجابییە) لەبواری لێبورندا ئەو توندوتیژییەی كەئێستا هەیە حاڵەتێكی كاتییەو نامێنێ، بۆچوونی دووهەمیان كەبەپێچەوانەی یەكەمیانەوەیە پشت بەدەمارگیریی هەنووكە

www.pertwk.com



دەبەستێت تاهەڵوێستی رابردووبکات بەبیرهاتنەوەیەکی بێمانا, وای بۆدەچم هەردوو هەڵوێستەکە بیهودانەن, بەلای منەوە مێژوو بەروونی پیشانیدەدات ئیسلام توانای بەرینی هەیە بۆ پێکەوەژیان و کارلێکردنی بەپیت لەگەڵ رووناکبیرییەکانیتردا بەڵام مێژووی نوێتری ئیسلام دەریدەخات پاشەکشێ شتێکە ڕێی تێدەچێت. ئەم توانایانەش دەتوانن زۆربمێننەوە وەك تواناو هیچیترنا لەوانەیە کەمێك زیاتر لەسەری بڕۆم و جەخت لەسەر سیما بکەمەوە بەڵام بەگرانیی ئەگەر مێژووی جیهانی مەسیحیمان بەجیهانی ئیسلامیی بەراوردکرد لەلایەك ئاینێك دەدۆزینەوە کە بۆ ماوەیەکی دوو رودرێژدەمارگیربووەو سەرنج ڕاکێشانی تۆتالیتاریانە بەئاشکرا هەڵدەگرێت بەڵام وردە وردە گۆڕاوە بەئاینی کرانەوە لەلایەکی ترەوە ئاینێك پەیامی کرانەوەی هەڵگرتووە، بەڵام وردە وردە لەڕێ لایداوە بەرەو هەڵسوکەوتی دەمارگیریی و تۆتالیتاریی.

دەکرێ گەلێ نموونەیتر بهێنرێتەوەو چارە نووسیمانیەکان ئینجا هۆگۆ نۆتییەکان یان یەهود بیربهێنرێتەوەو ئەو مامەڵەیە تیشکی بخرێتە سەر ئەوان دووچاری بوون کەبەبێ بڕوا یا جیابۆوە یان هەڵگەراوە دادەنران لە هەردوو جیهانە یەککگرتوەکەدا. بەڵام ئەم کتێبە نە کتێبی مێژوو و نەتۆمار دژبەیەکەکانە" کەئەم دووبابەتە بەراوردەدەکەم یەك پرسیار هەیە سەر قاڵم دەکات" بۆچی پێشکەوتن تا ئەو ڕادەیە لەرۆژئاوا ئیجابیەو لەجیهانی ئیسلام هێندە ئومێد بڕاوانەیە؟ بەڵێ دەستنیشانی دەکەم و پێ دادەگرم لەسەر ئەوەی بۆچی ئەو رۆژئاوایەی مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە لەدەمارگیریی هەمیشەش بەلایەوە گرانبووە لەگەڵ خەڵکیتردا بژی توانیویەتی کۆمەڵگەیەك بەرهەم بهێنێت ڕێز لەئازادیی رادەربڕین بگرێت؟ لەکاتێکدا جیهانی ئیسلام کەپێکەوە ژیانی پیادەکردووە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ, لەم ڕۆژانەدا وەك پێگەیەك بۆ دەمارگیریی دەردەکەوێت,





"3"

لەوانەیە لەوە گەیشتبین کەمن ملکەچی ئەو بۆ چوونە باوە زۆر بڵاوەی رۆژئاوانیم کەبەسانایی لەئایینیئیسلامداسەرچاوەی هەموو شەڕانگێز ییەکان دەبینێت ئەو کۆمەڵگایانەی ئینتیماشیان هەیە بۆی بەدەستیەوە دەناڵێنن هەروەها لەو باوەڕشدانیم بتوانرێت عەقیدەیەك لەچارەنووسی لایەنگرانی جیابکرێتەوە وەك پێشتریش وتم" بەڵام پێموایە ئێمە زۆربەی کات زیادەڕەویی دەکەین لەکاریگەریی ئاینەکاندا لەسەر گەلان لەکاتێکدا بەپێچەوانەوە کاریگەریی گەلان بۆ سەر ئاینەکان پشتگوێ دەخەین.

وێرای ئەوە, ئەم مەسەلەیە بۆ هەموو بیروباوەڕێك راستە ئەگەر مافی خۆمان بووبێت پرسیاربکەین سەبارەت بەوەی شیوعی بوون چی لەروسیاکرد هەروەها بەسودیشە پرسیاربکەین دەربارەی ئەوەی روسیاچیبە شیوعییەت کردووە وچۆن دەکرا ئەم بیروباوەڕە پێشکەوێت وپێگەی لەناو مێژووداو کاریگەریی بۆ سەر زۆربەی ناوچەکانی جیهان جیاواز بووایە ئەگەر سەربکەوتایە لەئەڵمانیا یان ئینگلتەرا یان فەرەنسا لەجیاتی روسیاو چین.

بێگومان دەتوانین بەبیرماندابێت کەستالینێکی تر لەهیدلبورغ یان لیدزیان بوردو دا لەدایك دەبوو بەڵام دەشتوانین بەبیرماندا بێت کەلەوانەبوو بەهیچ شێوەیەك ستالین نەبووایە.

بەهەمان شێوە دەتوانین پرسیاربکەین سەبارەت بەوەی ئاینی مەسیحیی چی لێدەهات ئەگەر لەرۆما سەرنەکەوتایەو لە خاکێکدا کەیاسای رۆمانیو فەلسەفەی یۆنانیی بیگرێتەوە نیشتەجێ نەکرایە لەکاتێکدا کەئەم جووتە لەئەمرۆدا واپێدەچێت لەپلەی خوارەوەی

www.pertwk.com



ڕووناكبیریی ڕۆژئاوایی مەسیحی دابن، ئەگەرچی هەردووكیان بەر لەهەڵهاتنی خۆری ئاینی مەسیحی بەماوەیەكی زۆر گەیشتنە لوتكە.

كاتێ ئەم شتەبەڵگە نەویستانەم بەبیر دەهێنرێتەوە هەوڵی پشتكردنە باشترین برا ڕۆژ ئاواییەكانم لەئایندا نادەم بەڵام بەسانایی دەڵێم ئەگەر ئاینی مەسیح ئەوروپای پێكهێنا بێت ئەوروپاش ئاینی مەسیحی پێكهێناوە. ئاینی مەسیحی لەئەمرۆدا ئەوەیەكە كۆمەڵگە ئەوروپییەكان لەرووی ماددیی و فیكرییەوە گۆرانیان بەسەردا هێناوەو مەسیحی بوونەكەیشی لەگەڵدا گۆراوە. چەندجار كەنیسەی كاسۆلیكی هەستی كردووە هەرەشەلێكراو و هەڵخەڵەتێنراو و سوكایەتی پێكراوە! چەندجار هەولیداوە بەهەموو توانایەكیەوە گۆرانكارییەكان دوابخات كەپێی وابووە دژی عەقیدەو رەوشتی بەرزو و ویستی خودایین لەگەڵ ئەوەی زۆربەی جاریش شكستی خواردووە لەگەڵ ئەوەشدا بەبێ ئەوەی پێی بزانێت براوەش بووە. ناچاركراوە ڕۆژانە بەخۆیدا بچێتەوە لەروو بەڕووبوونەوەی لەگەڵ زانستێكی سەركەوتوودا كەكێبڕكی لەگەڵ كتێبە پیرۆزەكان دادەكات و لەرووی بیروباوەڕی كۆماریی و عەلمانیی و دیموكراتیداو لەرووی ئازادیی ژن و شەرعیەتی كۆمەڵایەتی سەبارەت بەپەیوەندییەكانی نێوان دوورەگەزەكە بەر لەهاوسەربوون و منداڵ خستنەوە لەدەرەوەی هاوسەرێتی و ڕێگەگرتن لەمنداڵبوون هەروەها لەرووی هەزاران (كرداری شەیتانانەدا).

كەنیسە هەمیشە دەستی بەكەللەرەقیی كردووە بەرلەوەی مەنتیق دابێت و بەرلەوەی خۆی بگونجێنێت. تۆ بڵێی رابردووی خۆی لەبیر بردبێتەوە؟ گەلێ جار وای بۆچووین لەسبەینێشدا هەندێ هۆ هەیە پاڵنەرە بۆ ئەوەی ئەو بۆچوونە هەبێ لەگەڵ ئەوەشدا راستیەكەی ئەوەیە كۆمەڵی ڕۆژئاوایی بەم شێوەیە دروستكراوە بەهەزار نەرمەلێدان كەنیسەو ئاینێك كە لەتوانایاندایە هاوشانی مرۆڤ بن لەسەر كێشییەكی سەرسوڕهێنەر كەلەئەمرۆدا تێیدا دەژین.





كۆمەڵی ڕۆژئاوایی كەنیسەو ئاینی داهێناوە لەبەرئەوەی پێویستی پێیەتی و وشەی (پێویستی پێیەتی)م بەفراوانترین مانا كەئەم وشەیە هەیەتی بەكارم هێناوە واتە بێگومان پێویستی رۆحیی دەگرێتەوە. سەرجەم كۆمەڵگە بەئیماندارو بێ ئیمانەكانیەوە بەشدارییان لەمەداكردووە لەپێشكەوتنی ئاینی مەسیحیدا بەشدارییانكردووە تائێستاش بەشداری تێدا دەكەن تامێژوو بەردەوام بێت. بەهەمان شێوە لەجیهانی موسڵماندا" كۆمەڵگە هەمیشە ئاینێكی بەرهەمهێناوە لەسەر وێنەی خۆی وێرای ئەوەی ئەم وێنەیە هەرگیز لەسەر دەمێكەوە بۆ یەكێكیتر و لەولاتێكەوە بۆ ولاتێكیتر هەمان وێنەنەبوو. كەعەرەب سەردەكەوتن و هەستیان دەكرد جیهان بووە بەهی ئەوان بیروباوەڕەكەیان بە گیانی لێبوردن و كرانەوە دەخستەڕوو بۆ نموونە لەدەستپێشخەرییەكی بەرفراوانەوە دەستیان كرد بەوەرگێڕانی میراتی فەرنگی یۆنانی و ئێرانیی وهندیی كەرێگەی بەگەشەكردنی زانست و فەلسەفەدا. لەسەرەتای مەسەلەكەدا بەهێندەوە ڕاوەستان كەلاسایی بكاتەوەو كۆپی بكەن پاشان پڕكێشییان كرد لەئەستێرەناسیی و كشتوكاڵ و كیمیا و پزیشكیی و بیركاریدا داهێنانیان كرد. هەروەها لەژیانی ڕۆژانەدا لەهونەری خواردن و جل و بەرگ و چاككردنی قژو گۆرانی وتن تەنانەت مامۆستا هەبوون بۆ مۆدێل كە زریاب ناسراوترینیانە.

ئەمە ماوەیەكی كورت نەبوو" بەغداو دیمەشق و قاهیرەو تونس لەسەدەی حەوتەمەوە تاسەدەی پانزەهەم زانای مەزن و بیرمەندی گەورەو هونەرمەندی بەهرەمەندی ناسیوە وێرای كاری گەورەو مەزن لەئەسفەهان و سەمەرقەندو ئەستەمبوڵ تاسەدەی حەڤدەهەم و هەندێجار تادواتریش هەر بەتەنیا عەرەب نەبووە كە لەم بزووتنەوەیەدا بەشداریكردووە, ئیسلام هەر لەیەكەمین هەنگاوەكانیەوەو بەبێ سنوور بەرووی ئێرانیەكان و تورك و هندییەكان و بەربەرەكاندا كراوە بووە بەسەر

www.pertwk.com



کێشییەوە، وەك هەندێ کەس پێیان وایە. چونکە خۆیان عەرەب بەگەمارۆدراویی بینیەوەو بەپەلەدەسەڵاتیان لەدەستدا لەناو دڵی ئەو ئیمپراتۆریەتەدا کە دروستیانکردبوو. ئەمەش باجی ئەو جیهانگیرییەیە کە ئیسلام بانگەوازی بۆ دەکات.

هەندێ جار گروپێك لەشەرکەرە تورکمانەکان بەرزایی و نزماییەکانی ئاسیای ناوەڕاستەوە بەرەو خواردەبوونەوە هەر کەدەگەیشتنە دەرگاکانی بەغدا یەکسەر شایتوومانی گۆرانیان بۆ سەر ئاینی ئیسلام دەدرکاندو دەیانووت (لا اله إلا الله محمد رسول الله) ئیدی کەس نەیدەوێرا پەیوەندیکردنیان بەئیسلامەوە رەتبکاتەوە, پاشان داوای بەشی خۆیان لەدەسەڵات دەکرد لەگەڵ چەند راپەڕینێکی پڕ لەجۆش و خرۆشدا وەك ئەو راپەڕینانەی تازە موسڵمان بووەکانیتر زۆرجار پێی هەڵدەستان، پاشان دەرکەوت ئەم هەڵوێستە هەندێ جار روخێنەرە لەرووی ئارامیی سیاسییەوە بەڵام لەدیدی رووناکبیرییەوە چ دەوڵەمەندییەکە کەباشترین مێشکەکان لەسنووری رووباری سند تا ئەتڵەس توانیان لەئامێزی شارستانیەتی عەرەبیدا بپشکوون نەك تەنیا لەنێوان لایەنگرانی ئایینە نوێکەدا، بەڵکو گەلێك پشتیان بەمەسیحیەکان بەستووە بۆ وەرگێران چونکە یۆنانییان باشتر دەزانی ئەمە دەلالەتێکی گرنگە بۆ ئەوەی کەئیبن مەیمون وایهەڵبژاردووە کەکتێبی (دلالەالحائرین) بەزمانی عەرەبیی بنووسێت کەبەگرنگترین ئاسەواری بیری یەهودیی دادەنرێت.

نامەوێت بڵێم ئەو ئیسلامەی هەر ئێستا باسمکرد ئەوە ئیسلامی تاقانەو راستەقینەیەو ناشمەوێت بڵێم بۆ نموونە تاڵیبان باشتر نوێنەرایەتی عەقیدە دەکات نەم ویستووە بەشان وباڵی ئیسلامێکی تایبەتیدا هەڵبڵێم لەچەند دێرێکیدا روونبۆوە کە لەچەند سەدەو چەند شاردا ئایینی ئیسلام بەهەزاران شێوە دەرکەوتووە" بەغدا لەسەدەی نۆیەمدا پڕ بوو لەژیان و لەسەدەی دەیەمدا بووبەشارێکی بێزارو دۆگماو





بەدبەخت. شاری قورتوبە لەسەدەی دەیەمدا لەلوتکەدا بوو، بەڵام لەسەرەتای سەدەی سیانزەهەمدا بوو بەقەڵای دەمارگیریی" سوپای کاسۆلیکەکان هێرشیان دەکردەسەری و خەریك بوو دەستیان بەسەردا دەگرت بەرەنگاریکارە سەر سەختەکان نەیاندەویست دەنگی نەشاز قبووڵ بکەن.

ئەوە هەڵسوکەوتێکە توانیومانە لەسەدەی تریشدا بیبینین لە ناویاندا ئەم سەردەمەی خۆمان کۆمەڵی موسڵمان هەر کەهەستی بەباوەڕبەخۆ بوون کرد شارەزای پیادەکردنی کرانەوە دەبێ ئەو وێنەیەی کەسەبارەت بەئیسلام لەو کاتانەدا کورتی دەکەینەوە پەیوەندیی بەوێنە کاریکاتۆریەکەی ئەمرۆیەوە نییە. نامەوێت بڵێم وێنە کۆنەکە رەنگدانەوەی پەیامی ئیسلامە بەشێوەیەکی باشتر, بەڵکو ئەم ئاینە بەسانایی وەکو هەموو ئاین و عەقیدەکانی ترە لەهەموو سەردەمێکدا جێگای دەستی کات و شوێن هەڵدەگرێت. کۆمەڵگەی باوەڕ بەخۆ بوو لەئاینێکی باوەڕبەخۆ بوو دڵنیاوکراوەدا رەنگدانەوەی دەبێت و کۆمەڵگەی دوو دڵ لەئاینێکی ترساوو دۆگماو توورەدا رەنگدانەوەی دەبێت, کۆمەڵگەی دینامیکی لەئیسلامێکی دینامیکیی و داهێنەردا رەنگدەداتەوەو کۆمەڵگە وشك و برنگەکان لەئیسلامێکی وشك و برنگ کەبەبچووکترین گۆرانکاریی هەڵدەچن رەنگدانەوەیان دەبێت.

بەڵام با کەمێك لەکۆتایدا ئەم دژبەیەکە ئاسانکارانە وازلێبهێنین, لەنێوان ئەوەدا کەئاینێکی (باشە)و ئاینێکی (خراپە) بۆ چوونە ناو پێناسەی دیاریکراوترەوە کاتێ کەئاماژە بۆکاریگەریی کۆمەڵگەکان لەسەر ئاینەکان دەکەم بۆنمونە بیر لەواقیعی هێرشبردنی توندوتیژی موسڵمانانی جیهانی سێیەم بۆ سەر رۆژئاوا نەك بەتەنیا لەبەرئەوەی موسڵمانن و رۆژئاوا مەسیحین بەڵکو لەبەرئەوەی هەژارن و دەستبەسەرو زۆر لێکراون لەکاتێکدا کەرۆژئاوا دەوڵەمەندو بەهێزە. نووسیم (لەبەر ئەوەیە) بەڵام مەبەستم لەوەیە بڵێم (بەتایبەتی) چونکە لەکاتی بینینی

www.pertwk.com



بزوتنەوە ئسوڵییە ئیسلامییەكاندا بەپەلەكاریگەریی جیهانی سێ لەشەستەكاندا بۆ سەر گوتارو شێوازەكان دەدۆزمەوە, لەبەرامبەرئەمەشدا بەمێژووی ئیسلامدا بێ پەروا گەڕام هیچ پێشینەیەكم بۆ نەدۆزییەوە كەبەدڵنیاییەوە پێشینەی بێت, ئەم بزووتنەوانە بەرهەمێكی رووتی مێژووی ئیسلام نین ئەوانە بەرهەمی سەردەمەكەمان و شڵەژان و لەڕێلادان و پیادەكردنەكان و شكستەكانیەتی.

لێرەدا گفتوگۆ لەسەر عەقیدەكەیان ناكەم پرسیار ناكەم سەبارەت بەزانینی ئەوەی ئایا لەگەڵ ئیسلامدا گونجاوە یان نا, چونكە پێشتر ئەوەم وت كەچۆن دەروانمە ئەم جۆرە پرسیارانە بەتەنیا دەڵێم من روونییەكی مەعقولەوە دەبینم كەوا ئەم بزووتنەوانە بەبەرهەمی سەردەمە پەشۆكاوەكەمان دابنرێ بەشێوەیەكی كەمتر ئەوە دەبینم كە دەیكات بەبەرهەمێكی مێژووی ئیسلام. كاتێك كەئایە تولڵا خومەینی دەبینم بەپاسەوانە شۆڕشگێرەكانی دەورە دراوەو ئەویش داوا لەگەلەكەی دەكات پشت بەتوانا تایبەتیەكانی خۆیان ببەستن و نەفرەت لەشەیتانی گەورە دەكات و پەیمان دەدات هەموو ئاسەوارێكی روناكبیریی ڕۆژئاوایی بسڕێتەوە ناتوانم رێگە لەخۆم بگرم كەبیر لەماوتسی تونگی پیرەمێردی رابەری شۆرشی روناكبیریی نەكەمەوە، كەبەپاسەوانە سورەكان دەورە دراوەو (پڵنگە كاغەزینە گەورەكە) بەنەفرەت دەكات و پەیمانی ئەوە دەدات هەموو ئاسەوارێكی روناكبیریی سەرمایەداریی بسڕێتەوە. بێگومان نامەوێت بڵێم ئەم دووانە بەیەكدەچن بەڵام گەلێ لەیەكچوون لەنێوانیاندا بەدیدەكەم لەكاتێكدا كە لەمێژووی ئیسلامدا هیچ وێنەیەك نابینمەوە خۆمەینیم بیر بخاتەوە. وێرای ئەمە بێهودانە گەرام و لەمێژووی جیهانی موسڵمانیشدا بچووكترین ئاماژەم سەبارەت بەدامەزرانی كۆماری ئیسلامیی یان هەڵایسانی شۆڕشێكی ئیسلامیی نەبینیی.





ئەوەی لێرە دژایەتی دەكەم ئەو نەریتەیەكە وەرمانگرتووە لەباكوورەوە وەكو باشور, لەچاو دێرە دوورەكانەوە وەك چۆن وەرمانگرتووە لە لایەنگرە خوینگەرمەكانەوە. كە هەر رووداوێك كەلەوڵاتێكی موسڵماندا رووبدات بیدەینە پاڵ (ئیسلام). لەكاتێكدا هۆكاریتر هەن ئەوانیش كاریگەرییان هەیەو بەشێوەیەكی باشتر ئەوە شیدەكاتەوە كەروودەدات, دەتوانن دە(10) بەرگی گەورە دەربارەی مێژووی ئیسلام لەسەرەتاكانیەوە بخوێننەوەو هیچ تێنەگەن سەبارەت بەوەی كە لەجەزائیر ڕوودەدات, دە(10) لاپەرە سەبارەت بەداگیركەرو ئازادیی بخوێننەوە بەشێوەیەكی باشتر تێدەگەن كەچی روودەدات.

www.pertwk.com



"4"

ئـەم چـەند دێرەكورتـە كۆتـايی پێـدەهێنم بۆئـەوەی بگەرێمـەوە بـۆ مەسەلە بنەرەتیەكەم ئەویش ئەوەیە ئێمە زۆربەی جار شوێنێكی گرنگ دادەنـێین بـۆ كاریگـەریی ئاین لەسـەر گـەلان‌و مێـژوویان‌و رۆڵێكـی كـەمتر دادەنێین بۆ كاریگەری گەلان‌و مێژوویان لەسـەر ئاین. دەزانم كاریگـەریی دوو لایەنەیـە, چـونكە كۆمـەڵ ئـەو ئاینـە پێكـدەهێنێت ئـەویش كۆمـەڵ پێكـدەهێنێت. لەگـەڵ ئەوەشـدا مـن تێبینـی دەكـەم رێگەیـەك هەیـە بـۆ بیركردنـەوە دەمانگەیەنێتـە ئـەوەی هـیچ نـەبینین تـەنیا یـەك دیمـەنی ئـەم دایلۆگـە نـەبێت كەدەبێتـە مایـەی شێواندنی روانینمـان بـۆ مەسـەلەكان.
هەنـدێ كـەس هـەرگیز دوودڵ نـین لـەوەی بەرپرسـیارێتی هـەموو ئـەو كارەساتانەی كۆمەڵگـە ئیسلامییەكان. بینیوویانـەو تائێستاش دەیبینن بخاتـە ئەسـتۆی ئیـسلام, رەخنـە لـەم روانینـە نـاگرم هـەر بەتـەنیا لەبـەر ئـەوەی كەزاڵمـە بـەڵكو لەبەرئـەوەی وای لـەرووداوەكانی جیهـانكردووە بەهیچ شێوەیەك توانای تێگەیشتنی لەئارادانەبێت.
پێشتریش شتی هاوشێوەی ئەمە سەبارەت بـەئاینی مەسیح وتـراوە لەمەودای چەند سەدەیەكداپێش ئەوەی لەكۆتایـدا بزانرێت كەلەتوانایدا هەیە خۆی پێشبخات.مـن لـەو بـاوەرەدام هـەمان مەسـەلە رِیَـی تێدەچێت بەنیسبەت ئیسلامەوەو پێشبینی دەكەم هەندێ كـەس گومـان لەمەبكـەن‌و لەوباوەرِەشدام ئێمە پێویستیمان بەكاتێكی زیاترو زۆرتـر هەیە لەوانەیـە چـەند نەوەیـەك بخایـەنێت بەرلـەوەی بتـوانین بەڵگەیـەكمان دەستبكەوێت بیـسەلمێنێت ئـەم دیمەنـەی لەجـەزائیرو ئەفغانـستان‌و تارادەیـەكیش لەهـەموو شـوێنێ بۆمـان دەردەكـەوێت لەتونـدو تیـژیی‌و ئـسوڵیەت‌و خۆسـەپاندن‌و لـەناوبردن پێكهاتووە, هەمیشە بەئیسلامەوە نەنووساوە,





وەك چۆن دەركەوت قەسابەكانی دادگاكانی پشكنین یان ئەو پادشایانەی پشتیان بەمافی خودایی بەستبوو پەیوەندییان بەئاینی مەسیحەوە نییە.
ئـەو بیرۆكەیـەی دەڵێـت ئیـسلام هەمیـشە هۆكـاری چەقبەسـتن بـووە لەمێشكدا تاپلەیـەك چەسپیووە مـن نـاوێرم هێرشـی بكەمەسـەر, لەگـەڵ ئەوەشدا هێرشی دەكەمە سەر چونكە هەر كەئەم راستیە دەخرێتە روو توانـای جووڵانـەوە رادەوەسـتێت. ئەگـەر لایـەنگری ئـەو بیرۆكەیـەبین كەئیسلام موریدەكانی بەچەقبەستنێك بۆ ئەبەد حوكمدەدات لەبەرئـەوەی موریـدەكانی كـەنزیك چـواریەكێكی مرۆڤایـەتی پێكـدەهێنن هـەرگیز پشتیان لەئاینەكـەیان نـەكردووە, ئاینـدەی ئەسـتێرەكەمان زۆر خـەمناك بـەدیار دەكـەوێت‌و مـن لەلایـەن خۆمـەوە ئـەم بـاوەرپێكراوە بنەرەتیـەو ئەنجامەكەی رەتدەكەمەوە.
بەڵێ, بێگومان چەقبەستنێ روویداوە چونكە لەنێوان سـەدەی پـانزەو نـۆزدەداو لەوكاتـەدا رِۆژئـاوا بەخێراییـەكی گـەورە پێـشرِەویی دەكـرد, جیهـانی عـەرەبیی لەشـوێنی خۆیـدا دەخولایـەوە" گومـانی تێدانیـە ئـاین پەیوەندیی بـەم مەسـەلەیەوە هەیـە, بەڵام پێموایـە قووربانیی دەستیشی بـووە كۆمەڵگـە ئاینەكـەی لەرۆژئاواپێشخـستووە, بـەڵام مەسـەلەكان لەجیهانی عەرەبیدا بەمشێوەیە نەرِۆشتوون بەرِێوە, لەبەر ئەوەنا كەئەم ئاینە ئامادەگی نوێبوونەوەی تێدانیـە چونكە بەڵگەیـەك نییە لەسـەر ئـەم قـسەیە بـەڵكو لەبەرئـەوەی خـودی كۆمەڵگەكـە خـۆی نوێنەكردۆتـەوە" دەوترێت هۆكارەكە ئیسلامە كەئەمە بۆچوونێكی هەڵەشانەیە. ئایا ئاینی مەسـیح ئـەوروپای نوێكردۆتـەوە؟ بـەبێ بـەرگریكردن لـەو بیرۆكەیـەی كەنوێگـەریی رووداوێكـە دژی حـەزی ئاینـە, مەنتقییـە بووتریـت ئـاین (پاڵنەر) نەبووە بەڵكو هەندێ جار سەرسەختانە بەرەنگاری سەپاندووە، ئەمەش وایكردووە كەپاڵنانەكە لەبەرژەوەندی گۆرِانێكی قووڵ‌و بەهێزو بەردەوامدا بێت بۆ ئـەوەی سـەپاندنی بـەرەنگاریی كەمببێتـەوە ئاینیش خۆی بگونجێنێت.

www.pertwk.com



ئەم پاڵنەرە هەڵتەکێنەرو رزگارکەرە هەرگیز لە ناوجەرگەی جیهانی موسڵماندا روونەداوە.

ئەو بەهارە جوانەی مرۆڤایەتی داهێنەر تێیدا دەژی‌و ئەم شۆڕشە گشتگیرە زانستی‌و تەکنەلۆژی‌و پیشەسازی‌و فیکری‌و مەعنەوییەو ئەم کارکردنە دوور درێژە بەبێ راوەستان کەگەلانێك ئەنجامیانداوە لەلوتکەی گۆرانیاندا بوون رۆژانە شتی نوێ دەدۆزێتەوەو داهێنان دەکات‌و نەگۆرەکان بەبێ راوەستان هەڵدەگێرێتەوەو هزرەکان دەهەژێنێ رووداویك نیە لەنێوان رووداوەکانی‌تردا" بەڵکو ناوازەیە لەمێژوودا ئەوە رووداوی دامەزرێنەری جیهانە وەکو ئەمرۆ ناسیومانە ئەمە لەڕۆژئاوادا ڕوویداوە نەك لەهیچ شوێنێکی‌تر.

بۆچی لەڕۆژئاوا روویداو لەچین یان ژاپۆن یان روسیا یان لەجیهانی عەرەبیی روونەدا؟ ئایا ئەم گۆرانە لەسایەی ئاینی مەسیحیدا روویداوە یان دژی ویستی ئەو؟ بیرو بۆچوونی مێژوونووسان بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لەرووی یەکتردا دەوەستنەوە سەبارەت بەم بابەتە. ئەو تاکەشتەش کە گفتوگۆ لەسەرکردنی ئەستەمە ئەوە خودی رووداوەکەیەواتە دەرکەوتنی شارستانیەتێك لەڕۆژئاوا لەماوەی سەدەکانی ڕابردوودا کەبووەتە جەمسەری شارستانییەت لەهەموو جیهاندا لەسەر ئاستی ماددیی هەروەها لەسەر ئاستی فیکریی تائاستی پەراوێز خستنی هەموو شارستانیەتەکانی ترو کەمکردنەوەی بۆ بارودۆخی رووناکبیرییە دەوروبەرییەکان کەهەرەشەی لەناوچوونیان لەسەرە.

کەی بالاَ دەستیی شارستانیەتی ڕۆژئاوایی بووە بەبالاَدەستیەکی تەواوەتیی؟ ئایا لەسەرەتای سەدەی پانزەهەمدا بووە؟ بەرلەسەدەی هەژدەهەم نەبووە, بەپێی ئەو بیرو بۆچوونەی ئەمڕۆهەمە, گرنگ نییە چونکە ئەوەی بەڵگەنەویست‌و سەرەکیە" شارستانیەتێکی دیاریکراو ڕۆژێ لەڕۆژان جڵەوی ئەم گۆی زەوییەی گرتووەتە دەست‌و زانستەکەی





بووە بەزانست‌و پزیشکییەکەی بووە بەپزیشکیی‌و فەلسەفەی بووە بەفەلسەفە. ئەم بزوتنەوەی سەرنجدان‌و بەجۆر کردنە رانەوەستا, ئێستاش هەر دەست‌وبرد دەکات‌و بەهەموو گۆڕەپانەکاندا بلاَوبۆتەوەو لەهەمان کاتدا بەهەموو کیشوەرەکاندا.

دووبارە جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە مەسەلەکە پەیوەستە بەرووداوێکەوە پێشینەی نییە لەمێژوودا بەڵێ، لەهەندێ لەقۆناغەکانی رابردوودا روویداوە شارستانییەتێك هاتبێتە ئاراوە وەك شارستانیەتی میسر یان ولاَتی نێوان دوو رووبارەکەیان شارستانیەتی چینیی یان یۆنانی یان رۆمانی یان عەرەبیی یان بێزەنتی, پێش هەموو شارستانیەتەکانی‌تر کەوتووە بەلاَم ئەوەی کە لەماوەی چەند سەدەی رابردوو سەری هەڵدا لەئەوروپا دیاردەیەکی تەواو جیاواز بوو وایشی بۆ دەچم وەك پرۆسەی پیتاندن وابێت ئەمە تاکە بەراوردێکە کە لەیادمدایە گەلێ زیندەوەریی سپێرمی بەرەو هێلکۆکە دەچن‌و یەکێکیان پەردەکەی دەبڕێت‌و لەم ساتەدا رەتکردنەوەی هەموو ئەوانی‌تر روودەدات کە(دێنەپێشەوە) لەوساتەدا باوکێکی تەنیا هەیە لەکوڕەکە دەچێت, بۆچی ئەوو کەسی تر نا؟ ئایا ئەو (هاتووە) سەرکەوتوو بووە بەسەر دراوسێ‌و دوژمنەکانیدا؟ ئایا تەندروستی باش‌و خاوەن ئایندەیەکی باشتر بووە لەوانەی‌تر. مەرج نییە بەشێوەیەکی بنەرەتیی وابوو بێت. دەتوانرێت هەموو جۆرە هۆکارەکان تاوانبار بکەین هەندێکیان پەیوەندییان بەجێبەجێکردن‌و هەندێکی‌تریان بەبارودۆخ یان رێکەوتەوە هەبوو بێت.

بەلاَم پێم وایە ئەم مەسەلەیە گرنگترینیان نییە لەم بەراوردکارییەدا بەڵکو کۆتاییەکەیەتی ئەو پرسیارەی دەکرێت ئەوەنییە کەبزانین بۆچی شارستانیەتی ئەزتیك یان ئیسلام یان چینیی سەرکەوتوو نەبووە لەوەدا کەببێت بەشارستانیەتێکی بالاَدەست" هەریەکەیان نهێنیەکی سەرنجراکێشی خۆی‌و خاڵی لاوازیی وچانسی رەشی خۆیان هەیە.

www.pertwk.com



پرسیارەكە ئەوەیە بزانین بۆچی هەموو شارستانیەتەكانی تر دەستیان بەپاشەكشەكردكاتیٚ شارستانیەتی ئەورووپای مەسیحیی پێشكەوت. بۆچی هەموویان خرانە لاوە بەشێوەیەك ئەمڕۆ وادەردەكەوێت دواخرانی دوایین جارە؟ بێگومان لێرەدا هیچ پێشكەش ناكەین سەرەتای وەڵامەكە نەبێت چونكە مرۆڤایەتی لەو كاتەوە ئەو ئامرازە تەكنیكییانەی دەستەبەركردووە كەتوانای دەستگرتنی بەسەر ئەم ئەستێرەیەدا پێدەبەخشێت. بەڵام وشەی دەستبەسەرداگرتن بخەرەلاوە بابڵێین مرۆڤایەتی هێندە گەشەیكردووە توانای خستنەوەی شارستانیەتێكی هەبێت لەسەر گۆی زەویدا، هێلكۆكە كەئامادەی پیتاندن بووەو ئەورووپای ڕۆژئاوا پیتاندوویەتی. بەرادەیەك هەرچۆن ئەمڕۆ سەیربكەین ڕۆژئاوا لەچوار دەورمان دەبینین لەفلادیفوستوكو لەسەنگاڤورەو بۆستنو داكارو تاشقەندو ساوپاولۆو نومیاو قودسو جەزائیر. لەدەوروبەری نیو هەزارەوە هەموو ئەوانەی زۆركاردەكەنە سەربیركردنەوەی مرۆڤ یان تەندروستییان یان شێوەی دەرەوەیان یان ژیانی ڕۆژانەیان دروستكراوی ڕۆژئاوابووە. سەرمایەدارییو شیوعیەتو فاشیەتو شیكردنەوەی دەروونییو ژینگەو كارەباو فرۆكەو ئوتۆمبێلو بۆمبی گەردیلەییو تەلەفونو تەلەفزێونو ئامێری زانیارییو پەنسلینو ڕێگری منداڵبوون (مانع الحمل )و مافی مرۆڤ هەروەها ژووری گازی. بەڵیٚ ئەمانە لەڕۆژئاواوە هاتوون" بەختەوەریی جیهانو بەدبەختییەكەشی.

لەهەر كوێیەك بژین لەسەر ئەم ئەستێرەیە دەبینین هەموو نوێگەرییەك پرۆسەیەكە لەنامۆبوونوحەزێكیشە پێشكەوتنە تەكنیكیەكان خێراترو توندتری دەكات، تارادەیەك.

لەهەموو شوێنیٚ بێگومان كۆشكو كارەكان دەبینینەوە كەمۆركی شارستانیەتە تایبەتیەكان هەڵدەگرن. بەڵام هەموو ئەوانەی سەرلەنویٚ لەدایك دەبنەوە, ئەگەر مەسەلەكە پەیوەندیی بەبینایە یان دامودەزگاكان





یان ئامرازەكانی مەعریفە یان شێوەی ژیانەوە هەبێت لەسەر شێوەی ڕۆژئاوا دایە.

ئەوانەی لەناوجەرگەی شارستانیەتە باڵا دەستەكەو ئەوانەی لەدەرەوەیدا لەدایكبوون بەهەمان شێوە لەم راستیەدا ناژین. یەكەمینەكان دەكریٚ بگۆڕێنو پێشبكەون لەژیانداو بگونجێت بەبیٚ ئەوەی وازبهێننن لەوەی خودی خۆیان بن, تەنانەت ئێمە دەتوانین بڵێین ڕۆژئاواییەكان چەندە پێشبكەون زیاتر هەست بەهەماهەنگی لەگەڵ ڕووناكبیرییەكەیدا دەكەن تەنیا ئەوانەی كە نوێگەری رەتدەكەنەوە خۆیان بەدابڕاو لەواقیع دەبینن"

بەڵام سەبارەت بەشەكانی تری جیهانو هەموو ئەوانەی لەئامێزی ڕووناكبیرییەكی بەزیودا لەدایكبوون. ئامادەگیی بۆ گۆڕانكارییو نوێگەریی بەگەلیٚ شێوەیەوە باسی لێوەكراوە" سەبارەت بەچینیی یان ئەفریقی یان ژاپۆنیی یان هندیی یان روسیی" هەر وەكو ئێرانیەكان یان عەرەب یان یەهودیان توركەكان نوێگەریی بەردەوام پێكهاتووە لەوازهێنان لەبەشێك لەخود تەنانەت كاتیٚ هەندیٚجار نوێگەریی هەستی هەڵچوون دەهەژێنیٚ. هەمیشە هەندیٚ ئازارو هەستكردن بەكەمییو خۆنەویستییو پرسیارێكی بەئازاری سەبارەت بەو مەترسیانە كەلەنوێگەرییەوە پەیدا دەبێتو گرفتی قووڵی ناسنامە.

www.pertwk.com



"5"

کاتێنوێگەری نیشانەی (ئەویتر) هەڵدەگرێت جێگای سەرسامیی نابێت کەببینین هەندێ کەس دروشمی کۆنخوازی هەڵدەگرن لەپێناوی دووپاتکردنەوەی جیاوازبوونیان. ئەمەش ئەوەیە کەئەمڕۆ لای هەندێ لەموسڵمانی پیاوو ژن دەبینین بەڵام ئەم دیاردەیە لەسەر کەلتورێك یا ئایینێکی تایبەت رانەوەستاوە بۆ نموونە هەر دەبووایە چاوەروانی شۆرشی بەلشەفی بکرایە لەرووسیا بۆ ئەوەی لەکۆتایدا واز لەساڵژمێری یولێوسی کۆن بهێنرێت, لەبەرئەوەی پا بەندبوونیان بەساڵژمێری گریگۆریی لەچوارچێوەی یاری پەتراکێشاندا کە لەنزیکەی هەزار ساڵەوە لەنێوان ئەرسۆدۆکس و کاسۆلیکدا هەیە ئەو هەستەیان لا دروست بکات کەئەوان قایل بوون بەوەی دوا قسە بۆ کاسۆلێکەکانە. ئایا ئەمە بەتەنیا هەرسومبلێ بوو؟ هەموو شتێ لەمێژوودا گوزارشت لەخۆی دەکات لەرێگەی چەند هێمایەکەوە وەك مەزنایەتی، شکان, سەرکەوتن و دۆران, بەختیاریی و ئارامیی و هەژاریی و ناسنامە زیاتر لەهەر شتێکیتر. هێندە بەس نییە گۆران لەگەڵ رۆحی سەردەمدا بگونجێت بۆ ئەوەی قبووڵ بکرێت, پێویستیشە واق و ڕمان دروست نەکات لەسەر ئاستیهێماکان, هەستی خۆنەویستی نەبەخشێت بەوانەی هانیاندە دەین بۆ گۆرانکاریی.

گەلێ ساڵە لەفەرەنسا لەلای هەندێ لەنزیکترین هاورێکانم تێبینی دەکەم کەدێنەسەر قسەکردن دەربارەی بەجیهانیی بوون وەك ئەوە وایە باسی کارەساتێك بکەن و ناوبردنی گوندێکی جیهانی هیچ سەرنجیان راناکێشێ، وایانلێهاتووە کەمتر تامەزرۆی ئینتەرنێت و دوا گۆرانکارییەکانبن لەبواری پەیوەندییەکاندا. ئەویش لەبەرئەوەی بەجیهانیی بوون ئەمرۆ لەدیدی ئەوانەوە وا دەردەکەوێت کە هاوتای ئەمریکایی بوون بێت و ئەوان پرسیار دەکەن سەبارەت بەو پێگەیەی





کەسبەینێ فەرەنسا داگیریدەکات لەم جیهانەدا کەبەشێوەیەکی خێرا خوی دەگونجێنێت و چی بەسەر زمان و کەلتوورو بابەتە تایبەتمەندەکان و درەوشانەوەو شێوەی ژیانیدا دێت: ئەوان نارەزایی دەردەبرن بەرامبەر بەکردنەوەی چێشتخانەیەك بۆ خواردەمەنی سەرپێی لەکۆڵانەکەیانداو پەستن لەهۆلیودوCNN و دیزنی و مایکرۆسۆڤت و لەرۆژنامەکاندا هەموو دارشتنی راودەنێت کەگومانی ئەوەی لێ بکرێت شێوازێکی ئینگلیزییانەی هەبێت. کە ئەم نموونەیەم هێنایەوە لەبەرئەوەیە کەبەبۆچوونی من دەریدەخات نوێگەریی چۆن تەنانەت لەرۆژئاواش ولە ولاتێکی پێشکەوتووی خاوەن رووناکبیرییەکی گەشەکردوی بەرێز لەجیهاندا جێی گومانە کەوێنا دەکرێت وەك ئەسپەکەی تەرواده بۆ رووناکبیرییەکی نامۆی بالادەست.

واباشترە بۆمان ئەو هەستە بێنینە پێش چاومان کەگەلێ لەگەلانی نا رۆژئاوایی چەشتوویانە, هەموو هەنگاوێك لەهەنگاوەکانی هەستکردن بەخۆ بەدەستەوەدان و خۆنەویستی چەندین ئەوەی بەر لەئێستاوە هاوەڵیی دەکات. پێویست بوو لەسەریان بزانن کارامەیی دەسترەنگینیان بەسەر چووە هەموو ئەوەش کەبەرهەمی دەهێنن ئیدی هیچ نرخێکی نەماوە بەبەراوردکردنی بەوەی رۆژئاوابەرهەمی دەهێنێت, هەروەها پەیوەست بوونیان بەچارەسەرکردنی پزیشکیی جارانەوە جۆرێکە لەخەیاڵ پلاوی, توانا سەربازییەکانیشیان هیچ نییە یادەوەریی نەبێت, پیاوە مەزنەکانیشیان کەوەك شاعیرە گەورەو زاناو سەربازو پیاوانی ئاینیو گەریدەکانیان هیچ مانایەکیان نییە لەشوێنەکانیتری جیهان و ئاینەکەشیان تاوانبار کراوە بەوەی بەربەرییەو زمانەکەشیان مەگەر چەند کەسێك لەپسپۆرەکان دەنا کەس نایخوێنێت" لەکاتێکدا کەپێویستە لەسەرخۆیان زمانەکانیتر بخوێنن ئەگەر بیانەوێت بمێننەوەو کاریکەن و پارێزگاریی لەپەیوەندیکردنیان بکەن بەخڵکیترەوە. کەقسە لەگەڵ رۆژئاواییەکدا دەکەن ئەوا هەمیشە بەزمانەکەی ئەو دەبێت و بەدەگمەن

www.pertwk.com



بەزمانەكەی خۆیان دەبێت. لەباشوورو ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست چەندان ملیۆن كەس دەبینین توانای قسەكردنیان هەیە بەئینگلیزیو فەرەنسییو ئیتالی. بەڵام لەبەرامبەردا چەندن ئەوانەی كەپێیان وایە بەسوودە زمانی عەرەبییو توركیی بخوێنن؟

بەڵێ لەهەموو هەنگاوێكی ژیاندا ڕێكەوتی شكستو بەدبەختیو سوكایەتی دەكەین ئیتر چۆن كەسایەتیمان چۆن لەتوپەت نابێت؟ چۆن هەست بەناسنامە هەڕەشە لێكراوەكەمان ناكەین؟ چۆن هەست ناكەین لەجیهانێكدا دەژین ئەوانیتر خاوەنی ئەون، جیهانێك كەمرۆڤ تێیدا هەست دەكات هەتیوە یان نامۆیەیان بێگانە یان؟ چۆن كەسانی تر بپارێزین لەوەی ئەو هەستەیان لەلادروست ببێت“ كەهەموو شتێكیان دۆراندووەو هیچیان نەماوە تابیدۆڕێنن تا وایانلێهاتووە لەسەر شێوازەكەی شەمشون ئاواتی ئەوە بخوازن خوا پەیكەرەكە بەسەر خۆیانو دوژمنەكانیاندا بڕوخێنێت؟ نازانم زۆر لەوانەی هەڵوێستی توندڕەوانە ئەگرنە بەر بەشێوەیەكی هۆشیارانە ئەم لێكدانەوەیە ئەنجام دەدەن لەراستیشدا ئەوان پێویستیان پێی نییە, چونكە پێویست بەباسكردنی زام ناكات تامرۆڤ هەستی پێبكات.

لەدەوروبەری سەدەی هەژدەهەمەوە جیهانی ئیسلامیی ناوچەی دەریای ناوەراست خەریكە هەست بە پەراوێز كەوتنو ئەو بۆشاییە دەكات كەلەڕۆژئاوای جیادەكاتەوە لەوەش گرانتر نییە كەمێژوویەك دەستنیشان بكەیت بۆ ڕووداوێكی شاراوەی وەك پرۆسەی هوشیاریی بەڵام بەشێوەیەكی گشتی جێگای ڕەزامەندییە دوای هەڵمەتەكەی پۆناپارت بۆ سەر میسر لەساڵی 1799دا گەلێ كەسایەتی لەنێو خوێندەوارەكاندا دەركەوتن هەروەها لەنێو بەرپرسە سیاسیەكاندا بۆ نموونە پرسیار دەكرێت بۆچی تائەو ئاستە دواكەوتین؟

بۆچی ڕۆژئاوا بەو ڕادەیە بەجێی هێشتین؟ چیكرد؟ ئێمە چیبكەین باشە تاپێیبگەینەوە؟





سەبارەت بەمحەمەد عەلی والی میسر لاسایی كردنەوە تەنیا ڕێگەبوو بۆ ئەوەی بەئەوروپا بگاتەوە, لەم ڕێگەیەدا زیادەڕۆیی كرد, پەنای بردە بەر دكتۆرە ئەوروپییەكان تا كۆلێژی پزیشكی لەقاهیرە دابمەزرێنن, تەكنیكی نوێشی خستە ناو بوارەكانی كشتوكاڵیو پیشەسازییەوە بەهەنگاوی بەگوڕ تەنانەت ئەفسەرێكی پلەداری پێشووی ناپلیۆنی كرد بەسەركردەی سوپاكەیو پێشوازیی لەتۆباوییە فەرەنسییەكانی لایەنگری قەشەسیمۆن كرد. تا لەسەر خاكی میسر چەند ئەزموونێك بوێرانە تاقیبكەنەوە كەئەوروپا رەتیكردوونەتەوە, لەماوەی چەند ساڵێكدا سەركەوتوو بوو لەوەدا كەوڵاتەكەی بكات بەهێزێكی بەڕێزی هەرێمەكە. ئەو هەڵمەتی پێشخستنو وەك رۆژئاوا لێكردنەی میسر كە گرتبوویەبەر. بەسوور بوونێكەوە كە لەسووربوونی بوتڕوسی گەورە كەمتر نەبوو، بەڵام بەشێوەیەكی كەمتر توندوتیژو بەبێ بەرەنگارییەك كەشایەنی باس بێت ئەم فەرمانڕەوا پێشووەی عوسمانیەكان لەرۆژهەڵات دەوڵەتێكی هاوچەرخی بنیات نا توانای هەبوو جێگاو شوێنی خۆی لەناو میللەتاندا بكاتەوە. بەڵام خەونەكە رەوییەوەو عەرەبیش لەم ئەزموونەدا هیچی بۆنەمایەوە یادەوەرییەكی تاڵ نەبێت, تائەمرۆش بیرمەندو سەركردە سیاسییەكان بەخەمو توورەبوونەوە یادی ئەو هەلە دەكەنەوە كەدەستیان چوو. لەهەموو بۆنەیەكدا بەوانە دەڵێن كەدەیانەوێت گوێبگرن كەهێزە ئەوروپیەكان بینیان محەمەد عەلی زۆر مەترسیدارو ڕزگاریخوازی لێدەرچووە بۆیە پەیمانیان بەست لەپێناوی ڕاگرتنی بەرزبوونەوەیداو هەڵمەتێكی سەربازیی هاوبەشیشیان لەدژی بەگەڕخست كەژیانی بەشكاوییو سوكایەتی كۆتایی پێهات,

لەراستیدا كەبیر لەوهەموو یارییە سەربازییو دبلۆماسییە دەكەینەوە كە لەچواردەوری ئەم مەسەلەی ڕۆژهەڵاتە روویانداوە دەكرێت وایدابنێن ئەم مەسەلەیە لەراستیدا بەتەنیا هەر بەشێكی ئاسایی بووە لەتەرازووی هێزەكانی نێوان دەوڵەتان. ئینگلتەرا وای پێباشە لەسەر ڕێگەی

www.pertwk.com



هندستان ئیمپراتۆریەتی عوسمانیی ماندوو نەخۆش ببینێتەوە لەجیاتی دەوڵەتێکی بەهێزی میسریی‌و هاوچەرخ. ئەم هەڵوێستە جیاواز نییە لەوەی کەپاڵی بەخودی ئینگلتەراوە ناچەند ساڵێك بەر لەوە لەرووی ناپلیۆندا بوەستێتەوەو هاوپەیمانێییەکی بەتوانا بجووڵێنێت بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆرییەتی ئەورووپی کەدروستی کردبوو، بەڵام ناکرێ میسری سەدەی نۆزدە بەراورد بکرێ لەگەڵ فەرەنسادا کەخۆی هێزێکی مەزن بووە دەکرێ بشکێت‌و وادەردەکەوێت رووخاوە, دواتر پاش نەوەیەك هەلسێتەوە سەرپێی خۆی بەگەشەکردووی‌و سەرکەوتنەوە لەساڵی 1815دا فەرەنسا شکاوو داگیرکراو بوو. لەساڵی1830دا, واتە دوای پانزەساڵی ڕێك سەلامەتیی بۆ گەڕایەوە تاوایلیێهات بتوانێ هەڵمەتێك بکاتە سەر جەزائیری فراوان بەڵام میسر خاوەنی ئەمجۆرە سەلامەتیە نەبوو. چونکە ئەو تازە لەخەوێکی قووڵ بەئاگا هاتبوو تازە لەپرۆسەی نوێگەریدا دەستبەکار بوو بوو.

دەرکەوت ئەو جەزرەبەیەی لەسەردەمی محەمەد عەلی‌دا ئاراستەی کرابوو کوشندە بوو و ئیتر, هەلی بۆ نەرەخساوە دوای ئەوە بەدەوڵەتە پێشکەوتووەکان بگاتەوە,

بەڵام ئەو ئەنجامەی عەرەب لەو قۆناغەدا دەستەبەریکردو تائێستاش هەر بەردەوامە ئەوەیە ڕۆژئاوا نایەوێت هیچ کەسێ وەك ئەو بێت. دەیەوێت تەنیا ملکەچی بن‌و لەنامە گۆرینەوەی نێوان گەورەی میسرو باڵیۆزخانەکاندا بڕگەی بەئازار ببینینەوە کەدوو دڵ نییە تیایدا کردەی شارستانی بخاتەڕوو جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی بەردەوام ڕێزی لەبەرژەوەندیی ئەوروپا گرتووەو پرسیار دەکات بۆچی هەوڵی لەناوبردنی دەدەن هەروەها دەنووسێ (لەسەر ئاینەکەیان نیم بەڵام منیش مرۆڤم‌و پێویستە بەشێوەیەکی مرۆڤانە مامەڵەم لەگەڵدابکرێت).



ناسنامە بکوژەکان

"6"

نمونەکەی محەمەدعەلی ئەوە دەردەخات جیهانی عەرەب هەرزوو دەرکی بەوەکردووە نویگەریی پێویستییەو زۆریش پێویستە بەڵام هەرگیز بۆی هەڵنەکەوتووە بەهێمنی لێی نزیك بکەوێتەوە. هەر بەتەنیا لەسەری نەبووە قۆناغەکان بسووتێنێت, لەکاتێکدا کەئەوروپا توانی توانا رووناکبیریی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئاینییەکانی بەهەند وەربگرێت, بەڵکو لەسەرشانی بوو وێرای ئەمە ئاوارەبێت لەکاتی بەرگریکردنیدا لەخۆ لەبەرامبەر ڕۆژئاوایەکدا کەلەلوتکەی فراوانیدایەو زۆربەی کاتیش دزێوو لوتبەرزە. سەر بەرز باسی میسرم کرد“ دەکرا باسی چین بکەم کەلەهەمان کاتدا ملکەچی شەری ئەفیونی شەرمەزارکەر بوو بەناوی بازرگانی ئازادەوەهەر لەبەرئەوەش بوو کرانەوەی ڕەتدەکردەوە لەبازرگانیکردنی پڕ لەسوودی ماددە سڕکەرەکاندا دەبێت ئەوەش وەبیر بخەینەوە کەبەرەو پێشچوونی رۆژئاوا کەشتی بێ وێنەی بەمرۆڤایەتی پێشکەش کردووە دیاردەی وایشی هەبووە شانازی پێوە ناکرێت. رووداوی دامەزراندنی جیهانی نوێ رووداوێکی رووخێنەریش بووە چونکە ئەو ڕۆژئاوایەی سەرچاوەی توانایەو دەرك بەهێزە نوێیەکەی دەکات‌و قەناعەتی بەبالادەستبوونی خۆی هەیە لەهەمولایەکەوە دەستی کرد بەهێرشکردنەسەر جیهان‌و لەهەموو بوارەکاندا بەیەکەوە“ سوودەکانی بواری پزیشکی‌و لایەنی تەکنیکی نوێ‌و پەیڤەکانی ئازادیی بلاودەکاتەوەو لەهەمان کاتیشدا قەسابخانەو پرۆسەکانی دزین‌و بەکۆیلەکردن پیادە دەکات.

ئەگەر بەکورتیەکەی ویستبێتم ئەم راستییانە باس بکەم بۆئەوەیە جەخت لەسەر ئەو راستیە بکەمەوە کەهیچ رۆژێ بۆ عەرەبێك ئاسان نەبووە هەروەها بۆ هندییەك یان مەدغەشقەرییەك یان هندو چینی یان

www.pertwk.com



وەچەیەکی ئەزتیك کەبەبێ پێشینەیان پەشیمانیی یان ئازار بەتەواوەتی ئینتیمای هەبێت بۆ کلتووری ڕۆژئاوایی. دەبووایە گەلێ لەمەترسیی و بەهەند وەرگرتن و هەندێ جار بێ ئابڕوویی و بیرکردنەوە لەجێبەجێکردنی ورد تێبپەڕێنرێت هەرزوو لەتوانادا نەماوە بەئاسانیی پرسیار بکرێت وەك لەسەردەمی محەمەد عەلیدا پرسیارکراوە (چۆن خۆمان پێشبخەین) چارە نەبوو هەر دەبووایە پرسیاری ئالۆزتر بکەین وەك ئەوەی (چۆن بتوانین شانبەشانی نوێگەریی بڕۆین بەبێ ئەوەی ناسنامەکەمان لەدەست بدەین)“ (چۆن کلتووری ڕۆژئاوایی وەربگرین بەبێ ئەوەی پشت لەکلتوورە تایبەتیەکەی خۆمان بکەین). (چۆن لێهاتووی ڕۆژئاوا دەستەبەربکەین بەبێ ئەوەی لەژێر ڕەحمەتیدا بمێنینەوە؟) ئەو بەڕۆژئاوایی کردنە بەبەرنامەو بێ گرێیە کەگەورە پیاوی میسر پیادەی دەکردو لەلیستی کارەکاندا نەما“ گەورە پیاوی میسر پیاوی سەردەمێکی تر بوو وەك چۆن لەفەرەنسای سەدەی هەژدەهەمدا هیچ دوودڵ نەبوون لەوەی حکومەت تەسلیم بەجۆلیۆمازارینی ئیتاڵی بکەن و وەك چۆن توانای ئەوەی بەژنە ئەڵمانییەك بەخشی تا لەڕووسیای سەدەی هەژدەهەمدا لەسەر تەختی قەیسەرەکان دانیشێ. محەمەدعەلی بەمەنتقی دەسەڵات و دەوڵەت بیریدەکردەوە نەك بەمەنتیقی نەتەوە چونکە بەڕچەڵەك ئەلبانی بوو هیچ هۆیەکیش نەبوو پاڵیپێوەبنێت تاسەرکردایەتی سوپای میسر بەعەرەبێك ببەخشێ لەجیاتی بۆسنیەك یان فەرەنسییەك, چارە نووسیشی کەمێك سەرکردە ڕۆمانیەکان وەبیر دەهێنێتەوە کەلەهەرێمەکانی ئیمپراتۆریەتەکەدا بنکەیەکی دەسەڵاتیان بنیاتنا بەڵام خەونیان هەر بەهێرشکردنە سەر ڕۆماوە دەبینی تاخۆیان وەك پیاوی ئایذی و فەرمانڕەوای مەزن ڕابگەیەنن. ئەگەر بیتوانیایە خەونەکەی بهێنێتەدی لەئەستەمبووڵ نیشتەجێدەبوو تابیکات بەپایتەختی ئیمپراتۆریەتێکی موسڵمان لەسەر تەرزێکی ئەوروپایی.





بەهەر حاڵ مەسەلەکان لەساڵی1849داو بەمردنی ئەو گۆڕان, چونکە ئەورووپا چووە سەردەمی نەتەوایەتیەوەو ئیمپراتۆریەتە خاوەن نەتەوە جیاجیاکان چوونە قۆناغی پاشەکشێوە. جیهانی ئیسلامیش دواناکەوێت لەگەیشتن بەم بزووتنەوەیەوە ئەو گەلانەی کەعوسمانیەکان حوکمیان دەکردن لەبەلقان دەستیانکرد بەجووڵان بەهەمان شێوەی گەلانی ئیمپراتۆریەتی نەمسایی و مەجەری. لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش خەڵکی پرسیاریان سەبارەت بەناسنامە ڕاستەقینەکەی خۆیان دەکرد“ تا ئەو کاتە هەریەکەیان ئینتیمای زمانیی یان ئاینی یان هەرێمییان هەبووە“ بەڵام مەسەلەی ئینتیما بۆ دەوڵەتێك جیگای باس نەبوو، چونکە هەموویان مسکێنی سوڵتان بوون, هەر کەئیمپراتۆریەتی عوسمانیی دەستی کرد بەلەت و پەت بوون بەناچاریی دابەشکردنی ئەو سەروەت و سامانەی لەشەڕەوە دەستکەوتبوون خرایە لیستی کارەکانەوە لەگەڵ ئەوململانێیەدا کەچارەسەری نییەو بەدوای ئەمەدا دێت. ئایا پێویستە هەموو کۆمەڵێك دەوڵەتێکی تایبەتی هەبێت؟ بەڵام چارچییە لەکاتێدا کەچەندین کۆمەڵ لەچەندین سەدەوە لەهەمان وڵاتدا بەیەکەوە ژیاون؟

ئایا پێویستە خاکی ئیمپراتۆریەتەکە بەپێی زمان یان ئاین دابەش بکرێن یان بەپێی سنوورە تەقلیدییەکانی هەرێمەکان؟ ئەوانەی لەم ساڵانەی دوایدا ئاگاداری تەقینەوەی یوگسلافیا بوون دەتوانن بیرۆکەیەکی زۆر سادەو بەپێوەرێکی بچووککراوە دروست بکەن لەسەر ئەوەی لەناوبردنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیی چۆن بووە.

زۆر لەگەلان هەوڵیاندا لێپرسراوێتی ئەو ئازارانەی کەپێوەی دەناڵێنن بیخەنە ئەستۆی گەلانیتر وەك ئەوەی کەعەرەب پێشناکەون هۆکەی ئەوەیە حوکمی تورکیی تەزاندوونی و کەتورکەکان پێشناکەون لەبەر ئەوەیە چەندین سەدەیە باری گرانی جیهانی عەرەبیی بەدوای خۆیاندا ڕادەکێشن. ئایا یەکەمین باشەی نەتەوەیی ئەوەنیە بۆ هەموو مەسەلەیەك تاوانبارێك دەدۆزێتەوە, لەجیاتی چارەسەرێك؟ کەواتە عەرەب لەتورك

www.pertwk.com



یاخی بوون لەو باوەڕەوەی ڕابوونەکەیان دواجار لەڕەگ و ڕیشە دەردەهێنرێت لەکاتێکدا کەتورکەکان سەرقاڵی لابردنی جێگا دەستی عەرەب بوون لەسەر کلتوورو زمان و ئەلف و بێ و جلوبەرگەکانیان تابتوانن بەئاسانیەکی زیاترو بارێکی کەمترەوە پەیوەندیی بەئەوروپاوە بکەین.

لەوانەیە بەشێ لەحەقیقەت لە بیرو بۆچوونەکانی هەردوولادا هەبووبێت. هەموو ئەوەی بەسەرماندا دێت بەشێوەیەك لەشێوەکان هەڵەی ئەوانیترەو ئەوەی بەسەر ئەوانیتردا دێت ئەوەیە کەهەمیشە بەهۆی هەڵەی ئێمەوە روودەدات. بەڵام گرنگنییە, ئەگەر بۆچوونی عەرەبە نەتەوەییەکان یان تورکەکانم باسکرد بێت بۆ گفتوگۆ لەسەرکردنی نەبووە بەڵکو بۆ سەرنجراکێشان بووە بۆ راستیەك کەزۆربەی کات لەیادکراوە" ئەویش ئەوەیە کەوەڵامدانەوەی خۆڕسکی جیهانی ئیسلامیی بەرامبەر بەو مەسەلەیەی کە پێویستە بۆ نوێگەرایەتی پەیدا بوونی ئوسولییەتی ئایینی نەبووە، چونکە ئوسوڵیی ئاینی بۆ ماوەیەکی زۆر دوورودرێژ هەڵوێستێکی گەلێ کەمینە بوو, هەڵوێستی چەند گروپێکی کەم و پەراوێزییە دەڵێین پەراوێزیی تا نەڵێین پروپوچ, جیهانی ئیسلامی لەدەوروبەری دەریای ناوەڕاست فەرمانڕەوایی نەکردووە بەناوی ئاینەوە بەڵکو بەناوی نەتەوایەتیەوە. چونکە نەتەوەییەکان وڵاتیان گەیاند بەسەربەخۆیی, ئەوان باوکی نیشتمان بوون و ئەوان بوون کەدواتر جڵەوی مەسەلەکانیان بۆماوەی چەند سەدەیەك گرتە دەست. هەمووچاوەکانیش بەئومێدو هیواوە بۆیان دەڕوانیی هەموویان عەلمانیی کراوەو هاوچەرخ نەبوون وەك ئەتاتورك بەڵام نەدەگەڕانەوە بۆلای ئەو ئاینەی لەنێوان دوو کەوانەدا دایاننابوو. عەبدولناسڕ دیارترین ئەو سەرکردانەبوو! وتم دیارترینیان بوو؟ ئەمە ئاماژەیەکی رووکەشانەیە, چونکە مەحاڵە ئەمڕۆ بەبیرماندابێت سەرۆکی میسر لەسەرەتای ساڵی 1956دا رۆیشتوو دەسەڵاتێکی هەبووە,





وێنەکانی لەهەموو شوێنێکدا هەڵواسرابوون هەر لەکازابلانکاوە تاعەدەن, گەنجان و نەوجەوانان سوێندیان بەکەس نەدەخوارد ئەو نەبێت و بڵندگۆکانیش سرودی سەرکەوتنیان پەخش دەکرد, کەیەکێك لەگوتارە هەژێنەرە دوورودرێژەکانی پێشکەش دەکرد خەڵکی بۆماوەی دوو سەعات یان سیان یان چوار, لەدەوری رادیۆکانیان کۆدەبوونەوە بەبێ ماندوبوون, عەبدولناسڕ لەلای خەڵکی، نموونەیی و پیرۆزبوو, نائومێدانە بەمێژووی هاوچەرخدا گەڕام بۆ دۆزینەوەی دیاردەی هاوشێوەی ئەم, بەڵام هیچم نەدۆزییەوە" دیاردەیەك نییە ئەو هەموو دەوڵەتەی لەیەك کاتدا گرتبێتەوە بەو گوڕوتینەوە, بەهەر حاڵ هێندەی پەیوەندی بەجیهانی عەرەبیی ئیسلامییەوە هەبێت هەرگیز هاوشێوەی ئەم دیاردەیە رووینەداوە نەلەدوورو نە لەنزیك.

ئەم پیاوە زیاتر لەهەر پیاوێکی تر خواستەکانی عەرەب و ئیسلامی هەڵگرتبوو, دوژمنێکی سەرسەختی ئیسلامییەکان بوو, ئەوان هەوڵی تیرۆرکردنیان داو ئەویش ژمارەیەك لەسەرکردەکانی لە سێدارەدان. وێرای ئەوە بەبیرم دێت لەوکاتەدا ئەوەی پەیوەندی بەبزووتنەوەیەکی ئیسلامییەوە هەبووایە لەلای خەڵکی ئاسایی بەدوژمنی نەتەوەی عەرەب و زۆر جاریش بەپیاوی ڕۆژئاوا دادەنرا.

هەموو ئەمانە بۆ ئەوەیە بڵێین روانین بۆ ئیسلامی سیاسی دژ بەنوێگەریی و ڕۆژئاوا بەو سیفەتەی گوزارشتێکی خۆرسك و سروشتییە لەگەلانی عەرەب, بەلایەنی کەمەوە کورتکردنەوەیەکە پەلەی تێدایە.

مەسەلەکە وایخواست سەرکردە نەتەوەییەکان و لەسەرو هەمووشیانەوە عەبدولناسڕ بگەنە رێگایەکی بن بست، ئیتر یان بەشکستە سەربازییە یەك لەدوای یەکەکانیان یان بەهۆی بێتوانایییانەوە بەرامبەر بەچارەسەرکردنی مەسەلە پەیوەستەکان بەگەشەکردنەوە. بەرلەوەی بەشێکی گرنگ لەخەڵکی دەستبکەن بەگوێگرتن لەگوتاری ئسولیە ئاینیەکان و دەبینین جلوبەرگ و هێشتنەوەی ریش وەك هێمایەك

www.pertwk.com



بۆ نارەزایی دەستی کرد بەبڵاوبوونەوە لەحەفتاکانەوە. دەتوانم بەشێوەیەکی دوورودرێژ باس لەهەموو حاڵەتەکان بکەم حاڵەتەکانی میسروجەزائیرو هەموو ئەوانیتریش. چیرۆکی خەیاڵ پلاویی‌و نائومێدیی‌و دەستپێکە خراپ‌و هەڵبژادە وێرانکەرەکان‌وشکستی نەتەوایەتی‌و سوسیالیست‌و هەموو ئەوانەی گەنجەکانی ئەم ناوچەیە وەك گەنجانی شوێنەکانیتری دنیا باوەڕیان پێیەتی‌و وازیان نەهێناوە لەباوەڕپێهێنانی هەر لەئەندەنوسیاوە تاپیرۆ. دەمەوێت لێرەدا بەتەنیا ئەوە چەندین جار دووپاتبکەمەوە کەئسولیەت هەڵبژاردەیەکی هەرەمەکیی نییەو هەڵبژاردەیەکی سروشتی یان ڕاستەوخۆی عەرەب یان موسڵمانان نییە. بەر لەوەی ئەم ڕێگایە فریویان بدات هەر دەبووایە هەموو ڕێگاکانی تر دابخرێن‌و ئەم ڕێگا دێرینەش بەشێوەیەکی دژ لەچوارچێوەی رۆحی سەردەمدا دەربکەوێت.





# سەردەمی خێڵە ئەستێرەییەکان

## "1"

زاراوەی (رۆحی سەردەم ) چەمکێکی وردنییە, بۆیە بەکاریدەهێنم تا ئاماژە بەو راستیە باوو تاروون بدەم کە وا لە گەلێ کەس دەکات لەهەندێ قۆناغی مێژوودا دەستبکەن بەخستنەرووی توخمێك لەناسنامەکەیان لەسەر حسابی توخمەکانیتری. بەمشێوەیە لەئەمرۆماندا جەختکردنە سەر ئینتیمای ئاینی‌و دانانی بەرەگەزی سەرەکیی لەناسنامەدا بووە بەهەڵوێستێکی باو ئەمەش بێگومان لەچاو سێ سەدە لەمەوپێشدا کەمتر بڵاوە بەڵام بەدڵنیاییەوە زۆر بڵاوترە لەوەی پەنجا ساڵ لەمەوپێش هەبووە.

دەکرا باسی دەوروبەری فیکریی یان کەشی سۆزداریی بکەم کە ئەمانە خەریکن دەبن بەچەند چەمکێکی کەمتر شاراوە لەرۆحی سەردەم بەڵام ئەوەی گرنگن ئەم پرسیارە راستەقینانەن: چی وا لەپیاوان وژنانی سەرجەم رەچەڵەکەکانی سەراپای جیهان دەکات ئەمرۆ دۆزینەوەی ئینتیما ئاینییەکەیان دووپاتبکەنەوە هەست بەوە بکەن پاڵیان پێوە دەنرێت بۆجەختکردنەوە لەسەری بەرێگەی هەمەجۆر لەکاتێکدا ئەو کەسانە خۆیان لەساڵانی ڕابردوودا وایان پێباشبووە هەڕەمەکییانە ئینتیمای تری پێشبخەن؟ چی‌وا لەموسڵمانێکی یوگسلافی دەکات واز لەوە بهێنێت بڵێت یوگسلافیم‌و جەخت لەسەر ئەوەبکات بەر لەهەموو شتێ موسڵمانە؟ هەروەها چی پاڵ بەکرێکارێکی یەهودییەوە دەنێت کە بەدرێژایی ژیانی لەرووسیا بەپرۆلیتار ناسراوە جەخت لەسەرئەوە بکات ئەو بەر لەهەموو شتێ یەهودییە؟ چۆن روودەدات جەختکردنەوەی گەورە کراوی ئینتیمای ئاینی کە لەرابردوودا وادەرکەوتووە نەگونجاوە

www.pertwk.com



ئەمرۆ لەیەك كاتدا سروشتیی و ڕێگەپێدراو دەربكەوێت لەگەڵ دەوڵەتدا؟ دیاردەكە ئاڵۆزەو هیچ لێكدانەوەیەك نییە بەشێوەیەكی قایلكەر لێكیبداتەوە, ئاشكرایە پاشەكشەی جیهانی شیوعیو دواتر رووخانی رۆڵێكی یەكلاكەرەوەیان بینیوە لەم پێشكەوتنەدا, چونكە ماركسیزم لەسەدەیەك زیاترە پەیمانی ئەوە دەدات لەسەر بەشی زۆری گۆی زەوی كۆمەڵگەیەك دابمەزرێنێت لەسەر شێوازێكی نویٚ كەبیرۆكەی خودای لیٚ دوور خرابێتەوە. ئیتر ئەنجامی شكستی ئەم پرۆژەیە لەسەر ئاستی مەعنەویو فیكریی چاكسازی لەو بیروباوەڕانەدا كرد كەدەیانویست فڕێیانبداتە تەنەكەی خوڵی مێژووەوە, ئاینیش وەك پەناگەیەكی رۆحییو ناسنامە هەر لەپۆڵۆنیاوە تا ئەفغانستان خاڵێكی بەیەكگەیشتنی ئاشكرای خوڵقاندووە بۆ هەموو ئەوانەی دژی كۆمۆنیزم خەبات دەكەن وەك چۆن شكستی ماركسو لینینیش وا دەركەوت وەك ئەوەی تۆڵەی ئاینەكان بێت, بەلایەنی كەمەوە وەك سەركەوتنی سەرمایەداریی ولیبراڵیی یان وەك سەركەوتنی ڕۆژئاوا دەركەوت.

بەڵام ئەم هۆكارە تاكە هۆكارنییە كەرۆڵی یەكلاكەرەوەی بینیووە لەنەشونماكردنی دیاردەی ئاینیدا لەماوەی چارەكی كۆتایی سەدەی بیستەمدا, ئەگەر دواقەیرانی جیهانی شیوعی باری سەرشانی گفتوگۆی فیكریو سیاسی گرانكردبێتو گرانیشی بكات ڕاستی زۆر هەن بە نائاشكرایی دەمێننەوە ئەگەر هۆكاری تر لەبەرچاو نەگرین یەكەمیان ئەو قەیرانەی ترە كەهەندێك زۆر بە سانایی بە(قەیران) ناوی دەكەن واتە ئەو قەیرانەی دووچاری ڕۆژئاوا دەبێت.

ناتوانرێت ئەم قەیرانە لەهەمان ئاستدا لەگەڵ قەیرانی كۆمۆنیزمدا دابنرێت" چونكە بێهودەیە نكوڵی كردن لەوەی ئەو ململانیٚ دوورودرێژەی كەدوو سەربازگەی لەبەرامبەر یەكتردانا بوو بەمایەی ئەوەی براوەو دۆراو هەبن, بەڵام ناتوانین بەهەمان شێوە نكوڵی لەنموونەی ڕۆژئاوایی بكەین وێرای سەركەوتنیشی وێرای





درێژبوونەوەی كاریگەرییەكەی بۆ سەر سەرجەم كیشوەرەكان وەك نموونەیەك دەردەكەوێت لەقەیراندا كە بێتوانایە بەرامبەر بەچارەسەركردنی گرفتی هەژاریی لەچواردەوری خۆیو بێتوانایە بەرامبەر بەرووبەرووبوونەوەی بیٚكارییو كەتنو ماددە بێهۆشكەرەكانو گەلیٚ كارەساتیتر, وێرای ئەوەی یەكیٚ لەهەرە شتە ناكۆكەكانی ئەم سەردەمە كەنیگەرانی دەوروژێنێت ئەوەیە نموونەی كۆمەڵی هەرەسەرنجڕاكێش كەپشتی هەموو نموونەكانی تری شكاندووە بەقووڵیی گومان لەخۆی دەكات.

با بۆ ساتێك خۆمان لەشوێنی گەنجێكی تەمەن 19 ساڵ دابنێین كەتازە لەیەكیٚ لەزانكۆكانی وڵاتێكی عەرەبیی وەردەگیرێت" لەرابردوودا كۆمەڵی ماركسیی سەرنجی رادەكێشیو بۆی دەردەخات كە لەو نارەحتییانە گەیشتووە كەدێنە رێی لەژیانداو فێری دەكات چۆن لەبیروبۆچوونەكان بكۆڵێتەوە لەسەر شێوازی خۆی یان لەوانە بووە پەیوەندیی بەرێكخراوێكی نەتەوەییەوە بكات بۆ ئەوەی پێویستیەكەی بەناسنامە بۆ بهێنێتەدیو ئەورێكخراوەش باسی رابوونو نوێبوونەوەی بۆ بكات. بەڵام ئەمرۆ ماركسیزم ئەفسوونی خۆی لەدەستداوە وەك چۆن بیری نەتەوەیی عەرەبیش كەهەندیٚ دەسەڵاتخوازی بیٚ تواناو بۆگەن پێشەوایەتی دەكەن راستگۆیی خۆی لەدەستداوە, دووریش نیە ئەوگەنجە شەیدای ژیانی رۆژئاوا بێت بەشێوەی ژیانو دەسكەوتە زانستییەكانو تەكنۆلۆژیا بەڵام ئەم سەرسام بوونە هیچ كاریگەرییەكی نابێت لەسەر پابەندبوونی مادام هیچ رێكخراوێكی سیاسی نیە ئەم نموونەیە بەرجەستەبكات, ئەوانەی چاویان لە(فیردەوسی ڕۆژئاوا )یە هیچ رێگایەكیان لەبەردەمدا نییە كۆچكردن نەبێت, مەگەر پەیوەندییان بەیەكیٚ لەو چینە خاوەن ئیمتیازانەوە هەبێت كەهەرچۆنێك رێكبكەوێت لەگەڵ هەندیٚ دیاردەی ئەم نموونەیەدا یەكدەگرێتەوە بەڵام هەموو ئەوانەی بەبیٚ ئۆتۆمبێلێكی لیمۆزین كە لەبەردەمی دەرگاكەیاندا

www.pertwk.com



وەستابێتو هەموو ئەوانەی ئارەزوویان لەوەیە ڕژێمی دەسەڵاتدار سەرەو ژێر بکەنو هەموو ئەوانەی دژی گەندەڵیو زوڵمو زۆری دەوڵەتو نایەکسانیو بێکارییو بێ ئاسۆییو هەموو ئەوانەی گرانیەك لەدۆزینەوەی شوێنی خۆیاندا دەبینن لەجیهانێکدا بەخێرایی دەگوزەرێت, هەموو ئەمانە مەدی ئیسلامی فریویان دەدات چونکە لەڕێگەی ئەوەوە پێویستی خۆیان بۆناسنامەو پێویستییان بۆ خۆدانە پاڵ کۆمەڵەو پێداویستیە رۆحییەکەیان تێردەکەنو پێویستیان بەڕێگاچارەیەکی سادەشە بۆ ڕاستیی زۆر ئاڵۆزو بۆکارو یاخی بوون.

من کە ئەو هەموو بارودۆخانە دەخەمەڕوو کەگەنجانی جیهانی ئیسلامی بەرەو تێکەڵاوبوون بەبزووتنەوە ئایینییەکان دەبات هەستکردن بەبێزاربوونێکی قووڵ دامدەگرێت, ئەویش لەوێوە سەرچاوەی گرتووە من هەستدەکەم ناتوانم لەو ململانێیەدا کە لەنێوان ئیسلامییەکانوو ئەوسەرکردانەدا هەیە ئەوانەی دژیان دەوەستنەوە سەربەیەکێ لەو دوو سەربازگەیە بم" چونکە گوتاری ئیسلامی ئسولی بۆ من تابووە بەتەنیا لەبەر ئەوەنا هەستدەکەم پەیوەندی بەمنەوەنییە لەبەرئەوەی مەسیحیم بەڵکو لەبەرئەوەی ناتوانم بەوە قایل بم گروپێکی ئاینی ئەگەر زۆرینەش بن بیروباوەڕی خۆیان بەسەر خەڵکی تردا بسەپێنن وایدەبینم جەوری زۆرینە باشترنیە لەدەسەڵاتی کەمینە لەرووی ئیتیکییەوە, هەم لەبەرئەوەش کەمن بەقووڵی باوەڕم بەبەرابەریی هەیە بۆ هەمووان بەتایبەتی بەرابەریی لەنێوان ژنانو پیاواندا هەروەها باوەڕم بەئازادی هەیە لەبیروباوەڕی ئاینیو ئازادی هەموو تاکێك لەشێوەی ژیانیدا هەروەها لەبەرئەوەی دەترسم لەهەموو باوەڕێك هەوڵی ڕەتکردنەوەی پێودانگە بنەڕەتیەکان بدات.

مادام بەوپەڕی روونی باسی ئەم مەسەلانەمان کرد هەر هێندە دەتوانم لەدرێژەی قسەکانمدا بڵێم:- دەسەڵاتە داگیرکەرەکانیش ئەوانەی دژی ئیسلامییەکان دەجەنگن بەبۆچوونی من لەوان باشترنینو من





پشتگیریکردن رەتدەکەمەوە لەو سیاسەتی لێکێشانەوەیەی پەیڕەوی دەکرێت بەبیانووی ئەوەی کە لەنێوان دوو خراپدا ئاسانەکەیان هەڵدەبژێرن. گەلان شایستەی باشترن لەوەی لەنێوان دووخراپدا ئاسانەکەیان هەڵبژێرن, هەروەها شایستەی شتێکی باشترن لە(تاکە ڕێگاچارە)چونکە پێویستیان بەرێگاچارەی ڕاستەقینە هەیە ناکرێت بێجگە لەدیموکراسیی ڕاستەقینەو نوێگەریی ڕاستەقینە شتێکیتر واتە نوێگەرییەکی راستەقینەو پەسەندکراو لەلایەن هەموانەوە لەجیاتی نوێگەرییەکی پارچە پارچە کراوو سەپێندراو بەزەبری هێز. پێم وایە لەڕێگەی خستنەرووی روانینێکی جیاوازەوە بۆ چەمکی ناسنامە دەتوانین لەدەرەوەی کێشەکەدا لەنەخشەکێشانی رێگای ئازادیی مرۆڤایەتیدا بەشدارییبکەین.

کۆتایی بەدرێژەدان بەقسەکانم دەهێنمو دەگەڕێمەوە بۆلای رۆحی سەردەمو دەڵێم ئەگەر بکرایە گەشەی ئاینیی بەشێکی بەشکستی سۆشیالیزم لێکبدرایەتەوەو بەشێکیشی بەو قەیرانەی کە دووچاری نموونەی ڕۆژئاوایی دەبێت" ناتوانرێت لەبەرفراوانبونی دیاردەکەو توندییەکەی تێبگەین بەبێگەرانەوە بۆ ئەو گۆڕانکارییە سەرسوڕهێنەرانەی ئەم دواییانە لەبواری پەیوەندییەکانوسەرجەم ئەو دیاردانە کەهەموان کۆکن لەسەرئەوەی بەجیهانی بوون ناوی بەرن. مێژوونووسی بەریتانی ئارنۆڵد توینبی لەدەقێکدا کەساڵی 1973 بڵاویکردۆتەوە روونیکردۆتەوە رەوتی مرۆڤایەتی بەسێ قۆناغی یەك لەدوای یەکدا تێپەڕیووە.

لەقۆناغی یەکەمدا کەدەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی بەر لەمێژوو پەیوەندییەکان تابڵێی خاو بوون بەڵام پێشکەوتنە مەعریفییەکانیش بەسستییەکی زیاتر دەڕۆیشتن بەشێوەیەك هەموو نوێیەك کاتی تەواوی لەبەردەمدا بوو تا بەهەموو جیهاندا بڵاوببێتەوە بەر لەوەی شتێکیتری

www.pertwk.com



نویٚ روویدات. هەروەها كۆمەڵگە مرۆڤایەتیەكان تاڕادەیەك هەمان ئاستی پێشكەوتنیان هەبووە وگەلیٚ خەسڵەتی هاوبەشیش.

لەقۆناغی دووەمدا پێشكەوتنی زانستەكان لەبڵاوبوونەوەیان خێراتربووە بەشێوەیەك كۆمەڵگە مرۆڤایەتیەكان زیاتر و زیاتر لەهەموو بوارەكاندا جیاواز بوون" ئەمەش چەند هەزار ساڵێكی خایاندووەو دەگەڕێتەوە بۆئەوەی پێیدەڵێن مێژوو. لەم دواییانەشدا قوناغی سیٚیەم دەستییپێكرد ئەمەش ئەو قۆناغەمانە كەبێگومان زانست تیایدا پێشدەكەوێت بەشێوەیەكی خێرا بەڵام بڵاوبوونەوەی زانستەكانیش لەهەمان كاتدا بەشێوەیەكی خێراتر بەڕێوەدەچێت بەرادەیەك كۆمەڵگە مرۆڤایەتیەكان تابێت خۆیان كەمتر بەجیاواز دادەنێن.

دەتوانین بە درێژیی گفتوگۆ لەسەر ڕاستیی ئەم تیۆرە بكەین كەبەشێوەیەكی سانا خستوومەتەڕوو. ئامانجم ئەوەنیە بیكەم بەبەڵگەیەك چونكە مەسەلەكە بەبۆچوونی من لەوەتیٚ ناپەڕێت نمایشێكی سەرنجڕاكێش‌و وزە بەخشێك بێت بەمێشك سەبارەت بەوەی لەئەمڕۆدا لەچواردەورمان دەیانبینین.

ئاشكرایە ئەم تێكەڵكردنە جیهانییەی وێنەو بیرەكان كەدەستبەرداری بەرفراوانبوون نابن‌و پێشناچێت هیچ كەسیٚ بتوانێت بەسەریدا زاڵبێت بەماوەیەكی زۆركورت لەدیدی مێژووی شارستانیەتەكانەوە زانیاریی‌و تێگەیشتن‌و رەفتارمان بەقووڵیی دەگۆڕێت" هەروەها دووریش نییە روانینمان بۆخۆمان‌و ئینتیماو ناسنامەكەشمان بەقووڵیی بگۆڕێت ئەگەر كەمیٚ بەشێوەیەكی گشتیٚتر قسەبكەین لەسۆنگەی گریمانەكەی توینبییەوە دەتوانین بڵێین هەموو ئەوانەی كۆمەڵگە مرۆڤایەتییەكان لەچەندین سەدەدا دروستیانكردون تاجیاوازبوونی خۆیان دەربخەن‌و سنورێك لەنێوان خۆیان‌و ئەوانی تردا دروستبكەن, ملكەچی پەستانێك دەبن ئامانجی بەشێوەیەكی سەرەكی كەمكردنەوەی ئەم جیاوازییانەو سڕینەوەی ئەو سنورانەیە.





ئەم گۆڕانەی پێشینەی نیەو لەبەرچاوماندا بەهەزاران گرمەو تریفە روودەدات‌و تائێستاش بەخێرایی روو دەدات, بەبیٚ شۆك تێناپەرێت, بێگومان ئێمە گەلیٚ لەو شتانە قبووڵ دەكەین كەجیهانی دەوروپشتمان پێشكەشمانیٚدەكات یان لەبەرئەوەی وا دەردەكەوێت بەسودە یان لەبەرئەوەی وا دەردەكەوێت بۆمان نووسراوە، بەڵام بەسەر هەریەكیٚ لەئێمەدا دێت هەڵبچین كاتیٚ هەستدەكەین مەترسییەك هەڕەشە لەرەگەزێكی گرنگی ناسنامەكەمان دەكات وەك ئەو مەترسییەی هەڕەشە لەزمان یان ئاین یان گەلیٚ لە هێماكانی كەلتووری یان سەربەخۆییمان دەكات. وەك چۆن ئەم قۆناغەی ئێستا لەژێر هێمای دووانەی گونجان‌و نەگونجاندا بەڕێوە دەچێت. پیاوان ڕۆژیٚ لەڕۆژان خاوەنی ئەو ژمارەیە نەبوون لەشتی هاوشێوەی یەكترو زانستی هاوبەش‌و سەرچاوەی هاوبەش‌و وێنەو وشەو ئامێری هاوبەش, بەڵام ئەمە پاڵ بەهەندێكەوە دەنێت زیاتر جەخت لەسەر جیاوازبوونەكەیان بكەنەوە.

دەتوانرێت ئەوەی ئێستا گوزارشتم لێكرد هەربەچاو ببینرێت, گومانی تێدانیە ئەو بەجیهانیبوونەی تیژڕەویی دەكات وەك پەرچەكردارێك دەبێتە هۆی قوڵكردنەوەی پێویستیی ناسنامە. وەك چۆن نیگەرانیی بەرامبەر بەبوون كەهاوەڵی گۆڕانكارییە كتوپڕەكانە" بەم شێوەیە پێویستیی رۆحانیی بوون قوڵدەكاتەوە تەنیا ئینتیمای ئاینی وەڵامی ئەم دوو پێویستییە دەداتەوە یان هەوڵدەدات وەڵامیان بداتەوە.

هێندە نابێت پەیڤی (پەرچەكردار)م بەكارهێنا وا باشترە روونیبكەمەوە ئەمە بەتەنیا ناتوانێت سەرجەم دیاردەكە لێكبداتەوە" بێگومان دەتوانین قسە لەسەر (پەرچەكردار) بكەین بەهەموو ئەو مانایانەوە ئەم پەیڤە هەڵیگرتوون لەكاتێكدا كۆمەڵێكی مرۆڤایەتی كەگۆڕانكارییەكان تۆقاندوونی بەدوای پەناگەیەكدا دەگەڕێن لەئیتك‌و سومبلەكانی پاشماوەی كۆندا" بەڵام پێموایە لەبەرزبوونەوەی ئاینیدا زیاتر لە تەنیا پەرچەكردار لەئارادایە. لەوانەیە هەوڵی گونجان لەنێوان

www.pertwk.com



پێویستیی بۆ ناسنامەو خواستی جیهانگیریی هەبێت, کۆمەڵە ئیماندارەکان لە راستیدا وەك چەند خێڵێکی جیهانی بەدیاردەکەون, دەشڵێم خێڵ بەهۆی ناواخنی ناسنامەکەیەوە بەڵام لەهەمان کاتیشدا دەڵێم جیهانی لەبەرئەوەی بەئاسانی سنور دەبڕێت. ئینتیما بۆ بیروباوەڕێکی ئاینی کەباڵا دەبێت بەئینتیمای نەتەوەیی و نەژادیو کۆمەلایەتی لەدیدی هەندێکەوە پێدەچێت ڕێگا تایبەتیەکەیان بێت بۆ ئەوەی وەك جیهانگیر دەربکەون. بەم شێوەیە ئینتیما بۆ کۆمەڵێکی موسڵمان تاڕادەیەك دەبێت بەگشتگیرترین وجیهانیترین تایبەتمەندی یان لەوانەیە واپێویست بکات بڵێین ئەوە واقیعیترین جیهانگیرو سروشتیترین و رەگداکوتراوترینیانە.

داڕشتنی گونجاو هەرچۆنێك بێت, ئەوەی گرنگە ئاماژەی پێبدەین ئەوەیە هەستی ئینتیما بۆ کۆمەڵێکی ئاینی وەك ئەمڕۆ بەدەردەکەوێت بەتەنیا گەڕانەوە نیە بۆ بارودۆخێکی لەوەوپێش هەبووبێت چونکە ئێمە هەڵهاتنی خۆری سپێدەی سەردەمی نەتەوەکان نابینین بەڵکو کۆتاییەکەی دەبینین هەروەها سپێدەی سەردەمی ئومەمی بوون نابینین بەلایەنی کەمەوە لەداڕشتنە پرۆلیتارییەکەیدا بەڵکو داڕوخانی دەبینین, هەروەك چۆن ناتوانرێ هەستی ئینتیما بۆ ئاین بەهەموو سوکایەتی پێکردنێکەوە وا دابنرێت ساتێکی مێژووییە بەم نزیکانە تێدەپەڕێنرێت چونکە ئەو پرسیارەی هەردەبێت بکرێت ئەوەیە تێپەڕاندنی ئەو بەرەو چ شتێ؟ بەرەو سەردەمێکی نوێی نەتەوەکان؟

کەئەمەش مەسەلەیەکە وای بۆدەچم نەك هەر روونادات بەڵکو نەویستراوە بێجگە لەوە هەستی ئینتیما بۆ بیروباوەڕێکی هاوبەش لەئەمڕۆدا پەیوەندیی بەهێزی نێوان نەتەوەکانەوە هەیە تەنانەت بۆ ئەوانەش کەخۆیان بەعلمانیی دادەنێن ئەمەش بەسەر تورك یان روسیەیشدا دەچەسپێت چۆن بەسەر یۆنانیەکان یان پۆڵۆنیەکان یان





ئیسرائیلییو هەموو ئەوانەشدا دەچەسپێت کە لەقبوڵکردنی دەسڵەمێنەوە.

کەواتە بەرەو چی برۆین ئەگەر بەسەر ئینتیما ئاینییەکەماندا تێپەڕ بووین؟ رۆیشتوو ئینتیمایەکی تر لە توانایدا هەیە ئینتیمای ئاینیی پشتگوێ بخات وەك ئەوەی کە تاسەردەمێکی نزیکیش وا دەهاتە پێش چاو.

www.pertwk.com



"2"

تائەم ئاستە لە بەڵگەهێنانەوە هەر دەبێت روونکردنەوە هەبێت تا خۆمان لە بەدحاڵی بوونێکی مەترسیدار بپارێزین, کاتێ باس لە بەزاندنی سنوری ئینتیمای ئاینی دەکەم نامەوێت بڵێم واپێویست دەکات سنوری خودی ئاین خۆی ببەزێنین, سەبارەت بەخۆم پێم وایە ئاین هەرگیز پاشەکشە ناکات بەرەو لەبیرکراوەکانی مێژوو نە بەزانستو نە بەهیچ بیروباوەڕێکی ئاینیی ترو نە بەهیچ سیستەمێکی سیاسی. تازانست پێشتربکەوێت پێویستە مرۆڤ پرسیاری زیاتر بکات, سەبارەت بەئامانجەکەی خواوەندی (چۆن) رۆژێك دێ لەناو دەچێ بەڵام خواوەندی (بۆ) هەرگیز نامرێت. لەوانەیە پاش هەزار ساڵیتر هەمان ئەو ئاینانەمان نەبێت کەئەمرۆ پێیان ئاشناین" بەڵام جیهانم نایەتە پێش چاو بەبێ هیچ شێوەیەك لەشێوەکانی ئاین.

پەلە دەکەم بۆئەوەی لەدرێژەی قسەکانمدا بڵێم بەبۆچوونی من پێویستیمان بەرۆحانیی بوون مەرج نییە ئەوە بخوازێت کەلەرێی ئینتیمامانەوە بۆ کۆمەڵێك لەباوەڕداران گوزارشتی لێبکرێت, لەراستیدا لێرەدا دوو خواستی قووڵ هەن هەردووکیان سروشتییو رەوان بەپلەی جیاواز بەڵام شتێکی خراپە تێکەڵ بەیەکتر بکرێن چونکە لەلایەکەوە خواستێك هەیە روانینێکە بۆ جیهان نرخێك دابنێ بۆ بوونو ئازارو ئاواتەکانمانو مانایەك ببەخشێ بەژیانو مردن باخەیاڵییش بێ. لەلایەکیترەوە پێویستیی هەموو مرۆڤێ بەهەستی پەیوەست بوون بەکۆمەڵێکەوە کەقبووڵی بکەنو دانیپێدابنێنو بتوانێ لەسایەی ئەو پەیوەست بوونەدا زوو لێحاڵی بوونی ئەوان بەدەست بهێنێت.

خەون بەجیهانێکەوە نابینم ئاین شوێنێکی نەبێت تێیدا بەڵکو خەون بەجیهانێکەوە دەبینم پێویستیی رۆحیی تێدا جیاببێتەوە لەپێویستیی





بۆئینتیما. خەون بەجیهانێکەوە دەبینم مرۆڤ تێیدا لەگەڵ پەیوەست بوونی بەبیروباوەڕو خوا پەرستییو ئەو بەها رەوشتییانەوە کە لەکتێبی پیرۆزەوە وەرگیراون هەست بەپێویستی چوونە پاڵ برا ئاینییەکانی نەبێت. خەون بەجیهانێکەوە دەبینم ئاین تێیدا وەك رایەڵێك بەکارنەهێنرێت, لەنێوان کەمینە بەشەڕ هاتووەکاندا, جیاکردنەوەی کەنیسە لەدەوڵەت بەس نییە, جیاکردنەوەی ئاینیی سەبارەت بەوەی پەیوەندیی بەناسنامەوە هەیە لەو کەمبایەختر نییە. ئەگەر بەڕاستی بمانەوێ خۆمان بپارێزین لەبەردەوامبوونی ئەم ئاوێتەیە بەتێرکردنی دەمارگیرییو تۆقاندنو شەڕی کەمینەکان دەبێت پێویستیمان بۆ ناسنامە بەشێوەیەکیتر تێربکەین.

هەر ئەمەشە دەمگەڕێنێتەوە بۆ یەکەم پرسیارم ئەویش ئەوەیە ئەمڕۆ بەچی دەتوانرێ ئینتیما بۆ کۆمەڵێك لەئاییینداران بەشتێکی تر بگۆڕدرێت؟

ئەو سەختییەی لاپەڕەکانی پێشوو خستوویەتیە روو لەوەدا خۆی دەبینێتەوە ئەم ئینتیمایە وا دەردەکەوێت بالاترینو جێگیرترین ئینتیمایەو لەهەمووشیان زیاتر رەگەکانی رۆچووەو هەر ئەویشە بەتەنیا لەتوانایدایە گەلێ لەپێداویستییە سەرەکییەکانی مرۆڤ دابین بکات کە ئینتیمای تەقلیدیتر وەك" نیشتمانو کەمینەییو خوێنو چین ناتوانن بۆماوەیەکی دووردرێژ جێگاکەی پڕبکەنەوە چونکە هەموویان بەرتەسکترو سنوردارترن بەبێ ئەوەی کەمتر بکوژبن. خۆ ئەگەر تێپەڕاندنی ئینتیما بۆ (خێڵێکی جیهانی) شتێك بێت هەر دەبێت ببێت ئەوەش روونادات بەرەو ئینتیمایەکی بەربلاوترنەبێتو دیدێکی مرۆڤانەی تەواوتر هەڵدەگرێت.

بێگومان دەوترێت ئەو ئینتیما بەربلاوترینە کامەیە؟ ئەودیدە مرۆڤانەیە کامەیە؟ هێندە بەسە چاوێك بەچواردەوری جیهاندا بگێڕین تا بۆمان دەربکەوێت هیچ ئینتیمایەکی نوێ نییە لەتوانایدا بێت یەکسان

www.pertwk.com



بێت بەئینتیما بەهێزە قووڵەكان كەتواناى خۆیان چەسپاندووە بەسەر هۆشی خەڵكیدا بەدرێژایی مێژوو وێراى ئەوەی هەموو دیدێك هەوڵبدات گشتگیربێت ئەمڕۆ سڵەمینەوەی هاوچەرخەكانمان دەوروژێنێت یان لەبەرئەوەی ساكار دێتە پێش چاو یان لەبەرئەوەی وەك مەترسییەك بۆ سەر ناسنامەكەیان دەردەكەوێت.

گومانی تێدا نییە سڵەمینەوە یەكێكە لەوشە بنەرەتیەكان لەم سەردەمەماندا, سڵەمینەوە لەئایدیۆلۆژیاكان و ڕۆژە رووناكەكانی ئایندەو سڵەمینەوە لەسیاسەت و زانست و عەقڵ و نوێگەریی. سڵەمینەوە لەبیرۆكەی پێشكەوتن و بەشێوەیەكی پراكتیكی لەهەموو ئەوانەش بەدرێژایی سەدەی بیستەم توانیومانە باوەڕیان پێبكەین. سەدەیەك لەداهێنانی مەزن كەنموونەی نەبووە لەبەرەبەیانی سەردەمەكانەوە بەڵام سەدەیەكە لەو تاوانانەی لێبوردنیان بۆنییەو ئەو هیوایانەی نایەنەدی هەروەها سڵەمینەوە لەهەموو ئەوانەی گشتیی یان جیهانیی یان ئەستێرەیی دێنەپێش چاو. تا ساڵانێكی كەم پێش ئێستا گەلێ كەس ئامادەی قبووڵكردنی بیرۆكەی ئینتیمایەكی جیهانی بوون بوون كەبەشێوەیەك لەشێوەكان بەكۆتاییەكی سروشتیی مێژووی مرۆڤایەتی دادەنرێت. بەم شێوەیەش دانیشتویەكی تۆرینۆ كەپێشتر بیامونتایی بووەو دواتریش ئیتاڵیی وردە وردە دەبێت بەهاووڵاتییەكی ئەورووپی دواتریش دەبێت بەهاووڵاتییەكی جیهانیی. مەسەلەكان بێئەندازە ساكاردەكەمەوە بەڵام بیرۆكەی دواڕۆشتن بەرەو ئینتیمای زیاترو زۆرتر بەرفراوان وا پێنەدەچوو زیادەڕۆیی بێت. مرۆڤایەتی رۆژێك دێ دەگاتە گردبوونەوەی كۆتایی لەرێی كۆمەڵبوونی هەرێمیی یەك لەدوایەك. تیۆری زۆر سەرنجڕاكێش لەرژێمە نەیارەكان خرانەروو وەك سەرمایەداریی و شیوعیی كەدەبێت بەیەكبگەن یەكەمیان وردە وردە بگۆڕێت بۆ سۆسیالیزم و دووەمیشیان وردە وردە دەستبەرداری ئەو ڕژێمە ئاراستەكراوە ببێت تا بەهەردووكیان یەك رژێم پێكبهێنن هەروەها





سەبارەت بەو ئاینانەش كە پێشبینی ئەوە دەكرا لەرێككەوتنێكی فراوانی ئارامبەخشدا یەكبگرن.

دەزانین ئەمڕۆ مێژوو بەو ڕێگایەدا ناڕوات كەنەخشەی بۆدەكێشرێت لەبەر ئەوەنا خۆیدەدزێتەوە یان بەگران لێی تێدەگەین یان ئاڵۆزە هەروەها لەبەرئەوەش نا كەملكەچی لۆژیكی مرۆڤایەتی نابێت, بەڵكو لەبەرئەوەی، ئەوەیە خەڵكی دروستیدەكەن لەبەرئەوەش كەبەرهەمی سەرجەم رەفتارە تاك یان بەكۆمەڵەكانیان و سەرجەم قسەو مشتومڕو رووبەرووبوونەوەو هیواو كینەو ئارەزووەكانیانە. تاخولقێنەرانی مێژوو زیاتر بن و ئازادبن بەرهەمی رەفتارەكانیان ئاڵۆز دەبێت و دەورەلێدانی گران دەبێت و بۆ تیۆرە ئاسانكارییەكانیش مەحاڵ دەبێت.

مێژوو لەهەموو چركەیەكدا لەچەندین رێگای بێپایانەوە پێشدەكەوێت ئایا دەتوانین لەمەوە وێرای هەموو شتێ مانایەكمان دەست بكەوێت؟ بێگومان نازانین مەگەر كاتی (گەیشتن) نەبێت ئەمە ئەگەر ئەم وشەیە مانایەكی هەبێت.

ئایا ئایندە ئایندەی هیواكانمان دەبێت یان ئایندەی خەونە ناخۆشەكانمان ئایا لەئازادیی یان لەكۆیلایەتی پێكدێت هەروەها ئایا جیهان لەكۆتایی مەسەلەكەدا ئامرازی ڕزگاربوونمانە یان لەناو چوونمان؟

ئایا هاوكاری ئیلهام پێدراوین لەلایەن خولقێنەرێكی تاك و تەنیاوە یان چەند ئەفسونگەرێكی بێتامەوە كەمەسەلەكان لەژێر دەستیان دەرچووبێت ؟

ئایا بەرەو جیهانێكی باشتر یان بەرەو (باشترینی جیهانەكان) مل دەنێین؟ بەڵام بایەكەمجار بپرسین سەدەكانی داهاتوو چییان بۆ شاردوینەتەوە" ململانێ شارستانیەتەكان یان ئارامیی (گوندە جیهانییەكە) باوەڕی قووڵم بەوەیە ئایندە لەهیچ شوێنێ تۆمارنەكراوەو ئایندەش ئەوەیە كەئێمە شتی لێدروستدەكەین لەوانەیە هەندێ بپرسن

www.pertwk.com



ئـەی قـەدەر؟ ئـەوان لەمـەدا مەبەسـتیان لـە بنەچـە ڕۆژهەلاتیەكەمـە. ڕاشـهاتبووم لەوەلامـدا بلـێم قـەدەر بـۆمرۆڤ وەك هـەوا وایـە بۆچـارۆكەی كەشتی. ئەوەی لـەناو كەشتییەكە دابنیشێت ناتوانێت بڕیاربدات هـەوا لەكوێوە دێت و بە چ هێزیك بەلام دەتوانێت چارۆكەكانی ئاراستەبكات.

ئەمـەش هەندێجار جیاوازییـەكی گـەورە دروسـتدەكات ئـەو هەوایـەی كەشـتیەوانێكی كـەم ئـەزموون یـان لاسـار یـان بـەد دەكوژێـت كەشتیەوانێكیتر بەرەوكەناری ئارام دەبات.

حـەز بـەوە ناكـەم بـەم وێنـە دەریاییـەی سـنوری خـۆی هەیـە دەستبەرداربم چونكە پێم وایـە پێویـستە ڕوونتر گوزارشـت لەشـتەكان بكرێت. چونكە لەبەردەم ئەو پێشكەوتنە تەكنەلۆژییە نایابەی ژیانمانی لەرەگـەوە گۆڕییـووە بەتایبـەتی لـەبواری پەیوەندیی و گەیشتن بەزانست و زانیـاریی لـەهیچ شـتێكدا سـودمان پێناگـات كـە بپرسـین ئەگـەر (بـاش) یان(خراپ) بێت بۆمان. ئەمەش پرۆژەیەك نیە بۆ ڕیفراندۆم خرابێتـەڕوو بـەڵكو ڕاسـتیەكە لەگـەڵ ئەوەشـدا ئـەو شـێوازەی كـاری پێدەكاتـە سـەر ئایندەمان تاڕاستێكی زۆر پەیوەستە بەخۆمانەوە.

هەندێ كـەس پـەنا دەبەنەبـەر ڕەتكردنـەوەی هـەموو شـتێ بەیـەكجارو خــۆ داپۆشــین بەناســنامەكەیان و كەنــەفرەتی كاریگــەر كــردن دژی بـەجیهانیبوون و ڕۆژئـاوای زاڵو ئـەو ئەمریكایـەی تەحـەمول ناكرێـت هەنـدێ كەسـیتر بەپێـچەوانەوە ئامـادەی قبـووڵكردنی هەمووشـتێك و قووتدانی هـەموو شتێكە بـەبێ جیاوازیی تـا ئـەو ئاستەی نـەزانن كێن و بـەرەو كوێـوە دەچـن یـان جیهـان بـەرەو كوێـوە دەچـێت. ئەمانـە دوو هەڵوێستن لەسەر دووجەمسەری دژبەیەك، بەلام لەكۆتایدا بەیەكدەگەنەوە چونكە بەوەناسراون، جڵەویان بەدەست خۆیان نییە لەبەرئەوەی هـەردوو هەڵوێستەكە تاڵ و شیرین گلـەیكارو گێـل لەهـەمان گریمانـەوە سەرچاوە دەگـرن ئەمـەش ئەوەیـە كـە وادەكـات جیهـان وەك شـەمەندەفەرێ لەسـەر





هێڵەكـەی بـەرەو پێـشەوە بـچێت هـیچ شـتێكیش ناتوانێـت ئاراسـتەی بگۆڕێت.

بەلام هەستم جیاوازە, پێم وایە (ڕەشەبای) بەجیهانیبوون لەوانەیە بەكردەوە بەرەو خراپترمان ببات، بەلام لەوانەشە بەرەو باشترمان ببات. ئەگەر ئامرازە نوێیـەكانی پەیوەندیی كـەمرۆڤ بەخێراییـەكی زۆر لەیـەكتر نزیك دەكەنەوە بەرەو دڵنیابوون لەجیاوازییەكانمان ئێمەیان بردووە وەك پەرچـە كردایێـك, ئەمـەش وامانلێدەكات درك بەچارەنووسـی هاوبـەشمان بكـەین هـەر ئەمەشـە پـاڵم پێـوە دەنێـت وابیربكەمـەوە ئـەم پێشكەوتنەی ئێستا لـەم نزیكانـەدا ڕێگـە خـۆش دەكـات بۆتەقینـەوەی لـە یـەكتر نزیـك بوونەوەیـەكی نـوێ بۆچـەمكی ناسـنامە, ناسـنامەیەك واتێبگـەین وەك بەرهـەمی سـەرجەم ئینتیماكانمانـە, ئنتیمـاش لەچوارچـێوەی خۆیـدا گرنگییەكی زیاتر بۆ كۆمەڵێكی مرۆڤایەتی دەبات تارۆژێ لەرۆژان دەبێت بەئینتیمای سەرەكی بەبێ ئەوەی لەگەڵ ئەوەشدا كار بكاتە سەر ئینتیما زۆرە تایبەتیـەكانمان بێگومـان ناگەمـە ئـەو ئاستـەی بلـێم (ڕەشـەباكانی) بەجیهانیی بوون بەشێوەیەكی زۆرە ملییانە بەرەو ئەو ئاڕاستەیە پاڵمان پێـوە دەنێـت بـەلام پـێم وایـە وا دەكـات دەسـتكردن بـەم لەیـەكتر نزیككردنەوەیە كەمتر سەخت بێت و لەهەمانكاتیشدا پێویستیش بێت.

www.pertwk.com



"3"

مارك بلوخ ـی مێژوونووس دەڵێ: (پیاوان کوڕانی سەردەمەکەی خۆیانن زیاتر لەوەی کوڕانی باوکیانبن) بێگومان ئەم مەسەلەیە هەمیشە ڕاستە بەڵام هیچ ڕۆژێ هێندەی ئەمڕۆ ڕاست نەبووە, ئایا پێویستە ئەوەش باسبکەین تاچ ئاستێ مەسەلەکان بەخێراییەکی زۆر ڕوویانداوە لەم سەدانەی دواییدا. کێ لەهاوچەرخەکانمان تاو نا تاوێ ئەو هەستەی لادروست نابێت لەماوەی ساڵێ یان دووانێدا گۆڕانکاریی وایبینیووە لە ڕابردوودا بەچەند سەدەیەك ڕوویاندەدا؟ هەرە بەتەمەنەکانمان پێویستیان بەهەوڵێکی گەورە هەیە لەبیرکردنەوەدا تا ئەو بارودۆخە ڕۆحییە بهێننەوە پێش کە لەمنداڵییەوە ناسیویانە هەروەها چاوپۆشیکردن لەو ڕەفتارو کردارەی وەریانگرتووەو ئەو ئامرازو بەرهەمانەی لەتوانایاندا نەماوە دەستبەرداری بین" بەڵام هێندەی تایبەتە بەگەنجەکانەوە هیچ زانیارییەکیان لەسەر ژیانی باووباپیرانیان یان ژیانی نەوەکانی ڕابردوو نییە.

لەراستیدا ئێمە هەموومان لەهاوچەرخەکانمانەوە نزیکترین وەك لەباووباپیرانمان, ئایا زیادەڕۆیی دەکەم ئەگەر بڵێم لەگەڵ هەر ڕێبوارێکدا کە بەرێکەوت لەیەکێ لەشەقامەکانی پراگ یان سیئۆل یان سانفرانسیسکۆ هەڵیبژێریت شتی هاوبەش لەنێوانماندا هەیە زیاتر لەوەی لەنێوان من وباپیرەگەورەمدا هەیە هەر بەتەنیا لە ڕووکارو جلوبەرگو خووڕەوشتدا نا, بەتەنیا لەشێوەی ژیانو کارو شوێنی نیشتەجێبوونو ئەو ئامرازانەدا نا کە لەچواردەورمان هەن بەڵکو لەچەمکە ئەخلاقییەکانو نەریتە فیکرییەکانیشدا.

هەروەها ئەوەی پەیوەندی بەبیروباوەڕەکانەوە هەیە. سوودی نییە بڵێین ئێمە مەسیحین یان ئیسلامین یان یەهودی یان بودایی یان





هندۆسین, چونکە ڕوانینمان بۆ جیهان, هەروەها بۆ ئەوەی لەپشتەوە هەیە بەهیچ جۆرێ پەیوەندییان بە(برا ئاینی)یەکانمانەوە نییە کەپێنج سەد ساڵ بەر لەئێستا ژیاون. بەلای زۆربەیانەوە دۆزەخ شوێنێکە لەراستیدا کەمتر نییە لەئاسیای بچووك یان ئەسیوپیا" دۆزەخ ڕاستیەکە کەمترنییە لەراستی ئەو شەیتانانەی قاچەکانیان سمدارەو گوناهکاران دەخەنە ناو ئاگری هەتاهەتاییەوە وەك لەو تابلۆیانەدا هەیە کەڕۆژی قیامەت پیشان دەدەن" تارادەیەك ئەمڕۆ یەکێ نییە شتەکان بەمجۆرە ببینێ" کاریکاتێریانەترین وێنەم وەرگرتووە بەڵام ئەم مەسەلەیە کەمتر نییە لەوەدا کەتایبەتە بەسەرجەم تێگەیشتنەکانمانەوەو لەهەموو بوارەکاندا. گەلێ لەو هەڵسوکەوتانەی ئەمڕۆ تەواو پەسەندن لەلای ئیماندار, لەکۆندا نەشیاوبوون لەلای (برا ئاینی)یەکانمان" ئەم وشەیەم دووبارە لەنێوان دوو کەوانەدا نووسی لەبەرئەوەی باپیران هەمان ئەم ئاینەیان پیادە نەدەکرد کەئێمە ئەمڕۆ پیادەی دەکەین" ئەگەر لەنێوانیاندا بژیاینایە بەم هەڵسوکەوتانەی ئەمڕۆمانەوە هەموومان لەسەرشەقامەکان بەرد باران دەکراین یان دەخراینە زیندانەوە یان لەکورەدا دەسوتێنراین بەتاوانی کوفرو بەدرەفتاریو جادوگەرییەوە.

بەکورتییەکەی هەریەکەمان ئیماندارین بەپێی دوومیراتیی" یەکێکیان (ستوونی)یە کە لەکەسانی پێش خۆمانو داب و نەریتی گەلەکەمانو گروپە ئاینییەکەمانەوە بۆمان ماوەتەوە ئەوەی تریان (ئاسۆیی)یە لەسەردەمو هاوچەرخەکانمانەوە بۆمان دێت, پێموایە ئەمەی دووەمیان کاریگەرترەو گرنگییەکەی ڕۆژانە لەهەڵکشاندایە لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ڕاستییە ڕەنگدانەوەی نییە لەسەر درككردنمان بەناخی خۆمان, چونکە ئێمە پشت بەمیراتە (ستوونی)یەکە نابەستین بەڵکو پشت بەوەیتریان دەبەستین.

بەڵام ڕێگەم پێبدەن پێ لەسەر خاڵێکی بنەڕەتی دابگرم ئەوەیش ئەوەیە مادام ئێمە سەرمان کردۆتە سەر چەمکی ناسنامە وەك ئەوەی

www.pertwk.com



لەئەمرۆماندا بەدیاردەكەوێت لە لایەكەوە ئەوە هەیە كەئێمە تێیداین‌و ئەوەی دەبین پێی لەژێر كاریگەریی بەجیهانی بوونی رووناكبیریدا واتە مرۆڤی دروستكراو لەداوی هەمەڕەنگ كەهاوبەشن لەگەڵ هاوچەرخەكانیاندا لەبابەتە سەرەكییەكانی مەرجەع‌و هەڵسوكەوت‌و باوەڕەكانیاندا. لەلایەكی‌ترەوە ئەوە هەیە پێمان وایە ئێمە تێیداین‌و وا نیشاندەدەین ئەوەین واتە ئەندامین لەم گروپەداو لەو گروپەیاندا ئەندام نین" هەروەها لایەنگری ئەم باوەڕەین لەجیاتی ئەوی تر, مەبەستمان نكوڵی كردن نییە لەگرنگیی ئینتیما ئاینیی‌و نەتەوەییەكانمان" مەبەستیشمان نكوڵی كردن نییە لەو كاریگەرییە یەكلایكەرەوانەی میراتە (ستوونی )یەكەمان لەم قۆناغەدا مەسەلەكە پەیوەستە بەرووناكیی خستنەسەر راستی هەبوونی بۆ شاییەك لەنێوان ئەوەدا كە ئێمەی تێداین‌و ئەوەی پێمان وایە تێیداین.

لەراستیدا ئیمە ئەگەر جەختمان لەسەر جیاوازییەكانمان كردبێتەوە بەم تووڕەییەوە لەبەرئەوەیە هەست دەكەین جیاوازییەكانمان لەكەمبوونەوەدان, چونكە هەر رۆژێ تێدەپەڕێ سەرەڕای ململانێ‌و دوژمنایەتییە دێرینەكانمان لەجیاوازییەكانمان كەمدەكاتەوەو كەمێك لە لەیەكچوونمان زیاد دەكات.

پێدەچێ من خۆشحاڵبم بەم مەسەلەیە" ئایا بینینی خەڵكی لەیەكچوو بەشێوەیەكی زیاتر مایەی خۆشحاڵبوونە؟ ئایا لەرێگادا نین بەرەو جیهانێكی خۆڵەمێشیی كە بەیەك زمان نەبێ قسەی تێدا نەكەین؟ هەمووشمان لەهەمان ئەو هێندە بیروباوەڕە لاوازدا هاوبەشین‌و هەموومان لە رێی تەلەفزیۆنەوە هەمان زنجیرە ئەمریكییەكان دەبینی‌و هەمان بابۆڵەش دەجوین.

دوور لە گاڵتەو گەپ, پرسیارەكە شایستەی ئەوەیە بەشێوەیەكی جدی بكرێت چونكە لەراستیدا بەسەردەمێكی سەرسامكەردا تێدەپەڕێن كەجیهانی بوون تێیدا لەدیدی ژمارەیەكی زۆری وەك ئێمەوە





وادەرناكەوێت تێكەڵەیەكی جوانە, هەمووان دەوڵەمەند دەكات, بەڵكو وا دەردەكەوێت لە قاڵبدانێكی هەژاركەرانەیەو هەڕەشەیەكە پێویستە بەرەنگاریی بكرێت بۆئەوەی پارێزگاری لەرووناكبیرییە تایبەتییەكەمان‌و ناسنامەو بەهاكانمان بكەین. لەوانەیە ئەمە شەڕێك بێت لەوادەی خۆی دواكەوتبێت بەڵام لەئێستادا دەبێ خاكیبین‌و دان بەوەدا بنێین ئێمە هیچ دەربارەی ئەمە نازانین" هەمیشە لەتەنەكە خۆڵەكانی مێژوودا ئەوە نادۆزینەوە كەپێشبینی دەكەین لەناویاندا هەبێ.

ئینجا ئەگەر گەلێ كەس هەبن پێیان وابێ بەجیهانی بوون هەڕەشەیە بۆسەریان" ئەو كاتە سروشتیی دەبێت ئەو هەڕەشەیەی باسی لێوە دەكرێت لەنزیكەوە بپشكنرێت. بەدڵنیاییەوە دەتوانین لەلای ئەوانەی هەست بەمەترسی دەكەن ترسان لەگۆڕانكاریی بدۆزینەوە كەهەستێكی دێرینە هێندەی دێرینیی مرۆڤ" بەڵام مەترسی هاوچەرخانەتر هەن‌و ناوێرم بڵێم دانەڕێژراون, چونكە بەجیهانی‌بوون بەیەك جووڵە بەرەو دوو راستی دژ بەیەكمان دەبات, كەیەكێكیان بەبۆچوونی من پێشوازیی لێدەكرێت‌و ئەوەی تریشان رەتدەكرێتەوە مەبەستم لەجیهانگیری‌و لەقاڵبدانە, ئەمانەش دوو رێگان لای ئێمە وا دەردەكەون بەناویەكدا چوون‌و لەیەكترجودا ناكرێنەوە وەك ئەوەی مەسەلەكە پەیوەست بێت بەتەنیا رێگایەكەوە. تا ئەو ئاستەی دەتوانین بپرسین كامیان زۆر بەسانایی رووە باشەكەی ئەوی تریانە؟

من لەلای خۆمەوە باوەڕم وایە مەسەلەكە پەیوەستە بەدوو رێگای جیاوازەوە وێڕای ئەوەی بەتەنیشت یەكەوەن‌و بەریەكدەكەون‌و لەیەكترجیادەبنەوە تاچاو بڕبكات ئەوە خەیاڵە ئەگەر ئارەزوو بكەین داوە تێكئالاْوەكان راستەوخۆ لەیەكتر جیابكەینەوە, بەڵام لەتوانامادا هەیە هەوڵبدەین یەكەم داو رابكێشین.

www.pertwk.com



## "4"

گریمانەی بنەرەتیی جیهانگیریی ئەوەیە مافی بەسەربەزی ژیان بۆ مرۆڤ هەیە کە هیچ کەسیٚ بۆی نییە بەرەوای نەزانیٚ بۆ هاوشێوەکانی لەبەرئاینەکەیان یان رەنگیان یان نەتەوەکەیان یان رەگەز نامەکەیان یان لەبەر هەرهۆیەکیتر. ئەمەش لەنێو ئەو مانایانەدا کەهەیەتی بەمانای ئەوە دێت هەموو دەستدرێژی کردنێك بۆ سەر مافە بنەڕەتیەکانی پیاوانو ژنان بەناوی ئەم نەریتە تایبەتیە یان ئەو یانەوە, بۆ نموونە نەریتی ئاینیی, دژی رۆحی جیهانگیرییە. ناکریٚ لەلایەك یاسایەکی گشتیی ماڤ مرۆڤ هەبێتو لەلایەکیترەوەو چەند یاسایەکی تایبەت وەك یاسای موسڵمان, یەهودیی, مەسیحیی ئەفریقیی و یاسایەکی ئاسیاییو.. هتد.

لەرووی باوەڕەوە کەم کەس مەسەلەکە رتدەکەنەوە بەڵام لەڕووی پیادەکردنەوە گەلیٚ کەس وا هەڵسوکەوت دەکەن وەك ئەوەی هەرگیز باوەڕیان پێی نەبێت بۆ نموونە هیچ حکومەتێکی ڕۆژئاوایی بەچاوێکی داواکارانە سەیری مافی مرۆڤ ناکات لەئەفریقاو جیهانی عەرەبیدا وەك ئەوەی کەسەیری پۆڵۆنیاو کوبای پێدەکات. ئەوەش هەڵوێستێکە لافی ئەوە لێدەدات کە شایەنی رێزە بەڵام لە دیدی منەوە زۆر بێزراوە رێز لەیەکیٚ بگرینو ڕێز لەمێژووی بگرین چونکە ڕێزگرتن لەمێژوو ئەوەیە وایدابنێین ئینتیمای بۆ هەمان مرۆڤایەتی هەیە نەك مرۆڤایەتیەکی جیاواز" مرۆڤایەتیەکی هەرزان بەها.

نامەوێت زۆر لەسەر ئەم مەسەلەیە بڕۆم کەبەتەنیا پێویستی بەقسە لەسەرکردنێکی دووروردرێژ هەیە پشت ئەستوربێت بەبەڵگەنامەکان, بەڵام دەستبەرداری وروژاندنی نابم لێرەدا چونکە بۆ چەمکی جیهانگیریی شتێکی بنەرەتیەو ماناکەی لەدەستدەدات ئەگەر گریمانەی ئەوە لەئارادا





نەبێت کەئیتیکی تایبەت بەهەموو بوونەوەرەکانی مرۆڤایەتی بەبیٚ هیچ جیاوازییەك لەئارادایە, لەبەرئەوەی ئەم ئیتیکانە لەسەروو هەمووشتێکەوەن. نەریتەکان شایستەی ئەوە نین رێزیان لیٚ بگیرێت هێندە نەبێت کە خۆی شایستەیەتی واتە بەهەمان پلەی ڕێزگرتن لەمافە بنەڕەتییەکانی پیاوانو ژنان تیایدا. ڕێزگرتن لەنەریت یان ئەو یاسایانەی خەڵك جیادەکەنەوە، سووکایەتی کردنە بەقووربانیەکانی هەموو گەلانو عەقیدەکان لەقۆناغەکانی مێژوویاندا رەفتاری وایان بەرهەمهێناوە لەگەڵ پێشکەوتنی هزرەکاندا دەرکەوتووە کەلەگەڵ کەرامەتی مرۆڤایەتیدا یەکناگرێتەوە, ئەوەش لەهیچ شوێنیٚ بەسەرە قەڵەمێك دوور نەخراوەتەوە، بەڵام ئەمە بەمانای ئەوە نایەت ناڕەزایی دەرنەبڕینو کار بۆ نەهێشتنی نەکەین.

هەرچییەك پەیوەندی بەمافە بنەڕەتییەکانەوە هەبێت, وەك مافی مرۆڤ لەژیانداو وەك هاووڵاتییەك خاوەنی هەموو مافێك بێت لەسەر خاکی باووباپیرانی, بەبیٚ ملکەچکردن بۆ هیچ راوەدوونان یان جیاکارییەكو مافی مرۆڤ لەوەدا لەهەر کوێیەك بێت بەسەربەرزیی بژیو مافی مرۆڤ لەهەڵبژاردنی ئازادانەی ژیانیداو لەهەستەکانیو بیروباوەڕەکانیدا لەچوارچێوەی ڕێزگرتن لەئازادیی ئەوانی تردا. هەروەها مافی بەدەستهێنانی بیٚ ڕێگریی مەعریفەتو تەندروستیو ژیانێکی سەربەرزانەو بەڕێز هەموو ئەمانەو لیستەکەش سنووری نییە، ناتوانرێت نکوڵیان لیٚ بکرێت بۆ کەسانی وەك ئێمە بەهەنجەتی پاراستنی بیروباوەڕی ئاینی یان پیادەکردنی سەلەفیانە یان تەقلیدەوە. لەم بوارەدا پێویستە بەلای جیهانگیریدا بیشکێنینەوە, تەنانەت بەلای جۆرایەتیدا بیشکێنینەوە کاتیٚ کەپێویستی کرد, چونکە مرۆڤایەتی لەگەڵ ئەوەشدا کەهەمەچەشنە بەر لەهەموو شتێکیش یەك دانەیە. تایبەتمەندیی هەموو شارستانیەتێکیش، بێگومان پێویستە ڕێزی لیٚ بگیرێت بەڵام بەشێوەی

www.pertwk.com



جیاواز بەبێ ئەوەی مرۆڤ هەرگیز دەستبەرداری ئەو روونیە ببێت کەلەبیرکردنەوەیدا هەیە.

هاوشانی شەڕکردن لەپێناوی جیهانگیریی ئیتیکدا هەردەبێت بەرەنگاریی لەیەکچوونی هەژارانەو بالادەستیی ئایدیۆلۆژی یان سیاسی یان ئابووری یان راگەیاندن و کۆدەنگیی گەمژانەو هەموو ئەوانەی گوزارشتە زمانەوانی و هونەری و فیکرییە جۆراو جۆرەکان و هەموو شتێ دەتاسێنن, هەموو ئەوانەی بەئاراستەی جیهانێکی دووبارەبووەوە ناتەواودا دەڕۆن. ئەمە جەنگێکە لەپێناوی بەرگریکردندا لەهەندێ کاری پیادەکراوو هەندێ نەریتی روناکبیریی بەلام جەنگێکی هەستیاری زۆر مەسرەف بەئارەزووی خۆی هەڵدەبژێرێت بەبێ دوو دڵی و بەبێ ترسی زۆرو بەردەوام کراوەیە بەرووی ئایندەدا.

لێشاوێك لەوێنەو دەنگ و بیرۆکەو بەرهەمی هەمەرەنگ سەراپای ئەستێرەکەمان دادەپۆشێت رۆژ لەدوای رۆژیش ئارەزوو و خواست و رەفتارو شێوازی ژیان و روانینمان بۆ جیهان دەگۆڕێت هەروەها روانینمان بۆخودی خۆشمان دەگۆڕێت. لەم ئاوێتەکردنە جوانەش گەلێجار راستیی دژبەیەك دەچنرێن بۆ نموونە راستە ئەمڕۆ لەسەرشەقامە سەرەکییەکانی پاریس یان مۆسکۆ یان شەنگەهای یان پراگ هێمای بەناوبانگی چێشتخانەکانی ژەمی خێرا دەبینینەوە بەلام ئەوەش راستە کەبەشێوەیەکی زۆرو لەهەموو کیشوەرەکاندا خواردەمەنیی ئیتالیی و فەرەنسیی و چینیی یان هندیی نا کەلەمێژە باویان هەیە بەڵکو ژاپۆنیی و ئەندەنوسیی و کۆریی و مەکسیکی و مەغریبی و لوبنانیی, دەبینین.

هەندێك لەمەدا بێجگە ل درێژ دادڕیی هیچیتر نابینینەوە بەلام دیاردەکە لەدیدی منەوە مانای خۆی هەیە چونکە مانای ئاوێتەبوون لەژیانی رۆژانەدا ئاشکرا دەکات و ئەوە ئاشکرا دەکات پەرچەکرداری هەندێك و هەندێکیتر دەبێت چۆن بێت, لەواقیعدا چەند کەس لەهەموو





ئەمەدا هیچ نابینن یەك دیمەن نەبێت ئەویش خولیای هەندێ لە گەنجەکانە بۆ ژەمە خواردەمەنییە خێراکان لەسەر شێوازی ئەمریکییەکان. لەپشتیوانانی خۆ بەدەستەوەدانیم هەموو گیانیشم رێزە بۆ ئەوانەی خۆیان بەدەستەوە نادەن. بەرەنگاریکردن لەپێناوی پاراستنی جۆری باوی سەرشەقام یان ناو کۆلان یان جۆری لەژیان, گەلێجار شەڕێکی رەوایەو پێویستە, بەلام نابێت رێگای روانینی تەواوی دیمەنەکەمان لێ بگرێت.

پێویستە دانیپێدا بنێم ئەوە نیگەران و خەمبارم ناکات مرۆڤ بتوانێت لەسەراپای جیهاندا ئەگەر ئارەزووی لێبوو بەشێوەی ولاتەکەی نانبخوات یان خواردەمەنیی تریش تاقیبکاتەوە لەنێویاندا خواردەمەنیی چێشتخانە ئەمریکییەکان, یان ئەگەر بەریتانیەکان حەزیان لەکاریی بێت لەناو زەلاتەی نەعنادا یان هەندێجار فەرەنسییەکان داوای کەسکەسیی بکەن لەجیاتی بوتیەو یەکێ لەدانیشتوانی مینسك پاش سەدەیەك لەژیانی ماتەمینیی خۆشیی هەمبەرگر بە کەچەپەوە دەستەبەر بکات بەپێچەوانەوە، بەڵکو حەزدەکەم ئەم دیاردەیە زیاتر بەربلاوبێت و دەمەوێت هەموو چێشتخانەکان وەکو یەك لەسەرتاپای جیهاندا ئارەزوویان بکرێت, ئیتر ئەگەر لەسیشوان یان حەڵەب یان شامپانیا یان ئەلبوی یان هانۆڤەر یان لەمیلووکییەوە هاتبن.

دەتوانم ئەمەی دەیڵێم بەسەر هونەری چێشتخانەدا دابەشیبکەم تا دیاردەی تری روناکبیریی رۆژانەش بگرێتەوە بۆ نموونە وەکو مۆسیقا هەروەها لێرەشدا هەمەجۆرییەکی سەیر بەدیدەکەین گەلێجار ئەوەی لەجەزائیرەوە پێمان دەگات هەوالی تۆقێنەرە بەلام مۆسیقای داهێنەرانەشی لێوە هەڵدەقولێت هەموو ئەو گەنجانەی بەزمانی عەرەبیی یان فەرەنسیی یان خێڵەکیی قسە دەکەن بلاویدەکەنەوە, هەندێکیان لەولاتدا ماونەتەوە وێرای هەمووشتێ لەکاتێکدا کەهەندێکیان

كۆچيانكردووەو لەگەڵ خۆيانداو لەناخياندا ڕاستيى گەلێك‌و رۆحى كلتوورييان هەڵگرتووەو گەواهى خۆشيان دەدەن لەسەرى.

كاروانەكەيان كاروانى كۆنترو بەرينترمان بيردەهێنێتەوە ئەويش كاروانى ئەفريقييەكانە كە وەك كۆيلە بەرەو هەردوو ئەمريكا راپێچكران كە ئەمرۆ گوێ لەمۆسيقاكەيان دەگرين مۆسيقايەك لە لويزيانا يان كاريبييەوە بەرەو جيهان كەوتۆتەڕێ‌و بەشێكى لەميراتى مۆسيقاو ويژدانمانيان پێكهێناوە, بەجيهانى بوونيش هەر ئەمەيە. لەرابردوودا مرۆڤايەتى لەمجۆرە تەكنيكە يارمەتيدەرەى نەبوو تا لەهەركاتێكدا كەبييەوێت گوێ لەم هەمووجۆرە مۆسيقايە بگريت, سەرجەم ئەو دەنگانەى لەكاميرۆن يان ئيسپانيا يان ميسر يان ئەرجەنتين يان بەرازيل يان كابفير, هەروەها لەليڤەرپول يان مەمفيس يان برۆكسل يان ناپۆلى‌يەوە دێن.

روويندەداوە ئەمجۆرە ژمارەيە لەخەڵكيى ڕۆژێ لەرۆژان تواناى ئەوەيان هەبێت مۆسيقا بژەنن‌و ئاواز دابنێن‌و گۆرانى بڵێن‌و ئەم ئاستە لەگوێگر بەدەستبهێنن.





"5"

كەپێم داگرتووە لەسەر ئەوەى كەبەلامەوە يەكێكە لەچاكييەكانى بەجيهانيبوون‌و پێكهاتەى جيهانگيرييەكى رەسەن ماناى ئەوە نييە بەرامبەر بەدڵەڕاوكێى ئەوانە بێدەنگبم كە لەم گەشەكردنەدا دياردەيەكى زۆر كەم بايەختر لەبالادەستيى گەشەسەندوى خاوەن سامانە ئەنكلۆساكسۆنيەكان دەبينن ئەمەش دڵەڕاوكێيەكە لەگەڵێ بوارى تردا بەديدەكەين بۆ نموونە باسى كاريگەريى هەندێ لەهۆيەكانى راگەياندنى نێودەوڵەتى دەكەين هەروەها ئەوەى پەيوەندى بەسينەماشەوە هەيە ئەوەتا هۆليود خاوەنى سەنگێكى گەورەيە.

باسى دڵەراوكێم كرد, لەراستيشدا ئەمە وشەيەكى شاراوەيە گوزارشت لەهەمەرەنگييەكى توند ناكات لەپەرچەكردارەكاندا لەنێوان خاوەنى قاوەخانەيەكى پاريس كەبێزارە لەبەرئەوەى لەراديۆدا زۆركەم گوێى لەگۆرانيى فەرەنسى دەبێت‌و داكۆكيكارانى توندڕەودا كە ئەو(سەحنى وەرگرى) بابەتەكانى كەناڵە ئاسمانييەكانيان كەبەشەيتان ناوى دەبەن، چونكە بەبۆچوونى ئەو گۆرانيى فريشتەكانى ڕۆژئاوا دەگوازێتەوە" شتێكى هاوبەش لەئارادانيە بێجگە لەئەگەرى هەندێ سڵەمينەوە لەرووناكبيرييەكى هەمەلايەنە وەك چۆن ئەمرۆ بەرجەستە دەبێت, بەهەرحاڵ هێندەى پەيوەندى بەمنەوە هەيە دەتوانم بڵێم ئەم دوودڵەڕاوكێيە تووشى دڵەراوكێم دەكەن وەكو يەك نا بەڵكو لەيەك كاتدا چونكە ئارەزووم لەجيهانێكى عەرەبيى نييە لەنوێگەيى پەست بێت‌و پاشەكشەبكات. ئارەزووشم لەفەرەنسايەك نييە بترسێت‌و بەهەنگاوى دوودلانەوە بچێتە ناو هەزارەى نوێوە.

لەپاشاندا, دووپاتى دەكەمەوە ئەوترسانەى بەجيهانيبوون دەيوروژێنێت هەرچەندە هەندێ جاريش زيادەڕەوى تێدايە لەگەڵ

www.pertwk.com



ئەوەشدا بەبێ بنەمای دانانێم. پێم وایە دوو جۆرەو بەتەنیا ئاماژە بەجۆری یەكەمیان دەدەم بەكورتییەك كەمافی خۆی ناداتێ چونكە لەچوارچێوەی ئەم وتارە دەچێتە دەرەوە ئەویش ئەو بیرۆكەیەیە كەدەڵێت ئەم پلەی كولانەی ئێستا لەجیاتی ئەوەی ببێتە هۆی دەوڵەمەندبوونێكی زۆرو جۆراوجۆربوونی شێوەكانی گوزارشتو هەمەرەنگ بوونی بیروبۆچوونەكان، بەشێوەیەكی دژبەیەك دەبێتە هۆی پێچەوانەكەیو دەبێتەمایەی لاواز كردن. بەمشێوەیەو لەكۆتایدا زۆربوونی گوزارشتە مۆسیقییە لەدەست دەرچووەكان نابنە مایەی هیچ, جۆرێ لەمۆسیقای كاڵەوەبووی دروستكراو نەبێت. هەروەها ئاوێتەبوونی جوان لەنێوان بیروبۆچوونەكاندا نابنەمایەی هیچ“ بۆچوونێكی بەكۆمەڵی سادە نەبێت جۆرێ لەخاڵێكی فیكریی هاوبەش بەجۆرێ كەبەم نزیكانە هەموو جیهان بێجگە لەگروپێ لەرەسەنەكان بەرەو خوێندنەوەی هەمان رۆمانی چەقبەستوو دەچێت ئەمەش ئەگەر بخوێننەوەو گوێ لەمۆسیقا لەیەكچووەكان بگرن كەبەتەن هەڵدەڕێژرین. هەروەها بەرەو بینینی ئەو فیلمانەی بەپێی هەمان پلان بەرهەم هێنراون بەیەك وشە دەتوانین بڵێین جیهان بەرەو هەڵلوشینی شۆربای خراپی دەنگو وێنەوعەقیدە دەچێت.

دەكرێ گوزارشت لەهەمان نیگەرانیی بكرێت هێندەی تایبەتە بەهۆیەكانی راگەیاندنەوە هەندێجار بەخەیاڵی خۆمان لەگەڵ ئەو ژمارەیە لەرۆژنامەو رادیۆكانو تەلەفزیۆنەكاندا گوێ بۆ ژمارەیەكی ناكۆتا لەبیروبۆچوونی جۆراوجۆر دەگرین. دواتر بۆماندەردەكەوێت ئەوەی روودەدات بەپێچەوانەی ئەمەوەیە چونكە هەموو ئەوەی ئەم زوڕنایانە دەیكەن گەورەكردنی بیری باوە بەپلەیەك كەبەسەر هەردەنگێكیتردا زاڵ بێت لەراستیشدا هەڵقولانی وێنەو وشەكان بوارێك بۆهەستی رەخنەگرانە ناهێڵێتەوە.





ئایا دەگەینە ئەو ئەنجامەی ئەم فرەییە لەجیاتی ئەوەی هۆكاری هەمەرەنگییەكی كلتووری بێت لەواقیعدا بەهۆی یاسایەكی نادیارەوە دەبێتەمایەی لەیەكچوون؟ گومانی تێدانیە مەترسی هەیە ئەویش ئەوەیەكە لەبالادەستیی ئاستەكانی گوێگرتنو لەرێ لادانەكاندا (كەلەڕووی سیاسیەوە ڕاستن) بەرجەستەی دەكەین بەلام ترس هاوەڵی هەموو رژێمێكی دیموكراتخوازە دەكرێ لەخراپتر بترسین ئەگەر بكەوینە ژێر كاریگەریی ژمارەوە لەبەرامبەردا لەناوچوون نەسەپاوە ئەگەر شێوەی دەربڕینی بەردەست لەدنیادا زیرەكانە بەكاربهێنینو ئەگەر زانیمان چۆن لەپشتی راستیی سادەی ژمارەوە راستیی ئاڵۆزی مرۆڤ ببینین.

ئایا پێویستە ئەوە بەبیردا بهینینەوە لەسەردەمی جەماوەردا نەماوین وێرای هەندێ دیاردە, بەڵكو لەسەردەمی تاكەكانداین.

لەم دیدەوە دەڵێم مرۆڤایەتی لەسەدەی بیستەمدا ترسناكترین قۆناغی لەمێژووی خۆیدا بڕیو باشتر لەوەی چاوەڕوانی لێدەكرا ئەو قۆناغەی بڕی.

وێرای ئەوەی دانیشتوانی ئەستێرەكەمان لەسەدساڵدا نزیكەی چوار هێندە زیادیانكردووە“ پێموایە هەموو كەسێ لەكۆتایدا زیاتر هۆشیارە بەرامبەر بەتاكو تەنیایی خۆی وەك لەوەی لەڕابردوودا بووەو بێگومان كەمتریش هۆشیارە بەرامبەر بەئەركەكانیو وریاترە بەرامبەر پێگەكەی لەناو كۆمەڵداو تەندروستیو حەوانەوەو جەستەو دواڕۆژو ئەو توانایانەی هەیەتیو وریاترە بەرامبەر بەناسنامەكەی ئیتر ئەو ناوەڕۆكەی كە پێیدەبەخشێ هەرچییەك بێت. هەروەها پێشم وایە هەریەكێ لەئێمە ئەگەر چۆنیەتی بەكارهێنانی ئەو ئامرازە تیژڕەوانەی ئەمڕۆ لەبەر دەستیدان بزانێ، دەتوانێ بەشێوەیەكی گرنگ كار بكاتە سەر هاوسەردەمەكانیو نەوەكانی داهاتووش. بەمەرجێ شتێكی هەبێت بیڵێتو داهێنەریش بێت چونكە راستیە نوێیەكان بەچۆنیەتی

www.pertwk.com



بەکارهێنانیانەوە پێماننناگەن, بەمەرجێ مرۆڤ خۆی گرمۆڵە نەکات لەناوخۆیداو لەژێر لێوەوە نەڵێت: (ئەی جیهانی دڵرەق چی‌تر نامەوێیت).

ئەمجۆرە دوودڵییە نەزۆك دەبێت وەك نیگەرانیەکانی تر کەبەجیهانی بوون دەیوروژێنێت و هۆکاری تاوانباریش ئەمجارەیان لەیەکچوونە لەرێی بالآدەستی‌یەوە نەك لەیەکچوون لەرێی سەرزارەکییەوە, ئەمەش نیگەرانیەکی زۆر بلاوەو هۆکاری گەلێ نارەحەتیی‌و ململانێی خوێناوییە دەکرێ ئەم نیگەرانییە بەمشێوەیە دابرێژرێتەوە ئایاجیاوازی لەنێوان بەجیهانی بوون و بەئەمریکی بووندا هەیە؟ ئایا بەپلەی یەکەم ئامانجی ئەوەنیە هەمان زمان و رژێمی ئابووریی‌و سیاسیی‌و کۆمەلآیەتی بسەپێنێت, هەمان شێوەژیان و پلیکانەی پێودانگ کەهەمان ئەوشتانەن لەولآتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا پەیڕەویی دەکرێن" ئەگەر باوەڕ بەهەندێ کەس بکەین ئەوا دیاردەی بەجیهانی‌بوون بەشێوەیەکی گشتی هیچ نییە خۆ لێگۆڕین و خۆحەشاردان نەبێت, ئەسپی تەڕوادەیە کە لەپشتەوە پرۆژەی دەستبەسەرداگرتنی شاردۆتەوە.

بیرۆکەی پێشکەوتنی تەکنیك و رەوشت لەدوورەوە ئاراستەکراوە لەرێی هێزێکی گەورەوە یان پشتیوانیەکەوەکە ئەو هێزانە دروستی‌دەکەن و بیرۆکەیەکی بێهودەیە لەلای هەموو چاودێرێکی عاقڵ.

لەبەرامبەردا دەکرێ بپرسین ئایا بەجیهانی بوون یارمەتیدەرە بۆ کۆنترۆڵکردنی شارستانیەتێك یان بالآدەستیی هێزێك. ئەمانە دوو مەترسی گەورە نیشاندەدەن یەکەمیان بینینی زمان و نەریت و رووناکبیرییەکانە کاتێ وردە وردە دیار نامێنن دووەمیشیان بینینی هەڵگرانی ئەم کلتورە هەرەشە لێکراوانەیە کاتێ هەڵوێستی زیاترو زۆرتر رادیکالی و خۆکوژی دەگرنەبەر.

مەترسیی بالآدەستیی شتێکی راستە، نەك هەر ئەوە، بەڵکو قسەکردن لەسەر مەترسی تەنیا وەك مەترسی پرۆسەیەکی





خۆحەشاردانە, بێگومان شارستانیەتی رۆژئاوایی پێش چەندین سەدە بارودۆخێکی تایبەتیان وەرگرتووە سەبارەت بەسەرجەم شارستانیەتەکانی تری وەك شارستانیەتی ئاسیاو ئەفریقیاو ئەمریکای بەر لەکۆلۆمبۆس و ئەورووپای رۆژهەلآتی بەقوولی کاریتێکراوە ئەگەر نەڵێین دووبارە دروستکراوەتەوە لەلایەن رۆژئاوای مەسیحییەوە, هەروەها گومانی تێدانیە دەوڵەتە رۆژئاواییە پێشکەوتووەکان لەگەڵ رووخانی یەکێتی سۆڤێتدا سەرکەوتووبوون لەپتەوکردنی سەرکەوتنی لەسەدادەسەدی رژێمە ئابووری‌و سیاسییەکانی کەرووەو ئەوە دەچووبێت بەپێوەر بۆ سەراپای جیهان.

هەروەها پێویست بەزیاتر بەڵگەهێنانەوە ناکات تالەوە تێبگەین ولآتەیەکگرتووەکان کەدوای شەڕی سارد بوو بەتاکە زلهێزی راستەقینە ئەمرۆ لەسەراپای ئەم ئەستێرەیەدا کاریگەرییەکی بێ وێنە پیادە دەکات ئەویش کاریگەرییەکە بەگەلێ شێوە بەرجەستە دەبێت‌و هەندێجار بەهۆی کردارێکی هەمە جۆرەوە لەپێناوی چارەسەرکردنی شەڕی هەرێمەکان یان لەڕیشە دەرهێنانی دوژمن یان گۆڕینی سیاسەتی ئابووری نەیارێك, بەلآم زۆربەی جار بەهۆی هاندانێکی خۆنەویستانەوە کەهێزی نموونەکەو سەرنجراکێشییەکەی دەیسەپێنن چەندین ملیار کەس لەپیاوان‌و ژنانی پەیوەست بەروونکبیرییە هەرە جیاوازەکانەوە حەزدەکەن لاسایی ئەمریکییەکان بکەنەوەو وەکو ئەوان بخۆن‌و بپۆشن‌و وەکو ئەوان قسەبکەن‌و گۆرانی بچڕن یان بەو شێوەیەی پێمانوایە ئەوان دەیکەن.

ئەو هەموو راستییە بەڵگەنەویستانە باسدەکەم لەبەرئەوەیە چونکە پێم وایە بەسودە راشکاوانە بیانهێنمەوە یاد پێش داڕشتنی ئەو پرسیارانەی بەدوایدا دێن.

تاچ پلەیەك روونکبیرییەکی گشتگیر کەرۆژ لەدوای رۆژ دەخولقێت رۆژئاواییانە دەبێت‌و بەشێوەیەکی زۆر تایبەتیش روونکبیرییەکی

www.pertwk.com



ئەمريكى؟ ئەم پرسيارەش بەرەو پرسياريّكى ترمان دەبات چى بەسەر رووناكبيرييەكانى تر ديّت؟ چى بەسەر ئەو چەندان زمانەدا ديّت كەئەمڕۆ قسەى پيّدەكەين و بەتايبەتى ئەو شيّوە زمانە ناوخۆييانەى كە ئيّستا يان سبەى بەرەورنەمان دەچن ئايا لەچ كەشيّكدا لەم سەدانەى داهاتوودا بەجيهانىبوون بەڕيّوەدەچيّت, ئەگەر چى بەشيّوەيەكى زۆر وا دەردەكەويّت تيّكشكيّنەرى رووناكبيرييەكان و زمان وسروت و عەقيدەو نەريتەكانە, هەروەها تيّكشكيّنەرى ناسنامەكانيشە. ئەگەر هەريەكىّ لەئيّمە هەرەشەى نكولّى كردن لەخۆى ليّبكريّت تا هاوشانى نويّگەرى بڕوات وەك ئەمڕۆ دەست نيشاندە كريّت و ودەست نيشانكراوە ئەگەر پەرچەكردارى دواكەوتن و توندوتيژيش پەخش نەكريّنەوە بەسەرماندا.





## ڕاهيّنانى پڵنگ —IV

ئەم وتارە لەلاپەڕەكانى پيّشوودا" يان لەلاپەرەكانى داهاتوودا هەوڵى نەداوەو هەوڵنادات سەرجەم ئەو دياردە ئابوورى و تەكنەلۆجى و جيۆسياسييان بگريّتە خۆو باسيان بكات كەچەمكى بەجيهانىبوون دەيانگريّتەوە وەك چۆن لەبەشەكانى يەكەميشدا ئەم وتارە هەوڵينەداوە چەمكى بەرفراوانى ناسنامە هەمووى باس بكات, ليّرەدا ئامانجيّكى خاكى ترو روونتر دەخەينە ڕوو كەهەولّيّكە بۆ تيّگەيشتن لەو ريّگەيەى بەجيهانىبوون رەفتارە گوزارشت كارەكانى ناسنامەى پىّدەوروژيّنيّت و بەچ ريّگەيەك دەتوانيّت وايليّبكات رۆژىّ لەرۆژان كەمتر بكوژبيّت. شيكردنەوەكەم لەم تيّبينيەوە سەرچاوە دەگريّت كاتىّ كۆمەڵگە نويّگەريى بەدەستيّكى نامۆ دەزانيّت ئارەزووى لەرەتكردنەوەو خۆپاراستنە ليّى، بەدوورودريّژى باسى جيهانى عەرەبيى ئيسلامى و پەيوەندييە ئاڵۆزەكانيم كرد لەگەڵ هەموو ئەوانەدا كەلەڕۆژئاواوە بۆى ديّن و دەكرىّ ديارەدى هاوشيّوەى ئەوەى ئەمڕو لەگەڵى شويّنى ئەم ئەستيّرەيە ببينين سەبارەت بەوەى پەيوەندى بە بەجيهانىبوونەوە هەيە.

ئەگەر بمانەوىّ خۆ لابدەين لەوەى بەجيهانىبوون لەلاى چەندان مليّون كەسى وەك ئيّمەمانان رەتكردنەوەيەكى يەكلاكەرەوەو خۆكوژانە دەربېڕيّت وەك پەرچەكرداريّك. پيّويستە ئەو رووناكبيرييە گشتگيرەى لەئەنجامى بەجيهانىبوونەوە پەيدا دەبىّ تەنيا بەهى ئەمريكا دادەنرىّ. چونكە دەبيّت هەموو كەسيّك كەميّك خۆى تيادا بناسيّت و يەكبگريّتەوە لەگەڵيداو هيچ كەسىّ ناچارنەبيّت بەناموّى دابنيّت بەشيّوەيەكى يەكلاكەرەوانەو دوژمنكارانەش ليّرەشدا پيّم وايە بەسودە ئاماژە بەبنەمايەكى سەرەكى بدەم كەبنەماى ئاڵوگۆڕكردنە چونكە ئەمڕۆ

www.pertwk.com



واپێویست دەکات هەر تاکێك لەئێمە سەرپەرشتی ژمارەیەکی گەورە لەو پێکهاتانە بکات کە لەکلتورە بەهێزەکانی ترەوە دەگەنە لای، بەڵام پێویستە هەموو کەسێك بتوانێت دڵنیا بێت لەوەی کە کەسانێك هەن دەبنە هەڵگری هەندێ لەپێکهاتە روناکبیرییە تایبەتیەکەیان لەکەسایەتیو شێوازو کارە هونەرییەکانو شتی بەسودو مۆسیقاو خواردەمەنیو وشەکانی لەسەرجەم کیشوەرەکانو لەنێویشیاندا ئەمریکای باشوور کەئێستا بەشێکی لەمیراتێکی جیهانیی هاوبەش پێکهێناوە.

ناسنامە بۆ هەموو مرۆڤایەتی بەپلەی یەکەم مەسەلەی هێمایەو تەنانەت رووکەشیشە. کاتێ لەناو مەجلیسێکدا کەسانێك دەبینم هەڵگری ناوێکن لەگەڵ ناوی من دەگونجێت یان هەمان رەنگی پێستو هەمان ئارەزوو بەڵکو هەمان ناتەواویشیان هەیە دەتوانم واهەستبکەم ئەو کۆڕوکۆبوونەوەیە نوێنەرایەتیم دەکات چونکە داوی ئینتیمایەك بەو کۆڕوکۆبوونەوەیەوەم دەبەستێتەوە لەوانەیە ئەوداوە باریك یان ئەستووربێت. بەڵام هەر زوو خاوەنی ناسنامە رووکەشەکان ڕێگەکەی دەدۆزنەوە.

ئەوەی بەسەر کۆڕوکۆبوونەوەیەکدا بچەسپێت بەسەر گروپێکی کۆمەڵایەتی یان کۆمەڵەیەکی نەتەوەییو کۆمەڵەیەکی گشتگیریشدا دەچەسپێت. لەهەر کوێیەك مرۆڤ پێویستی بەم نیشانانەی یەکترناسینە هەبوو, پێویستی بەم پردانە دەبێت ڕووەو ئەوانی تر ئەمەش شارستانیترین ڕێگەیە بۆ تێرکردنی پێویستیمان بەناسنامە.

هەندێ لەکۆمەڵگەکان ئەم لایەنەی مەسەلەکان سەرنجیان رادەکێشێت کاتێ مەسەلەکە پەیوەست بێت بەئەنجامدانی ئەم هاوسەنگییە ناوەکییەوە, بەڵام کەم بایەختر دەبێت ئەوکاتەی لەسەر ئاستی جیهان مەسەلەکە پەیوەست دەبێت بەپەیوەندیی نێوان روناکبیرییە هەمەڕەنگەکانەوە، بێگومان مەبەستم لە ویلایەتە یەکگرتووەکانە, ئینجا





ئەگەر مرۆڤ بەڕەگەز خەڵکی پۆڵەندا یان ئێرلەندا یان ئیتاڵیا یان ئەفریقا یان ئیسپانیا بێت ئەوا بەدوای یەکدا هاتنی ناو یان رووخسارە پۆڵەندیی یان ئێرلەندیی یان ئیتاڵی یان ئەفریقی یان ئیسپانییەکان دەبینێت.

هەندێجار مەسەلەکە رێکخراوو دروستکراوو بڕیار لێدراو دەبێت تاپلەیەك جێگەی نیگەرانیە. ئەوەتا 9٪ی زنجیرە پۆلیسییەکان پیاوێکی موو زەردی چاوشین هەڵدەبژێرن بۆ ئەوەی رۆڵی پیاوێکی ستەمکار ببینێت تا ئەو بەرهەمە ئەو هەستە دروست نەکات کەمینەکان بەشێوەیەکی سلبی دەخاتەروو. کاتێ لەڕێ لادەر رەش پێست دەبێتو ئەو پۆلیسەی بەدوایدا دەگەڕێت پیاوێکی سپی دەبێت مەسەلەکە واپینە دەکرێت سەرۆکی پۆلیسەکان رەش پێست بێت" ئایا ئەمە جێگەی نیگەرانیی نییە؟ لەوانەیە وا بێت.

بەڵام کەفیلمی گاوانەکانو هندییەکۆنەکان دەهێنینەوە یاد ئەو کاتەی ئەوانە پشتاوپشت دروێنە دەکران لەنێو چەپڵە رێزانی گەرمی گەنجاندا وا هەستدەکەین ئەم هەڵوێستەی ئێستا خراپترین نییە.

وەلێ چونکە ئەمەم وت نامەوێت ئاستێکی زیاتر لەوەی شایەنیەتی بەو هەڵسوکەوتە هاوسەنگ کارانەیە بدەم چونکە هەرچەندە هەندێجار دەبێتە مایەی پاشەکشێی حوکمە پێشوەختە رەگەزییەکان یان کەمینەکان یان شتیتر, هەندێجاریش هاوکاریدەکات بۆ مانەوەی, دەتوانین لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن بەناوی هەمان بنەماوە ببینین چۆن هیچ ئەمریکییەك هەست بەوە ناکات سوکایەتی پێدەکرێت لەوەدا کە دەبینێت یا دەبیستێت کەهەر جۆرە پەیوەندییەك لەنێوان پیاوێکی سپیو ژنێکی ڕەش پێستدا یان ژنێکی سپیو پیاوێکی ڕەش پێستدا تاڕادەیەك قەدەغەیە چونکە رای گشتی وەك دەوترێت بەمجۆرە دوو رەگیو تێکەڵبوونە قایل نابێت بۆیە مەسەلەکە وارێکدەخەن هەر تاکێك لەگەڵ کۆمەڵێ خەڵکدا بژی لەخێڵەکەیدا لێرەشدا کردارێکی رێکخراو

www.pertwk.com



دەبینینەوە پێشبینی کراوە بەپلەیەك پەست بوون بوروژێنێتو بەڵکو شەرمندەش بێت.

ئەمە لاساریی کۆدەنگییەکی رێگرە لەگەیشتن بەمەبەست بەڵام لەدیدی منەوە ڕاستی ئەو بیرەباوەی ئەمڕۆ لەوڵاتەیەکگرتووەکاندا هەیە ناسڕێتەوە کە پێی وایە هەموو هاوڵاتیەكو هەموو کەمینەیەکی تایبەتی دەبێت بتوانێت, کاتێ سەیری تەلەفزیۆنی کرد لەو ناو ڕوخسارانەدا کەدەردەکەون خۆی بناسێتەوە هەروەها پێویستە وای ببینێت بەشێوەیەکی ئیجابی نوێنەرایەتی دەکەن, بۆ ئەوەی واهەست نەکات لەدەرەوەی کۆمەڵە نەتەوەییەکەیە.

ئەم بیرۆکەیە شایستەی ئەوەیە لەچوارچێوەیەکی بەرفراوانتردا دووبارەبکرێتەوە. لەبەر ئەوەی هەموو دانیشتوانی گۆی زەوی دەتوانێت بگاتە هەمان وێنەو دەنگو بەرهەم ئایا ئاسایی نییە ئەم وێنەو دەنگو بەرهەمانە نوێنەری هەموو ڕووناکبیرییەکان بن؟ هەموو تاکێکیش لەتوانایدا هەبێت خۆی تیادا بناسێتەوەو هیچ کەسێ مەزەنەی ئەوە نەکات کە دووریدەخاتەوە؟ لەسەر ئاستی گشتی هەروەها لەناوەندی هەموو کۆمەڵگەدا پێویستە هیچ کەسێ واهەست نەکات هەڕەشە لێکراوە یان بەسووك سەیر کراوە یان دوورخراوەتەوە یان نەفرەت لێکراوە تا ئەو پلەیەی ناچار بێت بەشەرمەوە ئاینەکەی یان ڕەنگی یان زمانەکەی یان ناوەکەی یان هەرپێکهاتەیەك لەپێکهاتەکانی ناسنامەکەی بشارێتەوە, تابتوانێت لەناوخەڵکی تردا بژی, هەموو تاکێك پێویستە بتوانێت خۆی بەهەموو ئینتیمایەك لەئینتیماکانیدا هەڵبواسێتو و سەری بەرزو بێ ترسو کینە بێت.

ئەگەر بەجیهانیبوونەکەی ئێستا بەیەك ئاراستە بڕوات رووخێنەر دەبێت چونکە لەلایەك (نێردراوە جیهانییەکان) هەن لەلایەکی ترەوە (وەرگرەکان) لەلایەك (یاساو ڕێسا) هەیەو لەلایەکی تریشەوە لەیاساو رێسار لادەر لەلایەك (ئەوانەی باوەڕیان وایە بەشەکەیتری جیهان





ناتوانێت هیچیان فێربکات) لەلایەکی ترەوە ئەوانەی باوەڕیان وایە جیهان هەرگیز ئارەزوو ناکات گوێیان لێبگرێت.

کەئەم دێڕانە دەنووسم بەتەنیا بیر لەخواستی باڵادەست بوون ناکەمەوە بەڵکو بیر لەخواستێکیتر دەکەمەوە لەگەڵ شوێنی ئەستێرەکەدا بەرجەستە دەبێتو بەشێوەیەك لەشێوەکان بەپێچەوانەی یەکەمەوەیە یان وێنەیەکی سلبییەو بەهەمان ئاست بەلامەوە زیانبەخشە ئەویش خواستیزیان پێگەیاندنو تۆڵەسەندنەوەیە.

چەند کەس سەرە گێژەگرتنیو ڕەتیانکردەوە لەوە تێبگەن کەڕوودەدات. چەند کەس وازیانهێنا لەپێشکەشکردنی یارمەتیەکانیان بۆ ڕووناکبیرییە جیهانیە هەڵقولاوەکە چونکە یەکجارو تاهەتایە بڕیاریاندا جیهانی دەوروبەریان داخراوەو دوژمنکارو دڕندەو شێتانەو شەیتانانەیەو چەندکەس ئارەزوویان لەگۆشەگیرییە لەڕۆلی قووربانیدا“ قووربانیی ئەمریکاو ڕۆژئاواو سەرمایەداری یان لیبراڵیو قووربانیی تەکنەلۆجیای نوێو وهۆیەکانی راگەیاندن و گۆڕانکاریی. هیچ کەسێ ناتوانێت نکولێ لەوەبکات ئەو کەسانەی بەڕاستی وا هەستدەکەن رووتکراونەتەوەو ئەوان ئازار دەچێژن بۆ ئەو مەسەلەیە. پەرچەکردارەکەیان وا دەردەکەوێت خەمهێنەرە, داخران لەهزری چەوساوەدا بۆ قووربانی لەخودی دوژمنایەتی ترسناکترە ئەم مەسەلەیە, بۆ کۆمەڵگەکانیش ڕاستە وەك چۆن بۆ تاکەکانیش ڕاستە, ئەوە ترسناکترە کەدیوار بەدەوری خۆماندا دروستبکەینو خۆمان لەهەموو شتێ بپارێزینو دابخرێینو قسەبجووینەوەو واز لە گەڕانو دۆزینەوەو پێشکەوتن بهێنینو لەئایندەو ئێستاو خەڵکانی تریش بسڵەمینەوە.

بەردەوام حەزدەکەم بەوانە بڵێم کەخۆیان بەمجۆرە دەخۆنەوە جیهانی ئەمڕۆ لەو وێنەیە ناچێت کەلەمێشکی خۆیاندا بۆیدەکێشن!

ئەوەڕاست نیە کەهێزی شاراوەو خاوەن دەسەڵاتی تەواو ئاراستەیدەکات, ڕاست نییە مولکی خەڵکیترە. گومانی تێدانییە

www.pertwk.com



بەرفراوانبوونی بەجیهانیبوون هەروەها خێرایی گۆڕانكارییەكان كەتووشی سەرەگێژەمان دەكەن ئەو هەستە بەهەموو یەكێك لەئێمە دەبەخشن نقووم بووین لەهەموو ئەو شتانەدا كە ڕوودەدەن‌و و ناتوانین ئاڕاستەی ڕووداوەكان بگۆڕین. بەڵام پێویستە بەردەوام ئەوە بهێنینەوە یاد ئەم هەستە ژمارەیەكی زۆر لەخەڵكی تیایدا هاوبەشن لەنێویاندا ئەوانە هەن كەڕاهاتووین لەسەرەوەی پلیكانەكەدا بیانبینین.

لەبەشی پێشوودا وتم هەموو خەڵكیی لەسەردەمی ئێمەدا واهەستدەكەن بەجۆرێ لەجۆرەكان كەمینەن, بەجۆرێكیش دوورخراوەن, چونكە هەموو كۆمەڵەكان‌و كلتوورەكان واهەستدەكەن لەپێشبڕكێدان لەگەڵ لەخۆیان بەهێزتردا واهەستدەكەن چیتر ناتوانن پارێزگاری لەمیراتەكەیان بكەن تا بەسەلامەتی بمێنێتەوە, چونكە ڕۆژئاوا باڵادەستە لەدیدی باشوورو ڕۆژهەڵاتەوە، ئەمریكاش باڵادەستە لەدیدی پاریسەوە. لەگەڵ ئەوەشدا كەدەچین بۆ وڵاتە یەكگرتووەكان چی دەبینین؟ ئەو كەمینانە دەبینین كەهەموو هەمەرەنگییەكی جیهان دەخەنەڕوو, هەمووشیان هەست بەپێویستیان بۆ جەختكردنە سەرئینتیما ڕەسەنەكەیان دەكەن دوای ئەوەی بەدەوری ئەم كەمینانەدا چاومان گێڕا هەزارجار گوێمان لێدەبێت دەسەڵات لەدەستی پیاوە سپییەكەو پڕۆتستانیە ئەنكلۆسەكسۆنیەكاندایە لەناكاودا دەبیستین تەقینەوەیەكی گەورە لەئۆكلاهوما ستی ڕوویداوە, كێن بكەرەكانی؟ پیاوە سپییە ئەنكلۆسەكسۆنیەكان‌و ئەو پڕۆتستانتانەن كە لەوباوەڕەدان لەهەموو كەمینەكان پشتگوێ خراوترو بەسووك سەیركراوترن, باوەڕیان وایە بەجیهانیبوون زەنگی خەم لێدەدات بۆئەمریكاكەی خۆیان. تیمۆسی ماك ڤای‌و یاوەرانی بەتەواوەتی لەدیدی هەموو جیهانەوە نوێنەرایەتی ئەو ڕەگەزە دەكەن كەحوكمرانیی ئەستێرەكە دەكەن‌و ئایندەشمان لەدەستی ئەواندایە, خۆیان بەتەنیا بەگروپێ دادەنێن بەرەونەمان





دەچێت‌و هیچ چەكێكی تری نیە بێجگەلەچەكی لەناوبەرترین شێوەكانی تیرۆر .

كەواتە ئەم جیهانە بۆكێیە؟ جیهان بەشێوەیەكی تایبەتی بۆهیچ نەژادێ یان تەنیا نەتەوەیەك نیە, لەهەر كاتێكی تری رابردوو لەمێژوودا زیاتر بۆ هەموو ئەوانەیە كەدەیانەوێت شوێنێكی تێدا بگرن بۆ خۆیان. بۆ هەموو ئەوانەیە هەوڵدەدەن یاسای یارییە نوێیەكە پێ بزانن, هەرچەندە مایەی سەرسامیش بێت ئەویش لەپێناوی بەكارهێنانیدا بۆ بەرژەوەندی خۆیان. هیوادارم بەشێوەیەكی باش لێم تێبگەن چونكە هەوڵم نەداوە لەژێر ڕووپۆشێ لەپاكیزەیدا دزیوّیی ئەم جیهانە بشارمەوە كە تیایدا دەژین, چونكە من ناتەواوییەكان‌و سنوربەزاندن‌و زوڵم‌و لاسارییە بكوژەكانیم هەر لەسەرەتای ئەم كتێبەوە ڕسوا كردووە" بەڵام لێرەدا تووشی هەڵچوون دەبم لەگەڵ هەندێ لەسۆزدا, دژی هەوڵی بێهودەیی‌و ئەم هەڵوێستە زۆربڵاوەی نێوان هەڵگرانی كلتووری شوێنەكانی‌تر كە لەسەرپەنابردنە بەر ئازارو تەسلیمبوون‌و سلبی‌بوون دامەزراوەو بەتوندوتیژیی خۆكوژانە نەبێت دەرچوون نییە لێی.

گومانم لەوە دانییە كە تێدانیە بەجیهانی بوون هەڕەشە لەهەمە جۆریی زمان‌و شێوەی ژیان دەكات, تەنانەت دڵنیام لەوەی ئەم هەڕەشەیە زۆر ترسناكترە لەوەی لەڕابردوودا هەبووە.

ئەمەش لەلاپەرەكانی داهاتوودا دەگەڕێمەوە بۆ قسە لەسەركردنی, ئەگەرچی جیهانی ئەمڕۆ ئەو هۆیانە بەو كەسانە دەبەخشێ كەدەیانەوێت پارێزگاری لەڕووناكبیرییە هەڕەشە لێكراوەكەیان بكەن لەپێناوی بەرگریكردندا لەخۆیان‌و لەجیاتی ون بوون‌و لەناو چوون وەك بارودۆخی سەردەمانی پێشوو، ئەم ڕووناكبیرییانە توانای ڕووبەڕووبوونەوەیان هەیە لەپێناوی مانەوەدا ئایا بێهودە نییە سودی لێوەرنەگرین؟

www.pertwk.com



ئەو شۆڕش و گۆڕانە تەكنەلۆجیو كۆمەڵایەتیانەی لەدەوروبەرمان روودەدەن دیاردەیەكی مێژوویی پێكدەهێنن ئاڵۆزەو زۆر بەرفراوانە, هەموو تاكێك دەتوانێت سودی لێ ببینێت كەس ناتوانێت بەسەریدا زاڵبێت تەنانەت ئەمریكایش. بەجیهانیبوون ئامێری (سیستەمی نوێ) نییە تاهەندێ كەس هەوڵبدەن بەسەر جیهانیدا بسەپێنن بەڵكو وایدەبینم زیاتر بەمەیدانێك دەچێت لەهەموولایەكەوە كراوەیەو هەزاران زۆرانبازییو لەیەككاتدا هەزاران شەڕی تیادا ڕوودەدات, هەموو تاكێكیش بۆی هەیە بچێتە ناو ئەومەیدانەوە بەپاڵپشتی دروشمو چەكەكانی لەهەرایەكدا كە كۆنترۆڵ ناكرێت.

بائینتەرنێت بەنموونە وەربگرین ئەگەر لەدەرەوە بەترسێكی پێشوەختەوە سەیرمانكرد وادەردەكەوێت دڕندەیەكی ئەستێرەیی لینجە“ بەهێزەكانی ئەم جیهانە بەهۆیەوە دەست بەسەر هەموو زەمیندا دەگرن ئەگەر سەیری ئینتەرنێت بكەین لەناوەوە دەبینین ئامێرێكی ئازادی جوانەو بەڕاستی ئاسمانێكی دادپەروەرە هەموو تاكێك دەتوانێت بەئارەزووی خۆی بەكاری بهێنێت, چوار خوێندكاری زیرەك لەچوارچێوەیدا دەتوانن كاریگەرییەكیان هەبێت لەكاریگەریی سەرۆك دەوڵەتێك یان كۆمپانیایەكی نەوت كەمتر نەبێت. هەرچەندە باڵادەستیی زمانی ئینگلیزیی تیایدا ئاشكرایە, بەڵام هەمەجۆریی زمانەكان لەكۆمپیوتەردا ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەگەشەسەندندایەو ئەمەش یارمەتیی هەندێ داهێنان دەدات لەبواری وەرگێرانی دەستوبردا ئەمانەش داهێنانێكن هێشتا سەرەتاییو كرچ وكاڵن و هەندێجاریش پێكەنین هێنن ئەگەرچی لەئایندەدا ئومێدی زۆریان لێدەكرێت. بەشێوەیەكی گشتی ئامرازەكانی پەیوەندییە نوێیەكان توانای بەشداریكردن پێشكەش بەژمارەیەكی زۆر لەهاوچەرخەكانماندەكەن. ئەو كەسانەی لەهەموو دەوڵەتەكاندا دەژینو هەڵگری سەرجەم نەریتە رووناكبیرییەكانن بۆیان





هەیە بەشداری لەخولقاندنی ئەوەدا كەسبەینێ دەبێت بەكلتوری هاوبەشمان.

ئەگەر بمانەوێت ڕێ لەمردنی زمانەكەمان بگرین و ئەگەر بمانەوێت جیهان بەو رووناكبیرییە بناسێنین كەلەسایەیدا گەورەبووین و وایانلێبكەین خۆشیان بوێت و ڕێزی لێبگرن, ئەگەر ئاواتەخوازبین ئەو كۆمەڵەی وابەستەیانین لەخێری ئازادییو دیموكراسیو سەربەرزیو خۆشگوزەرانی بەهرەمەندبن, ئەوا شەڕەكە لەبنەڕەتەوە شەڕێكی دۆڕاونیە, نموونەی وا دەردەكەون لەهەموو كیشوەرەكانەوە هاتوون, ئەوانەی چالاكانە دەجەنگن لەدژی پاوانخوازیو تاریكی پەرستیو پاكتاوكردن و كینەو خەنجەری ژەهراوی لەپشتدان دەتوانن زۆربەی جار مەسەلەكە ببەنەوە هەروەها ئەوانەش دژی برسێتیو نەزانیو نەخۆشی دەجەنگن. ئێمە لەسەردەمێكی سەرسامكەردا دەژین هەموو كەسێ بۆی هەیە ئەگەر بیرۆكەیەكی هەبێت ئینجا ئەو بیرۆكەیە بلیمەتانەبێت یان ناوازە یان بێكەڵك دەتوانێت هەمان ڕۆژ بیگەیەنێت بەدەیان ملیۆن كەسی وەك خوی. ئەگەر باوەڕمان بەشتێ هەبێت و لەناخماندا وزەی تەواوو سۆزی تەواوو ئارەزووی تەواومان هەڵگرتبێت بەرامبەر بەژیان ئەوا لەوانەیە لەو سەرچاوانەدا كەجیهان پێشكەش بەئێمەی دەكات ئامرازەكان بدۆزینەوە لەپێناوی هێنانەدی هەندێ لەخەونەكانماندا.

www.pertwk.com



"2"

ئایا لەرێی ئەم نموونانەوە هەوڵی ئەوە دەدەم بڵێم هەرچەندە شارستانیەتی ئەمڕۆ بمانخاتە بەردەم گیروگرفتێك وەك پەرجوویەك ئامرازەكانمان پێشكەش دەكات لەپێناوی چارەسەركردنیدا" لەو باوەڕەدانیم لێرەدا شتێ هەبێت ڕێگامان پێبدات یاسایەك هەڵبهێنجین بەلام بەدڵنیاییەوە ئەو هێزە مەزنەی زانستو تەكنەلۆجیای نوێ بەخشیویانە بەمرۆڤ دەكرێ بەسوود بێت بۆ بەكارهێنانی دژبەیەك" هەندێكیان رووخێنەرو هەندێكیان دروستكەرن. بەمجۆرە وێڕای ئەوەی سروشت ڕۆژێك لەڕۆژان بەم خراپیە مامەڵەی لەگەڵدا نەكراوە, كەچی ئێستا لەتواناماندا هەیە بیپارێزین بەشێوەیەكی زیاتر لەماوەی رابردوو چونكە ئامرازەكانی بەشداریكردنمان پێشكەوتووەو لەبەرئەوەی ئاستی هۆشیاریمان زیاترە لەپێشوو.

ئەمە بەومانایە نایەت كاریگەرییە چاكسازیەكەمان لەئاستی توانای زیان پێگەیاندنماندایە, وەك چۆن بەداخەوە لەگەڵێ نموونەدا دەردەكەون وەك نموونەی چینی ئۆزۆن یان نموونەی گەلێ رەگەز كە تائێستاش هەڕەشەی لەناوچوونی لەسەرە.

دەكرا بواری تر باسبكەم بێجگە لەژینگە, بەلام ئەم بوارەم هەڵبژارد چونكە هەندێ لەو مەترسیانەی ڕووبەروویان دەبینەوە لەو مەترسییانە دەچن كەبەجیهانیبوون دەمانخاتە بەردەمی چونكە هەمەجۆریی لەهەردوو بارەكەدا هەڕەشەلێكراوە وەكو ئەو رەگەزانەی چەندین ملیۆن





ساڵ ژیاون تا بێن و لەبەرچاوماندا بكوژێنەوە لەوانەیە گەلێ لەو كلتورانەش كە لەماوەی سەدان و هەزاران ساڵدا سەركەوتوو بوون لەخۆڕاگریدا لەوانەیە ئەگەر ئاگاداری مەسەلەكە نەبین لەبەرچاوماندا بكوژێنەوە هەندێكیان ئێستا بەرەو نەمان دەچن و هەندێكی تریان قسەپێكردنیان لەگەڵ مردنی دواكەس كە بەو زمانە قسە دەكات كۆتایی پێدێت. گەلێ كۆمەڵی مرۆڤایەتیش بەدرێژایی مێژوو كلتورێكی رەسەنیان پێكەوەناوە كەپێكهاتووە لەهەزاران ئەفراندن لەجلوبەرگ و پزیشكی و وێنەكێشان و مۆسیقاو هێماو پیشەوخواردەمەنی و چیرۆكەكان هەڕەشەی ئەوەیان لێدەكرێت خاكەكەیان و زمان و یادەوەریو مەعریفەو ناسنامەی تایبەتی و كەرامەتیان لەدەستبدەن.

هەرگیز باسی ئەوكۆمەڵگانە ناكەم كەزۆر دووربوون لەبزووتنەوە گەورەكانی مێژوو, باسی ژمارەیەكی زۆر لەكۆمەڵە مرۆڤایەتیەكانی ڕۆژئاواو ڕۆژهەلات و باشوورو باكوور دەكەم لەواقیعێكدا هەموویان تایبەتمەندیی خۆیان هەیە. مەسەلەكە لەهزرمدا پەیوەندیی بەجێگیركردنی یەكێ یان یەكێكی‌تر لەو كۆمەڵانە نییە لەساتێ لەساتەكانی پێشكەوتنیداو پەیوەندیشی بەگۆڕینییەوە نییە بۆ نمایشێكی بەچێژ. مەسەلەكە پەیوەندیی بەپاراستنی میراتییە هاوبەشەكەمانەوە هەیە لەزانست و زانیاریی و چالاكییەكان بەهەموو هەمەڕەنگییەكیانەوەو لەهەركوێیەكبن لەبرۆڤانسەوە بۆ بۆرنێو, لە لویزیانەوە بۆ ئەمەزۆن كەواتە مەسەلەكە پەیوەندی بەوەوە هەیە هەموو كەسێك توانای تەواوی ژیانی بدرێتێ لەجیهانی ئەمڕۆداو بەتەواوی سود لەهەموو پێشكەوتنە تەكنیكی و كۆمەلایەتی و فیكرییەكان وەربگرێت بەبێ ئەوەی یادەوەرییە تایبەتەكەیان و كەرامەتیان بدۆڕێنن.

بۆچی كەمتر سەرنجی هەمەڕەنگیی ڕووناكبیریە مرۆڤایەتیەكان دەدەین لەچاو هەمەڕەنگیی رەگەزەكانی ئاژەڵ یان گژوگیادا؟

www.pertwk.com



ئایا وا پێویست ناکات توانای پرۆژەکەمان بۆ پاراستنی دەوروبەرمان درێژببێتەوە بۆ دەوروبەرە مرۆڤایەتیەکەمان؟

لەدیدی سروشتەوە هەروەها لەدیدی رووناکبیریشەوە ئەستێرەکەمان خەمبار دەبێت ئەگەر بێجگە لەڕەگەزە (بەسودەکان) هیچیتری تێدانەبێت لەگەڵ هەندێ ڕەگەزی تردا کەپێمان وایە (بۆجوانکارین) یان بەهایەکی ڕەمزییان هەیە.

بەژماردنی هەموو ئەم لایەنانەی رووناکبیریی مرۆڤایەتی بەروونی دەردەکەوێت ئەم رووناکبیرییە دوولۆژیکی جیاواز دەردەخات. لۆژیکی ئابووری کەبەشێوەیەکی باش رووەو پێشبڕکێیەکی بێکۆت دەڕوات و لۆژیکی ژینگە کە لەباوەڕبوون بەپاراستنی ژینگەوە سەرچاوەی گرتووە. بەڵگەنەویستە یەکەمیان لەگەڵ ڕۆحی سەردەمدا دەگونجێت بەڵام دووەمیان پێویستییەکی هەمیشەیی بۆ هەبوونی هەیە تەنانەت ئەو دەوڵەتانەش کە زۆر پشتیوانیی لەئازادیی گۆڕینەوە ڕەهاکان دەکەن یاسای پاراستن دادەڕێژن بۆ ئەوەی بۆ نموونە خۆیان لەوەبپارێزن پێگەیەکی سروشتی دووچاری رووخان بکرێت لەسەر دەستی بەڵێندەرەکان. هێندەی پەیوەندی بەکلتوورەوە هەبێت هەندێجار دەبێت پەنابنبرێتە بەرهەمان شێواز لەپێناوی دانانی ڕێگرو خۆبواردن لەوەی کەناتوانرێت چاکبکرێتەوە.

بەڵام لەوانەیە ئەم چارەسەرە هەرچارەسەرێکی کاتی بێت، ئێستا پێویستە ئێمەی هاووڵاتیان جڵەوی دەستپێشخەریی بگرینە دەست ئەو کاتەی شەڕی هەمەڕەنگی رووناکبیریی دەبەینەوە ئامادەبین خۆمان لەرووی فیکریی و سۆزو ئامادەباشیەوە پرچەك بکەین لەپێناوی زمانێکی هەڕەشە لێکراودا بەمردن. وەك ئەو قایل بوونەی کەپێویستە بۆ ڕێگرتن لە لەناوچوونی ئاژەڵی (پاندا) یان کەرکەدەن.

بەردەوام باسی زمانم دەکرد لەریزی ئەو پێکهاتانەدا کە کلتوورو ناسنامەیەك دەستنیشاندەکەن، بەبێ ئەوەی جەخت لەسەر ئەوەبکەم





مەسەلەکە بەتەنیا پەیوەندیی بەپێکهاتەیەك لەپێکهاتەکانەوەنییە. پێدەچێ کاتی ئەوە هاتبێت لەم بەشەی کۆتایی کتێبەکەدا لەپێکهاتەکانی تر جیابکرێتەوەو ئەو جێگەیەی بدرێتێ کەشایستەیەتی.

لەناو هەموو ئەو پێکهاتانەی دانیان پێدادەنێین زمان وەك گرنگترین دیاریکەری ئینتیما دەمێنێتەوە، ئەویش کەمبایەختر نییە لەو ئاینەی بەدرێژایی مێژوو رکابەری سەرەکیی بووە بەشێوەیەك لەشێوەکان هەندێجاریش هاوپەیمانی بووە. کاتێ دوو گروپ بەدووزمانی جیاواز قسەدەکەن ئاینە هاوبەشەکەیان بەس نییە بۆ یەکێتی ڕیزەکان وەك کاسۆلیکە فلمەندیی و والۆنییەکان، وەك موسڵمانە تورك و کوردو عەرەبەکان و......هتد.

هەروەك چۆن زمانی هاوبەش لەبۆسنە پێکەوە ژیانی ئەرسۆدۆکسە سرب و کاسۆلیکە کروات و موسڵمانەکان دەستەبەر ناکات. لەسەراپای جیهاندا گەلێ دەوڵەت کەیەك زمانی هاوبەش کۆیاندەکاتەوە لەیەکترازاون بەهۆی ململانێی ئاینییەوە وەك چۆن گەلێ دەوڵەتیش کەئاینی هاوبەش کۆیکردونەتەوە بەهۆی ململانێی زمانییەوە پارچە پارچە بوون.

ئەمە سەبارەت بەوەی پەیوەندی بەڕکەبەرییەوە هەیە لەهەمان کاتدا گومانی تێدانیە (هاوپەیمانیی) دێرین لەنێوان ئیسلام و زمانی عەرەبیداو لەنێوان کەنیسەی کاسۆلیکی و زمانی لاتینیدا لەنێوان کتێبی مارتن لۆسەرو زمانی ئەڵمانیدا پێکهاتووە. ئەگەر ئیسرائیلیەکان ئەمرۆ نەتەوەیەکیان دروستکردبێت بەهۆی ئەو پەیوەندییە ئاینییەوە نییە کەیەکیاندەخات هەرچەندە بەهێزیش بێت، بەڵکو بەهۆی زمانی عیبریی هاوچەرخەوەیە کەزمانێکی نەتەوەیی ڕاستەقینەی پێکهێناوە. ئەوەی چل ساڵ لەئیسرائیلدا بژی بەبێ ئەوەی بچێت بۆکەنیسە ناچێتە دەرەوەی کۆمەڵە نەتەوەییەکەوە بەڵام ناتوانین هەمان شت بڵێین سەبارەت بەکەسێ چل ساڵ لەئیسرائیلدا بژی بەبێ ئەوەی فێری زمانی عیبری ببێت، ئەمەش ڕاستە بۆ گەلێ دەوڵەتیتریش لەسەراپای جیهانداو

www.pertwk.com



پێویستیشمان بەبەڵگەی دوورودرێژ نییە تابگەینە ئەو راستییەی پیاو دەتوانێت بەبێ هیچ ئاینێك بژی بەڵام بەدڵنیاییەوە ناتوانێت بەبێ هیچ زمانی بژی.

تێبینیەكی تر هەیە لەمە بەڵگە نەویستترنییە بەڵام شایەنی بەبیر هێنانەوەیە كاتێ ئەم دوو پێكهاتە بنەڕەتیەی ناسنامە بەراورد دەكەین, ئەویش ئەوەیە قەدەری ئاین وایە دەبێ هەر خۆی بێت بەڵام زمان وانیە. دەكرێت لەیەك كاتدا بەعیبری و عەرەبیو ئیتاڵیو سویدی قسە بكەین, بەڵام ناتوانین عیبری و موسڵمان و كاسۆلیكیو لۆسەریی بین وێرای ئەوەش كاتێ خۆمان بەموریدی دوو ئاین دابنێین لەیەك كاتدا ئەمجۆرە هەڵوێستە لەلای خەڵكیتر پەسەند نابێت.

بەپێی ئەم بەراوردە كورتەی نێوان ئاین و زمان هەوڵی ئەوە نادەم یەكەم یان باشترینیان دەستنیشان بكەم بەتەنیا دەمەوێت سەرنجرابكێشم بۆ ئەوەی زمان ئەو تایبەتمەندییە سەرسامكەرەی هەیە پێكهاتەی ناسنامەو ئامێری پەیوەندیشە لەهەمان كاتدا. لەبەرئەوە بەپێچەوانەی ئەو خواستەوەی سەبارەت بەئاین دامدەڕشت پێموایە جیاكردنەوەی زمان لەناسنامە ناكرێت و بێ سودە چونكە قەدەری زمان وایە وەك تەوەری ناسنامەی رووناكبیریی بمێنێتەوەو هەمەڕەنگیی زمانیش تەوەری سەرجەم هەمەڕەنگییەك بێت.

حەز ناكەم بەدوورودرێژی دیاردەیەك لێكبدەمەوە وەكو پەیوەندی نێوان خەڵك و زمانەكانیان ئاڵۆزبێت بەڵام بەلامەوە گرنگە لەچوارچێوەی ئەم وتارە زۆر سنوردارەدا هەندێ لەو لایەنانە بهێنمەوە یاد كەپەیوەستن بەچەمكی ناسنامەوە بەشێوەیەكی تایبەتی.

بایەكەمجار ئەوە روون بكەینەوە كەهەموو مرۆڤێ پێویستی بەزمانێ هەیە ناسنامەكەی دەستنیشان بكات. ئەویش هەندێجار هاوبەشە لەنێوان چەند ملیۆنێك كەسداو هەندێجاریش لەنێوان تەنیا چەند هەزار كەسێكدا, گرنگ نیە گرنگ لەم خاڵەدا بەتەنیا هەستی ئینتیمایە,





هەمووتاكێك لەئێمە پێویستی بەم پەیوەندییە بەهێزو بەم دڵنیاییە هەیە كەناسنامەكەی دەستنیشان دەكات.

هیچ شتێ نیە هێندەی هەوڵدان بۆ پچڕاندنی ئەوپەتە نهێنیە ترسناك بێت كەمرۆڤ بەزمانەكەیەوە دەبەستێتەوە. كاتێ دەپچڕێت یان تێكدەچێت ئەمە رەنگدانەوەیەكی روخێنەرانەی دەبێت بۆ سەر هەموو كەسایەتیەكە, ئەو توندڕەوییەی جەزائیر خەڵتانی خوێن دەكات هۆكەی دەگەڕێتەوە بۆ شكستێكی پابەند بەزمانەوە زیاتر لە ئاین, فەرەنسا هەرگیز هەوڵی نەداوە موسڵمانەكانی جەزائیر بكات بەمەسیحی بەڵام ویستوویەتی زمانەكەیان بكات بەزمانی فەرەنسی ئەویش بەڕێگەی ناردنە دەرەوە بەبێ ئەوەی لەبەرامبەردا پێیان ڕەوا ببینێت كە هاوولاتیی ڕاستەقینەبن.

دەڵێم هەرگیز لەوە تێنەگەیشتووم چۆن دەوڵەتێ خۆی بەعلمانی دادەنێت هەندێ لەرەعیەتەكانی ناوبنێت (فەرەنسییە موسڵمانەكان)و، بێ بەشیان بكات لەهەندێ لەمافەكانیان لەبەرئەوەی ئاینەكەیان لەئاینەكەی ئەوناچێت؟

بەڵام قسەكانم بەخێرایی كۆتایی پێدەهێنم چونكە بەتەنیا نموونەیەكی كارەسات ئامێزە لەنێو گەلێ لەنموونەكانی ترداو پێویستم بەشوێنێكیترە ئەگەر بمەوێت بەوردی باس لەوەبكەم ئەمڕۆ لەهەموو دەوڵەتێكیشدا دەبێت خەڵكی چەند ئازار بچێژن هەر بە تەنیا لەبەرئەوەی بەزمانێ قسەدەكەن لەچواردەوری خۆیان سڵەمینەوە یان دوژمنایەتی یان كینە یان گاڵتەپێكردن دەوروژێنێت.

پێویستە بەروونیو بەبێ بچووكترین پێچ و پەنا مافی هەموو مرۆڤێ بسەلمێنین لەپاراستنی ئەو زمانەدا كەناسنامەكەی دەستنیشان دەكات و بەئازادی بەكاری بهێنێت، پێم وایە ئەم ئازادییە زۆر گرنگترە لەئازادی بیروباوەڕ چونكە ئەمەی دواییان هەندێجار باوەڕی دژ بەئازادیو دژ بەمافە بنەرەتیەكانی ژنان و پیاوانیش دەپارێزێت. لەلایەنی خۆمەوە بۆ

www.pertwk.com



چوونی تایبەتم هەیە دەربارەی بەبەرگریکردن لەمافی گوزارشتکردن لەلای ئەوانەی بانگەواز بۆ نەهێشتنی ئازادییەکان دەکەن بەچەندین شێوە لەباوەڕەکانی کینەو بەکۆیلەکردنو بەپێچەوانەشەوە بانگەوازکردن بۆ مافی هەموو مرۆڤیٚ تا بەزمانی خۆی قسە بکات نابێت هیچ دوودڵییەکی لەمجۆرە بوروژێنێت.

ئەمەش بەمانای ئەوە نایەت هەمیشە ئاسانە ئەم مافە بخرێتە مەیدانی جێبەجێکردنەوە, دوای ئەوەی بنەماکە رادەگەیەنرێت هێندەمان بۆ دەمێنێتەوە کارە سەرەکییەکەی ئەنجامبدەین. ئایا هەموو کەسیٚ دەتوانێت داوای مافی چوونە فەرمانگەیەكو قسەکردن بەزمانە تایبەتییەکەی خۆی بکاتو دڵنیا بێت لەوەی ئەو فەرمانبەرەی لەپشتی پەنجەرەکەیەوە دانیشتووە لێی تێدەگات؟ ئایا ئەو زمانەی بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ سەرکوتکراوە یان بەلایەنی کەمەوە پەراوێزخراوە دەتوانێت جەختکردنەوە لەسەر پێگەکەی خۆی بەشێوەیەکی رەوا لەسەر حسابی زمانەکانی تر دووپات بکاتەوە. لەگەڵ مەترسی هاتنی جورێکیتر لەجیاوازکاری؟ بێگومان مەسەلەکە لێرەدا پەیوەندی بەخوێندنەوەی ئەو نموونە جیاوازانەوە نییە کەبەسەدان مەزەندە دەکرێن, هەر لەپاکستانەوە تا کیبكو لەنایجیریاوە تاکەتەلۆنیا, بەڵکو پەیوەندی بەچوونە ناو سەدەیەکی نویٚ لەئازادیو هەمەڕەنگیی هێمنانەوە هەیە. بەمەش لە زوڵمی لەپێشینە ڕزگار دەبین بەبیٚ گۆڕینەوەی بەزوڵمێکی تر بەهۆی دوورخستنەوەو توندڕەوی ترەوە, لەگەڵ دانپێدانانندا بەمافی هەموو کەسێکدا سەبارەت بەوەی لەگەڵ گەڵیٚ لەئینتیما زمانیەکاندا هاوژیان بێت لەچوارچێوەی ناسنامەکەدا. گومانی تێدانیە هەموو زمانەکان بەیەکسانی لەدایك نەبوون بەڵام ئەوە سەبارەت بەزمان دەڵێم کە سەبارەت بەکەسەکان دەیڵێم. واتە هەموویان مافی ئەوەیان هەیە ڕێز لەکەرامەتیان بنرێت لەرووی پێویستیمانەوە بەناسنامە. یەك زمانی ئینگلیزیو زمانی ئایسلەندی هەمان ڕۆڵیان هەیە بەڵام ناتوانن وەك یەك





بن کاتیٚ فەرمانەکەی تری زمان دەخەینەڕوو واتە ڕۆڵی زمان وەك ئامرازێکی لەیەکگەیشتن.

"3"

دەمەوێت لەچەند لاپەڕەیەکدا کەمێك لەسەر مەسەلەی نایەکسانی لەنێوان زمانەکاندا رابوەستم, ئەویش لەبەرهۆیەك کەبەشێوەیەکی تایبەتی بەلامەوە گرنگەو پێشتر هەلم بۆ هەڵکەوتووە قسەی تێدابکەم. لەلای هەندیٚ کەس لەفەرەنسا ترسێك هەست پێدەکەم سەبارەت بەڕێرەوی جیهانو ترسان لەم داهێنانە تەکنەلۆجییە یان ئەویانو لەئەمجۆرە هزرە یان قسەکردنە یان مۆسیقا یان خواردەمەنیە کاتیٚ تێبینی نیشانەکانی ڕاڕایو سۆزێکی زۆر یان تەنانەت جۆرێك لەرابردوو پەرستی دەکەم. گەڵیٚ جار ئەمە بەشێوەیەکی تر بەوەوە بەستراوەتەوە کەخەڵکی هەستی پێدەکەن لەبەردەم بڵاوبوونەوەی بەردەوامی زمانی ئینگلیزیو بارودۆخی ئێستای وەك بارودۆخی زمانێکی جیهانیی باڵادەست.

ئەم هەڵوێستە وا دەردەکەوێت تایبەتە بەفەرەنسا لەهەندیٚ لایەنیەوە, ئەویش لەبەرئەوەی هێندەی پەیوەندی بەزمانەوە هەبێت فەرەنسا خاوەنی خواستی گشتگیرانە بووە, یەکەم بووە لەئازار چەشتندا بەدەست پەرەسەندنی گەورەی زمانی ئینگلیزیی سەبارەت بەو دەوڵەتانەی ئەمجۆرە خواستانەیان نەبووە یان ئێستا نیانە, مەسەلەی پەیوەندی لەگەڵ زمانی باڵادەستدا بەهەمان ئەو گوزارشتانەوە نەخراونەتە ڕوو بەڵام خراونەتە ڕوو.

ئەوەی دەربارەی دەوڵەتە گەورەکان دەیخەمە ڕوو بۆ دەوڵەتە بچووکەکانیش راستە, ئەگەر بگەرێمەوە بۆ نموونە زمانی ئایسلەندیی کەرێژەی ئەوانەی قسەی پێدەکەن ناگەنە سیٚ سەد هەزار

www.pertwk.com



(300000)كەس. دەرهاویشتەكانی مەسەلەكە ساكارخۆی دەنوێنێت چونكە هەموو دانیشتوانی دوورگەكە بەزمانی خۆیان لەناو خۆیاندا قسەدەكەن بەلاّم كەپەیوەندی بەبێگانەیەكەوە دەكەن وا باشترە بۆیان شارەزاییان لەزمانی ئینگلیزیدا هەبێت. پێدەچێت هەموو زمانێ خاوەنی باشییەكی زۆر سنوردار بێت لەدەرەوە كێبڕكیێ نیە چونكە زمانی ئایسلەندی ڕۆژێ لەڕۆژان زمانی گفتوگۆی نێودەوڵەتیی نەبووە. كێبڕكێش لەناوەوەنیە چونكە هیچ دایكێكی ئایسلەندی بەبیریدا نایەت كۆڕەكەی بە زمانی ئینگلیزی بدوێنێت.

لەگەڵ ئەوەشدا مەسەلەكان ئاڵۆزدەبن كاتێ لەبواری گەیشتن بەزانیارییە بەرفراوانەكان نزیك دەكەوینەوە ئایسلەندا هەوڵی بەردەوام دەدات و هەوڵەكانیشی خەرجییان تێدەچێت. بۆ ئەوەی گەنجەكانی درێژە بەخوێندنی زمانی ئایسلەندی بدەن لەجیاتی زمانی ئینگلیزی. ئەمەش هەر ئەوەیە كە لەشوێنەكانی تری جیهان ڕوودەدات, بەلاّم ئەگەر سەرنجمان خاوبۆوەو هەر بەخۆتەسلیم كردن بەیاسای ژمارەو یاسای بازاڕ وازمانهێنا, بەكارهێنانی زمانی نەتەوەیی بەم نزیكانە دێتەسەر بەكارهێنانی ناوماڵو بوارەكەی تەسك دەبێتەوەو لەكۆتایدا دەبێت بەشێوە زمانێكی ناوخۆیی میللی. بۆ ئەوەی زمانی ئایسلەندی وەك زمانێكی سەربەخۆو پێكهاتەیەكی سەرەكیی ناسنامە بمێنێتەوە, پێویستە ڕێگای ڕووبەڕووبوونەوەی پێشوەخت دۆڕاو دژی زمانی ئینگلیزی نەگرێتەبەر، بەڵكو هەموو تاكێك پڕچەك بكات لەپێناوی پاراستنی زمانی نەتەوەییو پێشخستنیدا. هەروەها لەپێناوی پاراستن و پتەوكردنی پەیوەندیدا لەگەڵ زمانەكانیتر.

كاتێ لەئینتەرنێتدا گەشتێ بەناوسایتی ئایسلەندادا دەكەین كەزۆرترین ژمارەیە لەجیهاندا بەپێی ژمارەی دانیشتوان سێ شت دەرك پێدەكەین هەموو شتێ لەڕووی پراكتیكییەوە لەسایتەكەدا بەزمانی ئایسلەندییەو زۆربەی هەڵبژاردنێك لەخۆدەگرێت و بەداگرتنی دوگمەیەك





ڕێگە بەتێپەڕین دەدات بۆ وێنە ئینگلیزییەكە گەلێكیش پێشنیازی زمانی سێیەم دەكەن كە بەزۆری زمانی دانیماركی یان ئەڵمانییە, لەلایەنی خۆمەوە ئاواتەخوازم زمانیتریش پێشنیاز بكرێن و بەشێوەیەكی ڕێك و پێك تر بەلاّم ئەو ڕێگایەی گیراوەتەبەر لە ئێستادا پێموایە گونجاوە.

بۆ لێكدانەوەی مەسەلەكە دەڵێم: شارەزایی باش لەزمانی ئینگلیزیدا بۆ ئەمڕۆ پێویستە ئەگەر ئارەزوومان لە پەیوەندیكردن بێت بەسەرجەم دانیشتوانی گۆی زەوییەوە، ئەمەش ڕاستیەكی بەڵگەنەویستە, دژایەتیكردنی بێهودەیە بەلاّم وا نیشاندان كەگوایە زمانی ئینگلیزی بەسە ئەویش كارێكی بێهودەیە, چونكە ئەمەش ئەگەر بەتەواوەیی هەندێ لە پێداویستیەكانی ئێستامان دابین بكات پێداویستیتر هەن دابینیان ناكات و لەسەروو هەمووشیانەوە پێویستیی ناسنامەیە.

بەدڵنیاییەوە زمانی ئینگلیزی ئەو زمانەیە كەبەستراوەتەوە بەناسنامەوە لەلای ئەمریكیی و ئینگلیزیی و هەندێكیتریش بەلاّم سەبارەت بە بەشەكەی تری مرۆڤایەتی واتە زیاتر 9٪ی هاوچەرخەكانمان ئەوا ناتوانن ئەم ڕۆڵە ببینن" ترسناكیش دەبێت ئەگەر وای لێبكەین ئەو ڕۆڵە ببینێت" مەگەر بمانەوێ چەندین گروپ لەبوونەوەری شڵەژاوو لەڕێ لادەرو خاوەن كەسایەتی ناتەواو بخوڵقێنین. بۆ ئەوەی كەسێ بتوانێت هەست بەئارامی بكات لەجیهانی ئەمڕۆدا پێویستە ناچار نەبێت واز لەزمانی ناسنامەكەی بهێنێت لەپێناوی ئەوەدا كە ڕۆبچێتە ناوی پێویستە مرۆڤ ناچار نەبێت لەڕووی هزرەوە نامۆ بێت, هەر كەكتێبێكی كردەوەو هەر كە لەبەردەم شاشەیەكدا دانیشت و هەر كەگفتوگۆی كرد یان بیریكردەوە. پێویستە هەموو تاكێك لەتوانایدا بێت خاوەنداری نویگەری بكات لەجیاتی ئەوەی هەمیشە وا هەست بكات لەخەڵكیتری دەخوازێت.

www.pertwk.com



ویرای ئەمەش, دیمەنیٚ هەیە پیٚموایە ئاماژەکردن بۆی زۆر گرنگە ئەویش ئەوەیە زمانی ناسنامەو زمانی گشتی ئیٚستا بەس نین چونکە پیٚویستە لەسەر هەموو ئەو کەسانەی خاوەنی ئامرازو تەمەن‌و توانان دوورتر لەوەش بڕۆن.

ئەگەر فەرەنسی‌و کۆرییەك بتوانن کاتیٚ بەیەکدەگەن لەیەکتربگەن‌و گفتوگۆ بکەن‌و پەیماننامە بازرگانیەکانیان بەزمانی ئینگلیزی ببەستن ئەوە بیٚگومان پیٚشکەوتنە لەچاو ڕابردوودا بەڵام فەرەنسی‌و ئیتاڵییەك بەئینگلیزی نەبیٚت نەتوانن گفتوگۆ بکەن ئەوا ئەمە پاشەکشەیەو مایەی کزبوونی پەیوەندییەکەشیانە.

شتیٚکی جوانە گەلیٚ لەخویٚنەران لەکتیٚبخانەی مەدرید چیٚژ لە فۆکنەریان شتاینبگ بەزمانە رەسەنەکەی خۆی وەربگرن" بەڵام جیٚگای داخە ئەمڕۆ کەس نەتوانیٚت دەقی ئەسڵی فلۆبیر یان مۆزیل یان پوشکین یان سترینبرگ بخویٚنیٚتەوە.

لەم تیٚبینیانەوە هەوڵی دەستەبەرکردنی ئەنجامیٚك دەدەم پیٚم وایە سەرەکیە ئەویش قایل بوونە بەنزمترین پلەی پیٚویست لەبواری زماندا دژی رۆحی سەردەمەکەمان تەنانەت ئەگەر واش دەربکەویٚت دیمەنەکان شتیٚکی‌تر دەگەیەنن. ئاسمانیٚکی بەرین هەیە لەنیٚوان ئەو زمانەی پەیوەستە بەناسنامەوەو ئەو زمانەی گشتییە، ئاسمانیٚکی بەرین کەپیٚویستە بزانین چۆن پڕیدەکەینەوە.

بۆ روونکردنەوەی بۆ چوونەکەم دەمەویٚت ئەمجارەیان نموونەیەك بهیٚنمەوە لەهەموو نموونەکان ئاڵۆزترو عەودالٚتربیٚت بەدوای ئەنجامدا وەك نموونەی یەکیٚتی ئەوروپا کەکۆمەڵیٚ وڵات بوون هەریەکەیان ریٚرەویٚکی میٚژوویی تایبەتییان هەبوو, درەوشانەوەی رووناکبیریی تایبەتییان هەبوو, ئەوەیان گرتە ئەستۆ چارەنووسیان بەئاڕاستەی یەکگرتندا ببەن. ئایا پاش پەنجا ساڵی تر یەکدەگرن لەچوارچیٚوەیەکی فیدڕاڵی یان کۆنفدڕاڵیدا یان بەشیٚوەیەکی تەواو یەکانگیردەبن یان





بەپیٚچەوانەوە پەرتەوازە دەبن؟ ئایا یەکیٚتیەکە بەرەو ئەوروپای ڕۆژهەڵات یان دەوروبەری دەریای ناوەڕاست‌و تاچ ئاستیٚ دریٚژ دەبیٚتەوە؟ دەگاتە وڵاتانی بەلقان, مەغریب, تورکیا, رۆژهەڵاتی ناوەڕاست‌و قەفقاس؟

ئەو شتانە زۆرن پەیوەندییان بەوەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەوە هەیە لەجیهانی ئایندەدا, بەتایبەتی پەیوەندی لەنیٚوان گەلیٚ لەشارستانیەتەکان‌و ئاینە مەسیحیی یان ئیسلام یان یەهودییەکاندا بەڵام پاشەڕۆژی بونیادی ئەوروپی هەرچۆنیٚك بیٚت‌و شیٚوەی یەکیٚتیەکەش هەرچۆنیٚك بیٚت‌و وڵاتە بەشداربووەکانیش هەرچیەك بن ئەمڕۆ پرسیاریٚك دەکریٚت‌و بەدریٚژایی چەندین نەوەی داهاتووش دەخریٚتەڕوو, ئەویش ئەوەیە چۆن هەمەڕەنگیی ئەو زمانانە بەڕیٚوەببەین کەبەدەیان زمان مەزەندە دەکریٚن؟

لەگەلیٚ لەبوارەکانی‌تردا بەهەموو توانایەکمانەوە" یەکدەخەین‌و ریٚکدەخەین‌و ئاسایی دەکەینەوە, کەچی لەم بوارەماندا بەکۆنەپاریٚزیی دەمیٚنینەوە, لەوانەیە سبەینیٚ زیادکردنیٚك بدۆزینەوە بۆ سەر دراوی یەکگرتوو, یاسادانانی یەکگرتوو بۆ هەمان سوپاو هەمان پۆلیس‌و هەمان حکومەت بەڵام هەوڵدان بۆ سڕینەوەی سنوردارترین زمان زۆرترین پەرچەکرداری سۆزداریی لەدەستدەرچوون بەرپادەکات بۆئەوەی خۆمان لەکارەسات لابدەین وامان پیٚ باشە وەربگیٚڕین‌و وەربگیٚڕین‌و وەربگیٚڕین ئەگەر نرخی ئەمەش هەرچییەك بیٚت.

لەم کاتەدا, یەکبوونیٚك دەست‌و بردانە ڕوودەدات کەس بڕیاری لەسەرنەداوەو گەلیٚ کەس نیگەران دەکات بەڵام راستیەکانی رۆژانە بەسەر هەمووواندا دەیسەپیٚنن. هەر کەئیتاڵی‌و ئەڵمانی‌و سویدی‌و بەلجیکییەك لەدەوری پیٚکیٚك کۆدەبنەوە ئیتر ئەگەر خویٚندکار یان ڕۆژنامەنووس یان پیاوی بازرگان یان سەر بەریٚکخراویٚکبن یان فەرمانبەربن ئەوا بەدڵنیاییەوە پەنا دەبەنە بەر زمانیٚکی هاوبەش. ئەگەر بونیادی ئەوروپی

www.pertwk.com



پێش سەدساڵ یان تەنانەت پێش پەنجا ساڵ دابمەزرایە ئەوا ئەو زمانە فەرەنسی دەبوو بەڵام ئەمڕۆ زمانی ئینگلیزییە.

ئایا دەتوانین تا هەتا هەتایە هاوسەنگییەكی لەنێوان ئەم دوو داوا پێویستەدا ڕابگرین, مەبەستم لەئارەزووی پاراستنی ناسنامەی تایبەتە بەهەموو تاكێك‌و پێویستیی قسەكردن‌و گۆڕینەوەی بەردەوام لەنێوان ئەوروپییەكاندا بەكەمترین ڕێگر؟

هەروەها لەپێناوی دەرچوون لەم تەنگانەیەو خۆ لادان لەوەی خەڵكی لەچەند ساڵێكدا خۆیان بەتێوەگلاویی ببینن لەململانێی توندوتیژی زماندا كەدەرچوون نییە لێی, هێندە بەس نییە ملكەچی زەمەن بین چونكە زۆرباش دەزانین زەمەن چی‌دەكات.

تاكە ڕێگا ئەوەیە كارێكی خۆویستانە ئەنجامبدرێت كەهەمەڕەنگیی زمان پتەو بكات‌و بیخاتە ناو خەسڵەتەوە, بەپێی بیرۆكەیەكی سادە ئەویش ئەوەیە هەموو كەسێ ئەمڕۆ بەشێوەیەكی بەڵگەنەویست پێویستی بەسێ زمان هەیە, یەكەم زمانی ناسنامەكەیەتی‌و دووەمیان زمانی ئینگلیزییە, لەنێوان ئەو دوو زمانەیشدا پێویستە زمانێك هەبێت تاك هانبدرێت بەئازادیی هەڵیبژێرێت كەبەزۆریی‌و نەك هەمیشە زمانێكی ئەوروپی‌ترە ئەو زمانە بیانییەش هەرلەخوێندنگەوە سەرەكییەو لەوەش زیاتر دەبێت‌و ئەو زمانە دەبێت كەئازیزە لەبەردڵی‌و زمانێكی دڵگیرو هەڵبژاردەوخۆشەویست دەبێت.

ئایا سبەینێ پەیوەندی نێوان ئەڵمانیاو فەرەنسا بەدەستی ئەوانە دەبێت لەو دووڵاتەدا كەبەئینگلیزی دەدوێن یان بەدەستی ئەو ئەڵمانیانە دەبێت كەبەفەرەنسی دەدوێن‌و ئەو فەرەنسییانەی بەئەڵمانی دەدوێن. وەڵامدانەوە جێگای گومان نابێت هەروەها لەنێوان ئیسپانیاو ئیتاڵیاداو لەنێوان هەموو هاوبەشە ئەوروپیەكاندا هەندێكی كەم لەهەستی ڕاست‌و دروست بەسەو كەمێ لەڕوونیی‌و باوەڕ بەخۆبوون بۆ ئەوەی ئاڵوگۆڕی بازرگانیی‌و ڕووناكبیریی‌و شتی‌تریش لەدەست ئەواندا بمێنێتەوە





سوودی تایبەتیان بۆ هاوبەشەكەیان دەبێت كەلەمیانەی پابەندبوونی ڕووناكبیریدا خستوویانەتەڕوو كەمانای خۆی هەیە, ئەویش پەیوەست بوونیەتی بەزمانی ناسنامەكەیەوە, بەتەنیا ئەوانە دەتوانن زۆر دوور بڕۆن لەگەڵ ئەم پەیوەندییەدا.

بەمشێوەیە لەساڵانی داهاتوودا دەبینین لەپاڵ ئەو ڕەشە خەڵكەدا كەزمانە تایبەتیەكەیان‌و بەتەنیا زمانی ئینگلیزی دەزانن ئەو پسپۆڕانە هەن كەوێڕای ئەم نزمترین ئاستە لەسەرمایە خاوەنی زمانی تایبەت بەخۆشیان‌و بەئازادی هەڵیانبژاردووە بەپێی ئارەزووی تایبەتییان‌و بەهۆیەوە شكۆفە كردنی تایبەتی‌و پیشەییان جێبەجێدەكەن. ئەگەر مرۆڤ زمانی ئینگلیزی نەزانێت كەمتواناییەكی زۆرە بەڵام بەشێوەیەكی چاكیش كەمتواناییەكی زۆرە ئەگەر مرۆڤ بێجگە لەئینگلیزی هیچ زمانێكی‌تر نەزانێت بەتایبەتی ئەوانەی زمانی ئینگلیزی بەزمانی دایكیان دادەنرێت.

پێویستە پارێزگاری لەزمانی ناسنامەكەمان بكەین‌و لەدوامانەوە بەجێی نەهێڵین بۆ ئەوەی ئەوانەی بەو زمانە دەدوێن ناچارنەبن پشتی تێبكەن ئەگەر بیانەوێت بگەن بەوەی كەشارستانیەتی ئەمڕۆ پێشنیازی دەكات بۆیان. دەبێت بەبێ دوو دڵیی پشتگیریی لەبڵاوكردنەوەی خوێندنی زمانی ئینگلیزیی بكەین وەك زمانی سێیەم بەبێ ماندوبوون بۆ گەنجانیشی ڕوونبكەینەوە چەند بەسودەو بەسیش نییە لەهەمان كاتدا هەوڵ بدەین بۆ فێربوونی زمانی زۆرو كاربكەین بۆ دۆزینەوەی گەلێ لەوانەی شارەزای زمانی ئیسپانی‌و فەرەنسی‌و پورتوگالی‌و ئەڵمانین لەناو هەموو نەتەوەیەكدا هەروەها شارەزای عەرەبی‌و ژاپۆنی‌و چینی‌و سەد زمانی‌تر، كەپسپۆڕیی تیایاندا دەگمەنە لەلای تاك‌و كۆمەڵ ئازیزدەبن. بەمشێوەیە پێموایە ڕێگای حیكمەت بۆ ئەو كەسەیە كەبەئومێدە لەپێشكەوتنە سەرسوڕهێنەرەكانی بواری پەیوەندیدا

www.pertwk.com



بەهرەمەندییان لەسەرجەم بوارەكاندا دەستگیر ببێت لەجیاتی نەداریی و سڵەمینەوەو تێكچوونی عەقڵ.

نكوڵی لەوە ناكەم ئەو دیدەی پێشنیازی دەكەم لەپێناوی پاراستنی هەمەڕەنگیی رووناكبیریدا هەندێ لەئیرادەگەرایی پێویستە بەڵام ئەگەر پشتمانكردە ئەم هەوڵدانەو دەستبەرداری شتەكان بووین رێچكەی خۆیان بېرن و ئەگەر شارستانیەتی جیهانیی كەلەبەر چاوماندا لەساڵانی داهاتوودا دروست دەبێت بەردەوام بێت لەسەر دەركەوتن بەشێوەی ئەمریكییانە یان ئەنكلۆفۆنیانە یان رۆژئاواییانە بەشێوەیەكی بنەرەتیی ئەوا پێموایە هەموو جیهان دۆڕاو دەبێت, لەپێش هەمووشیانەوە ویلایەتە یەككگرتووەكان چونكە دەستی بەسەر بەشێكی گەورەی ئەستێرە كەدا گرتووەو هاوسەنگیی هێزەكان بەشێوەیەكی خراپ لەئەستۆ دەگرێت و دووەمیان ئەوانەن ئینتیمایان هەیە بۆ رووناكبیرییە ناڕۆژئاواییەكان چونكە وردە وردە هەموو ئەو شتانە لەدەست دەدەن كەهۆكاری بوونیان پێكدەهێنێت و خۆیان دەبیننەوە ملی ڕێی یاخیبوونێكیان گرتووە دەرچوونیان بۆنییە لێی. لەكۆتایشدا ئەوروپا زیاتر لەهەر شوێنێكی تر لەهەردوو لاوە دەدۆڕێت چونكە ئامانجی یەكەم دەبێت بۆ ئەوانەی خۆیان بەدوورخراوە دەزانن لەگەڵ نەبوونی توانای پارێزگاریكردنی هەمەرەنگیی زمانیی و رووناكبیرییەكەی خۆیی.





"4"

هێندەی نەمابوو جووتێك ناونیشان بەم وتارە ببەخشم و بنووسم ناسنامە بكوژەكان یان چۆن پڵنگەكە رابهێنین. بۆچی پڵنگ؟ چونكە ئەگەر راوماننا دەكوژرێت و ئەگەر وازمان لێهێنا ئازاد بێت دەكوژێت, لەوەش خراپتر ئەوەیە لەناو سروشتدا بەبرینداریی بەجێی بهێڵین, بەڵام پڵنگم هەڵبژارد چونكە دەتوانین ڕامی بكەین.

ئەمە ئەوەیەكە تاڕادەیەك خواستم بوو لەم كتێبەدا سەبارەت بەخواستی ناسنامە بیڵێم, پێویستە بەزوڵم لێكردن و پیلان چارەسەر نەكرێت بەڵكو بەهێمنی بپشكنرێت و لێی بكۆڵرێتەوەو لێی تێبگەین دواتر زاڵبین بەسەریداو ڕامی بكەین. ئەگەر بمانەوێت خۆمان لەوە لابدەین كەئایندە لەخراپترین وێنەكانی ڕابردوو بچێت و ئەگەر بمانەوێ منداڵەكانمان پاش پەنجا ساڵ یان سەد ساڵ ناچارنەبن وەكو ئێمەی بێتوانا قەسابخانەو پرۆسەكانی دەركردن و پاكتاوكردنیتر ببینن و هەندێجار ملكەچیشی بن.

هەركاتێك بەپێویستم زانیبێت بەسەرخۆمدا سەپاندووە باسی ئەو ئامرازانە بكەم دەكرێت بەهۆیانەوە پڵنگەكە قەمتەربكەین هەر لەبەر ئەوەنا كە لەسەرحەقم ئەوەش رێگام پێدەدات بەڵكو لەبەرئەوەی پاش دەستكردنم بەم لێكۆلینەوەیە باوەڕهێنانم بەبەرەڵاكردنی ئارەزووەكان و فەرماندەركردن وەك رەفتارێكی نالێپرسراوانە دەردەكەوێت. هەروەها پێویستە بەدرێژایی لاپەرەكان ئاماژە بەهەندێ رێگا بدەم كەپێموایە ئایندەیەكی باشیان لێ چاوەڕوان دەكرێت و هەندێكی تر كەپێموایە داخراون.

www.pertwk.com



لەگەڵ ئەوەشدا ئەم کتێبە دەلیلی دەرمان نیە هێندەی پەیوەندیی بەڕاستییەکەوە هەیە تا ئەو ئاستە ئاڵۆزو ناتەبایەی ناتوانرێت هیچ داڕشتنێك وەکوخۆی لەوڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکیتر ببرێت. وشەی (دارشتن) بەمەبەستەوە بەکاردەهێنم چونکە لەلوبنان بەردەوام دووبارە دەکرێتەوە لەگفتووگۆکاندا سەبارەت بەدەستنیشانکردنی ئەو بەرنامەڕێژییەی لەسەربنەمای دابەشکردنی دەسەڵات لەنێوان چەندین کۆمەڵە ئاییزیدا جێبەجێکراوە. لەگەنجێتیمەوە بەزمانی ئینگلیزیو فەرەنسیو بەتایبەتی بەعەرەبی لەچواردەورم وشەی (داڕشتن) دەبیستم ئەویش وشەیەکە کاری (داڕشتنی) زێڕو زیو (مجوهرات)مان بیر دەهێنێتەوە.

(شێوازی لوبنانیی) بەتەنیا بەو تایبەتمەندیانەوەی کەهەیەتی شایستەی بەرفراوانبوونی دوورودرێژە. بەڵام لێرەدا بەشێوەیەکی دیاریکراو باسی دەکەم بەکەمترین تایبەتمەندیی کەتیایدایەو بەزۆرترین ئاست لەنموونەییو ئاشکرایی. سەرژمێرێك پێشکەش ناکەم دەربارەی بیست کۆمەڵەکە هێشتا پێیان دەوترێت مەزهەب لەگەڵ بەیاننامەی تایبەتو مەترسییەکۆنەکانی و ململانێ خوێناوییەکانیو بەرژەوەندییە سەرسوڕهێنەرەکانی بەڵکو بەسادەیی، بیرۆکە دامەزرێنەرەکە دەخەمەروو کەپێویستە بەگوێرەی ئەو ڕێزگرتن لەمافەکانی مسۆگەر بکرێت بەهۆی سیستەمێکی هاوبەشیکردنی وردەوە.

بۆ ئەوەی بۆچوونەکەم بەشێوەیەکی باشتر دەستنیشانبکەم بەم پرسیارە دەست پێدەکەم: کاتێك دانیشتوانی وڵاتێك هەست بەئینتیما دەکەن بۆ کۆمەڵێك جیاوازی ئاینی یان خێڵەکی یان شتیتر, پێویستە چۆن ئەم واقیعە بەڕێوەببرێت؟ ئایا پێویستە ئەم ئینمایانە بەهەند وەربگیرێن؟ تا چەپڵەیەك؟ یان ئایا وا باشترە پشتگوێ بخرێن وا نیشانبدەین نایانبینی؟ خشتەی وەڵامەکان بەرفراوانەو ئەو وەڵامانەی دامەزرێنەرانی لوبنانی نوێ بەبیریاندا هاتووە. بریتییە لەهەڵبژاردنێکی یەکلاکەرەوەو شایەنی ڕێزە لەبەر دانپێدانانی تەواوەتی بەکۆمەڵە





جیاجیاکاندا بەڵام لۆژیکی ئەم دانپێدانانەی تائاستی زیادەڕەوی بردووە, دەکرا هەڵبژاردەیەکی نموونەیی بێت بەڵام بوو بەنموونەیەکی پێچەوانە لەبەشێکی زۆریدا بەهۆی راستیە ئاڵۆزەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستەوە" لەبەشێکیتریشدا بەهۆی ناتەواوییەکانی هەمان شێوازەوەو بەهۆی وشکیی و کەلێنەکانیی و یەکنەگرتنیەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە بەو مانایەنایەت لەسەرمانە سەرجەمی ئەزموونەکە رەتبکەینەوە بەو وتەی (شایەنی ڕێزە) چونکە پێگەیەکی بەخشی بەهەموو کۆمەڵ لەجیاتی وازهێنان لەتەواوی دەسەڵات بۆ یەکێکیان ئەمەش مەسەلەیەکی شایەن بەڕێزە سەبارەت بەوەی حوکمی ملکەچکردن یان لەناوچوون بەسەر کەسانیتردا دەدات, هەروەها شایەنی ڕێزە لەبەرئەوەی بیری لەسیستەمێك کردۆتەوە هاوسەنگی وردی هەیە کەیارمەتیدەر بووە بۆ دەرکەوتنی ئازادییەکانو گەشەسەندنی هونەر لەناوچەیەکدا ئەو وڵاتانەی تیادا بڵاون کەخاوەنی یەك ئاینو یەك ئایدیۆلۆژیا یان یەك حزبو یەك زمانن بۆ ئەوەی ئەوانەی بەخت یاوەریان نەبووەو لەلایەنە گونجاوەکەدا لەدایکنەبوون هیچ ڕێگایەکی تریان لەبەردەمدا نییە بێجگە لەملکەچکردن یان دوورخستنەوە یان مردن لەبەر ئەم هۆیانە بەردەوام دەبمو درێژە بەقسەکانم دەدەمو دەڵێم ئەزموونی لوبنان بەچاوپۆشین لەشکستەکان لەدیدی منەوە زۆر شانازی بەخشترە لەئەزموونەکانیتری رۆژهەڵاتی نزیكو شوێنانیتریش کەبەشەڕی ناوخۆ کۆتایی پێ نەهاتووە یان نەبۆتە مایەی شەڕی ناوخۆ بەڵام ئارامیی ڕێژەیی خۆی لەسەر چەپاندنو داپڵۆسینو پاکتاوکردنی ژێر بەژێروجیاکاریو پراکتیکیی بنیادناوە.

کەواتە شێوازە لوبنانییەکە لەبیرۆکەیەکی شایستەی ڕێزەوە سەرچاوەی گرتووە لەگەڵ ئەوەشدا لەڕێ لایداوە کە لەرێ لادانەکەشی

www.pertwk.com



نموونەییە چونكە بەئاشكرا سنووردارییی  سیستەمی هاوبەشیكردنو هەموو روانینێكی تیرەگەری دەخاتەڕوو.

خەمی سەرەكی (داهێنەران)ی شێوازە لوبنانیەكە خۆلادانبووە لەرووبەرووبوونەوەی نێوان كاندیدێكی مەسیحیو كاندیدێكی موسڵمان لەكاتی هەڵبژاردنەكاندا بۆئەوەی هەموو تیرەیەك هەرەمەكیانە لەچواردەوری (كوڕەكەی خۆیان) كۆنەبنەوە چارەسەرێكیان دۆزییەوە ئەویش ئەوە بوو چەند كورسییەك پێشوەختو بەڕێگەیەك دابەشبكەن كەهەرگیز رووبەرووبوونەوە لەنێوان تیرەكاندا دروست نەكات, بەڵام بەناو ئەو كاندیدانەدا دابەشبكرێت كەسەر بەهەمان تیرەن. ئەمە بیركردنەوەیەكی زیرەكانەو عاقڵانەیە لەرووی تیۆرییەوە, لەگەڵ ئەوەشدا دەستپێشخەرییان كرد بۆجێبەجێكردنی لەسەر هەموو ئاستەكانی دەسەڵات هەر لەسەرۆك كۆمارەوە تا پەرلەمانو ئەركە گشتیەكان ئەوەی لەواقیعدا روویدا ئەوەبوو هەموو سەنتەرێكی گرنگ بوو بەموڵكی یەك تیرە.

لەگەنجێتیمدا لەدژی ئەم سیستەمە هەڵەیە زۆرم هاواركرد  كە لەنێو دوو كاندیدكراودا بۆ كارێك بەتواناترینیان هەڵنابژێرین بەڵكو ئەو كاندید كراوە هەڵدەبژێرین كەتیرەكەی مافی ئەوەی هەیە لەسەنتەردا بێت ئەمڕۆش كاتێ هەلم بۆ هەڵدەكەوێت بەهەمان رێگە هەڵسوكەوت دەكەم. تەنیا جیاوازیی ئەوەیە لەتەمەنی نۆزدە ساڵیدا بووم دەمویست ئەم سیستەمە بگۆڕدرێت بەهەر شتێكیتر لەچلو نۆ (49)ساڵیشدا هێشتا ئومێدەوارم ئەوە ببینم كەبگۆڕێت بەڵام بەهەرشتێكیترنا.

كاتێ ئەمە دەنووسم كەمێك شوێنێكی دوورتر لەلوبنان دەبینم ئەگەر دەركەوت ئەو سیستەمەی تیایدا دامەزراوە بۆگەنە, لەو باوەڕەدانیم خەریك بێت لەم راستیەوە دەرئەنجامی بۆگەنتریش دەستەبەربكەین وەك ئەوەی وای بخەملێنین كە بۆ نموونە كۆمەڵگە خاوەن تیرە جیاجیاكان بۆ





دیموكراسی دەستنادەنو هەر سیستەمێكی خاوەن شانو بازوو دەتوانێت پارێزگاریی لەئاشتیی خۆماڵیی بكات.

تائێستاش ئەم گوتارەمان لەگەڵێ كاتدا گوێ لێدەبێت تەنانەت لەهەندێ خەڵكی دیموكراتخوازیشەوە. ئەم گوتارەی ئیدیعای واقیعیبوون دەكات ئەگەرچی رووداوەكانی ئەم ساڵانەی دوایی بەپێچەوانەی ئەوەوەن. ئەگەر دیموكراسی هەمیشە سەركەوتوو نەبێت لەچارەسەركردنی ئەو ململانێیانەدا بە(كەمینەیی) ناودەبرێن هەرگیز ئەوە ناچەسپێت رژێمی دیكتاتۆریی بەشێوەیەكی باشتر ئەمەی لەتوانادایە. ئایا رژێمی یوگسلاڤی خاوەن یەك حزب چەسپاندویەتی كەبەتواناترە لەمەسەلەی پارێزگاریكردنی ئاشتی خۆماڵیدا لەچاو فرەحزبی لوبنانیدا؟

لەوانەیە مارشاڵ تیتۆ لەسی (30)ساڵی رابردوودا وا دەركەوتبێت لەنێوان دووخراپدا ئاسانەكەیانە چونكە جیهان ئەوەی نەدەبینی گەلە جیاجیاكان بەشەڕ دەهاتنو ئەمڕۆ دەگەینە ئەوەی هیچ مەسەلەیەكی سەرەكیی چارەسەرنەكراوە بەڵكو بەپێچەوانەوە.

ئەوەی لەم دواییانەدا لەزۆربەی وڵاتانی جیهانی پێشتر شیوعیدا روویاندا هێشتا لەبیرماندماوە بەشێوەیەك كەدەمانبەخشێت لەبەڵگە هێنانەوەی  زۆر دوورودرێژ, بەڵام لەوانەیە جەختكردن لەسەر واقیعێك بێهودە بێت كە ئەو دەسەڵاتانەی ڕێگە لەهەموو ژیانێكی دیموكراسی دەگرن لەراستیدا یارمەتیدەری بەهێزكردنی ئینتیما تەقلیدییەكانن. كاتێ گومان لەدڵی كۆمەڵگەیەكدا جێگیردەبێت ئەو تەنیا هاوپەیمانێتیانەی بەخۆڕاگریی دەمێننەوە ئەوانەن لەهەموویان قووڵترن, كەهەموو ئازادییە سیاسی یان پیشەیی یان ئەكادیمییەكان قۆڵبەست دەكرێن, شوێنەكانی خواپەرستی دەبن بەتەنیا شوێن خەڵكی تیایاندا بتوانن كۆببنەوەو گفتوگۆ بكەنو هەست بكەن یەكگرتوون لەرووی نەیارەكانیاندا. زۆرێك لەخەڵك چوونە ناو جیهانی سۆڤێتیەوە وەك

www.pertwk.com



پرۆلیتاریاو ئەنتەرناسیۆنال و بەئاینێکی زیاترو نەتەوایەتیەکی زیاتر لەهەموو کاتێکیتر لێی هاتنەدەرەوە.

لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا ڕووندەبێتەوە ئەو دیکتاتۆریەتانەی ئیدیعای علمانی بوون دەکەن کانگای توندڕەویی ئاینین. علمانی بوون بەبێ دیموکراسی کارەساتێکە بۆ دیموکراسیو علمانیی بوون بەیەکەوە.

بەلاّم لێرەدا ڕادەوەستم, بۆچی ئەم درێژە پێدانە سەبارەت بەرەتکردنەوە؟ بەهەرحاڵ ئەوەی دەروانێتە جیهانێك لەئازادیو دادپەروەریی لەرژێمی دیکتاتۆریدا چارەسەرێکی گونجاو نابینێتەوە. بەبێ ئەوەی پێویستیمان تەنانەت بەگفتوگۆیەکی تایبەتیش هەبێت سەبارەت بەبێ تواناییە ئاشکراکەی لەچارەسەرکردنی مەسەلە پەیوەندارەکان بەئینتیمای ئاینی و کەمینەییو ناسنامەوە, هەڵبژاردن ناتوانێت ڕووبدات لە چوارچێوەی دیموکراسیدا نەبێت.

ئەگەرچی بەوتنی ئەمە پێشکەوتنێکی گرنگم نەهێناوەتەدی چونکە هەر هێندە بەس نییە بڵێم (دیموکراسی) بۆ ئەوەی هاوژیانییەکی هاوئاواز جێگیر ببێت, لەبەرئەوەی جیاوازی لەنێوان دیموکراسییەكو یەکێکیتردا هەیە لێرەدا لەرێ لادانەکان کەمتر لەناوبەرنین لەچاو لەڕێ لادانی دیکتاتۆریەتەکاندا. دوو ڕێگا پێموایە بەشێوەیەکی تایبەتی مەترسیدارن لەسەر هەمەرەنگیی ڕووناکبیریو لەسەر ڕێزگرتن لەبنەما سەرەکییەکانی خودی دیموکراسی, یەکەمیان بەدڵنیاییەوە دیموکراسیی سیستەمی هاوبەشیکردن لەدەسەلاّتدا کە تاپلەی بێهودەیی پاڵی پێوەنراوەو ئەگەری پێچەوانە, واتە دیموکراسی بوونی ئەو رژێمەی ڕێز هەر لەیاسای ژمارە دەگرێت بەبێ هیچ ڕێگرێك.

لوبنان دیارترین نموونەیە گوزارشت لەرێگەی یەکەم دەکات ئەگەر تاکە ڕێگا نەبێت چونکە تیرەکان دەسەلاّت لەناوخۆیاندا دابەشدەکەن بەشێوەیەکی کاتی وەکو دەڵێن بەئومێدی کەمکردنەوەی نائارامیی لەگەڵ پەیماندانندا کە وردە وردە خەڵکی بەرەو هەستکردن بەئینتیما





بۆ(کۆمەڵی نیشتمانیی)بەرن. بەلاّم لۆژیکی رژێمەکە تەواو بەپێڕەوێکی تردا دەڕوات مادام دابەشکردنی (قاڵبێ کێك)هەیە هەموو تیرەیەك ئارەزووی لەوەیە وای دەربخات بەشەکەی زۆرکەمەو ئەوقوربانیی دەستی زوڵمێکی ئاشکرایەو هەندێ لەسیاسیەکان ئەم هەستەدەکەن بەبابەتێکی هەمیشەیی بۆ پڕوپاگەندەکانیان.

وردە وردە ئەو سەرکردانەی ملکەچی هەڕاجەکە نابن دەکەونە پەراوێزەوە, لەو کاتەدا ئیتر هەستی ئینتیما بۆخێڵی جۆراوجۆر لەجیاتی ئەوەی لاواز ببێت, بەهێز دەبێتو هەستی ئینتیما پەنگ دەخواتەوە تاپلەی دیارنەمان یان تاپلەی ئەوەی خەریك بێت دیار نەمێنێت هەمیشە بەئازارەوەو هەندێجار لەرێی جۆگەلەیەك لەخوێنەوە دەبێت ئەگەر لەئەوروپای ڕۆژئاوابین ئەوا بەلجیکا نموونە دەبێتو ئەگەر لەرۆژهەلاّتی ناوەراست بین ئەوا لوبنان نموونەکەیە.

من مەسەلەکان کەمێك ساکار دەکەمەوە بەلاّم ئەوە سیناریۆیەیەکە بەرەو رووی دەڕۆین کاتێ لەچارەسەرکردنی مەسەلەی کەمینەدا دەگەینە ئاستێك ئەویش ئەو ئاستەیە ئینتیمای تێرەگەریی دەگۆڕێت بەناسنامەی لەجیاتی دانراو ئەویش لەجیاتی کۆکردنەوەی لەناسنامەیەکی نیشتیمانیدا کەچوارچێوە بۆدانانو فراوانکردنی دووپات دەکرێتەوە.

دانپێدانان بەژمارەیەك لەئینتیمای زمانییو ئاینیو هەرێمیی لەناوجەرگەی کۆمەڵێکی نیشتمانیدا گەلێکجار نائارامیی کەم دەکاتەوەو پەیوەندیی نێوان چەندین ژمارە لەهاولاّتیان ڕاستدەکاتەوە بەلاّم ئەمە پرۆسەیەکی وردەو ناتوانین چۆنمان بوێت پیادەیبکەین چونکە شتێکی کەم بەسە تاپێچەوانەی ئەوکاریگەرییەی چاوەڕوانمان دەکرد ڕووبدات, کەدەمانەوێت ڕێگا خۆشکەین بۆ تێکەلاّوبوونی کۆمەڵێکی کەمینە دوای بیست ساڵ بۆماندەردەکەوێت پەستاومانەتە ناو شووشەیەکەوە توانای دەرچوونی نیە لێی. لەجیاتی پاككردنەوەی دەوروبەر لەنێوان چەندین

www.pertwk.com



جۆرە کۆمەڵ لەهاووڵاتیان" نەخشە بۆ سیستەمێکی هەڵوێست فرۆشتن و ناڕەزایی دەربڕین و داواکاریی لاسارانە دادەڕێژین ناتوانێت رابوەستێت لەگەڵ ئەو سیاسەتمەدارانەدا کەکردوویانە بەبیانوی مانەوەو سەرمایەی بازرگانیەکەیان.

هەموو پیادەکردنێکی پاکتاوکارانە ترسناکە تەنانەت کاتێ لەبەرژەوەندی کۆمەڵێکیش بەکاردەهێنرێت ئازاریان چەشتبێت بەتەنیا هەر لەبەر ئەوەنا بەم رێگەیە زوڵمێك دەگۆرین بەیەکێکی ترو کینەو گومان بەهێز دەکەین بەڵکو لەپێناوی مەسەلەی باوەڕێك کەبەدیدی من مەترسیدارترە. تاشوێنی یەکێك لەکەسایەتیەکان لەکۆمەڵدا پەیوەست بێت بەئینتیمایەوە بۆ ئەم تیرەیە یان ئەوەی تریان ئەوا بەشداریدەکەین لەبەردەوامیی پێدانی سیستەمێکی لەڕێ لادەر کەناتوانێت هیچ بکات قووڵکردنەوەی دابەشبوونەکان نەبێت. ئەگەر لەهەوڵی ئەوەداین جیاوازییەکان و زوڵم و نائارامییە نەژادیی یان کەمینەیی یان ئاینزییەکان یان شتیتر کەم بکەینەوە تەنیا ئامانجی لۆژیکی و سەربەرزانە ئەوەیە کاربکەین بۆ ئەوەی هەموو هاووڵاتیەك وەك هاووڵاتی خاوەن مافی تەواو مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، ئیتر ئینتیماکەی هەرچییەك بێت. راستە لەماوەی شەوو ڕۆژێکدا ناتوانرێت بەمجۆرە ئاسۆیە بگەین بەڵام نابێتە هۆیەك تا ڕێرەوەکە بەئاراستەیەکی پێچەوانەدا ببەین.





"5"

ناتەواوی سیستمی هاوبەشی و تیرەگەری بوونەتە مایەی گەلێ کارەسات لەناوچە جیاجیاکانی جیهاندا تاپلەیەك کە وادیارە رێگا بەهەڵوێستی پێچەوانە دەدات واتە ئەو هەڵوێستەی وای پێباشە جیاوازییەکان بەهەند وەرنەگرێت و لەهەموو شتێکدا پەنابرێتە بەر حوکمی زۆرینە کە واناسراوە هەڵە ناکات. یەکەمجار وادیارە ئەم هەڵوێستە لۆژیکی دیموکراسییەکی تەواو دەردەخات. نامانەوێت بزانین لەنێوان هاووڵاتیاندا موسڵمان، یەهودی، مەسیحی، رەش پێست، ئاسیایی، ئیسپانی، والۆنی یان فلمەندیدا بووە، چونکە هەریەکە لەمانە دەنگی خۆی لەهەڵبژاردنەکاندا هەیەو هیچ یاسایەك لەدەنگدانی گشتیی باشتر نییە. ئەوەی لەم یاسا بەڕێزەدا بێزارکەرە ئەوەیە واز لەکارکردن دێنێت بەشێوەیەکی ڕاست هەرکاتێ کەشەکە تەمومژاوی بوو. سەرەتای بیستەکان لەئەڵمانیا دەنگدانی گشتی بەسوود بوو بۆ دروستکردنی تەکەتولی حکومیی وا کەرای گشتی دەربخات، پیادەکردنی هەمان ئەم دەنگدانە گشتییە لەسەرەتای سییەکاندا لەکەشی قەیرانێکی کۆمەلایەتی توندو پروپاگەندەی رەگەزپەرستانەدا بووە مایەی نەهێشتنی دیموکراسی کاتێ کە گەلی ئەڵمانیا توانی سەرلەنوێ بەدڵنیاییەوە گوزارشت لەخۆی بکات دەیان ملیۆن کەس کوژران یاسای زۆرینە هەمیشە بەواتای دیموکراسی وئازادی ویەکسانی نیە هەندێجار هاو واتای دەسەلاتخوازی وکۆیلەکردن و جیاوازیکردنە.

کاتێ کەمینەیەك چەوساوەدەبێت دەنگدانی ئازادانە مەرج نیە ئازادی بکات، بەڵکو لەوانەیە زیاتر بۆ بارودۆخی ئەوخراپ بێت،

www.pertwk.com



هەر دەبێت مرۆڤ زۆر ساویلکەبێت یان بەپێچەوانەوە زۆر رووهەڵماڵراو بێت تابەرگری لەو بیرۆکەیە بکات کە وازهێنان لەدەسەڵات بۆ ژمارەیەکی زۆرینە ئازاری کەمینەکان کەمدەکاتەوە, لەرواندا وامەزەنەدەکەن هۆتو نزیکەی 9٪ی دانیشتوان پێکدەهێنن‌و توتسی‌یەکان 1٪ی دانیشتوان پێکدەهێنن کە لەحاڵەتی وادا دەنگدانی ئازاد تەنیا دەنگ جیاکردنەوەیەکی کەمینەیی دەبێت وەك چۆن هەوڵدان بۆجێبەجێکردنی یاسای زۆرینە بەبێ هیچ بەردەبازێك بێگومان دەبێتە مایەی دروستبوونی قەسابخانەیەك یان راستبوونەوەی دیکتاتۆرێك.

بەرێکەوت باسی ئەم نموونەیەم نەکرد لەنزیکەوە گرنگی بەو دایالۆگە سیاسییە دەدەین کەقەسابخانەکەی 1991ی بەدوادا هات بۆمان روونەبێتەوە توندرەوەکان هەمیشە وایان ئیدیعاکردووە بەناوی دیموکراسیەوە هەڵسوکەوتیان کردووە. مەسەلەکە دەگاتە ئەوئاستەی راپەرینەکەیان بەشۆڕشی ساڵی1889 ی فەرەنسایش بچوێنن.

لەناوبردنی توتسی‌یەکانیش بەنەهێشتنی چینێك لەوخاوەن ئیمتییازانە دابنێن کە رۆبسبیرو هاورێکانی لەسەردەمێکدا کە مەقسەڵە تیایدا باو بوو لەناویانبرد. هەندێ قەشەی کاسۆلیکیش رێگایان بەخۆیاندا قەناعەت بهێنن بەوەی پێویستە لەپاڵ هەژاراندا بن‌و لەتوورە بوونیان تێبگەن تا ئەو پلەیەی لەپرۆسەی بەکۆمەڵ کوشتنیاندا هاوبەشیان بوون.

ئەگەر ئەمجۆرە پاساوهێنانەوەیە نیگەرانی کردبم لەبەرئەوە نەبووە هەوڵدەدات بەهایەك بەهەڵسوکەوتی بێ مانای خوێنرێژەکان بدات بەڵکو لەبەرئەوەی ئەو رێگەیە نیشاندەدات کەدەکرێت لەرێیەوە باڵاترین بیروباوەڕ لەسەر رێگەکەی خۆی لابدات. قەسابخانەی کەمینەکان هەمیشە لەژێر جوانترین هەنجەتدا ئەنجامدەدرێن وەك هەنجەتەکانی دادپەروەری‌و بەرابەری‌و سەربەخۆیی‌و مافی گەلان‌و دیموکراسی‌و خەبات لەدژی ئیمتیازات. ئەوەی لەگەڵ ولات لەم ساڵانەی دواییدا





روویداوە پێویستە وامان لێبکات وریابین هەر کەچەمکێکی خاوەن شێوازی جیهانیی بەکارهێنرا لەچوارچێوەی ململانێیەکدا کەپەیوەندی هەبێت بەناسنامەوە.

هەندێ کۆمەڵی مرۆڤایەتی کە بەدەست پاکتاوی رەگەزییەوە دەناڵێنن زۆرینەی دانیشتوان پێکدێنن وەك بارودۆخی ئەفریقیای باشوور تا ئەو کاتەی کەپاکتاوکردنی رەگەزیی نەهێڵرا بەڵام گەلێجار پێچەوانەی ئەمە روویداوە چونکە کەمینەکان ئازار دەچێژن‌و بێبەشن لەسادەترین مافیان. کەمینەکان ئەوانەی هەمیشە لەترس‌و سوکایەتی پێکردندا دەژین. ئەگەر لەولاتێکدا بژین مرۆڤ تیایدا لەوە بترسێت کەبڵێت لەچوار نەوە یان چل نەوە لەوەوپێشەوە ناوی بییر یان مەحمود یان باروخ بووە. ئەگەر لەولاتێکدا بژین مرۆڤ تیایدا تەنانەت پێویستی بەمجۆرە دانپێدانانەش نەبێت لەبەرئەوەی رووخساری رەنگی ئینتیماکەی هەڵگرتووەو بەشێکە لەوەی لەهەندێ دەوڵەتدا پێیدەڵێن (کەمینەی بینراو) ئەو کاتە پێویستیمان بەلێکدانەوەی دووردرێژ نابێت تا تێبگەین لەوەی وشەکانی (زۆرینە)و (کەمینە) هەمیشە وابەستەی دەستەواژەی (دیموکراسی) نین.

بۆئەوەی بتوانین قسە لەسەر دیموکراسی بکەین پێویستە گفتوگۆکان لەکەشی دڵنیاییەکی رێژەیدا بکرێن‌و بۆئەوەی هەڵبژاردنەکە ئەومانایە دەستەبەربکات کەپێویستە دەنگدان بەپێی بۆچوون وەك گوزارشتێکی ئازاد بێتە ئاراوە لەجیاتی دەنگدانی میکانیکی‌و دەنگدانی کەمینەیی‌و توندڕەوانەو دەنگدان بەپێی ناسنامە. کاتێ لەکەشێکی تیرەگەریی یان نەژادیی یان تۆتالیتاریدا دەژین ئەرکی سەرشانی دیموکراتخوازەکان لەهەموو شوێنێکی جیهان ئەوە نابێت باشییەکانی زۆرینە بخاتەڕوو بەڵکو بۆئەوەی مافی ژێردەستەکان والێبکات رێزی لێ بگیرێت‌و لەکاتی پێویستیشدا دژی یاسای ژمارەبێت.

www.pertwk.com



ئەوەی پیرۆزە لەدیموكراسیدا ئیتیكە نەك میكانیزم ئەوەشی پێویستە بەشێوەیەكی ڕەهاو بەبێ بچووكترین جیاوازی ڕێزی لێ بگیرێت ڕێزگرتنی مرۆڤە، هەموو مرۆڤ, بەژن‌و پیاوو منداڵەوە, ئینجا بیروباوەڕیان هەرچییەك بێت‌و گرنگیان لەرووی ژمارەوە هەرچەندێك بێت, پێویستە جۆری دەنگدان لەگەڵ ئەم پێویستیەدا خۆی بگونجێنێت.

ئەگەر بتوانرایە دەنگدانی گشتی پیادەبكرێت بەئازادی‌و بەبێ‌ئەوەی ببێتەمایەی گەلێ زوڵم‌و زۆر شتێكی باش دەبوو, ئەگەر نا ئەوا دەبێت ئەو یاساو ڕێسایانە بهێنرێنە بەرچاو كەهەموو دیموكراسیەتە گەورەكان لەكاتێكەوە بۆكاتێكی‌تر پەنایان بۆ بردووە. لەولاّتەیەكگرتووەكان كەدەنگدانی زۆرینە بلاّوە جۆرێكی جیاواز بۆ چارەسەركردنی مەسەلەی كەمینەی كاسۆلیكی لەئێرلەندای باكوور نوێكراوەتەوە یاسای ستەمكارانەی ژمارە بەهەند وەرناگرێت. لەفەرەنسا بەم زووانە لەپێناوی كۆرسیكادا كەمەسەلەیەكی تایبەت دەخاتە روو جۆرێ لەدەنگدانی خۆماڵیی جیاواز لەوەی لەولاّتانی‌تر هەیە دانرا. لەولاّتەیەكگرتووەكان دوو ئەندامی ئەنجومەنی پیران نوێنەری ویلایەتی ڕۆدئایلاندن كە یەك ملیۆن كەس تیایدا نیشتەجێن. هەروەها سەبارەت بەو سێ‌ملیۆنەی لەكالیفۆڕنیادا دادەنیشن, ئەمەش تێپەراندنی یاسای ژمارەیە كە باوكە دامەزرێنەرەكان هێناویانەتە ئاراوە تاخۆیان لەوە بپارێزن ویلایەتە گەورەكان ویلایەتە لاوازەكان لەناو ببەن.

بەلاّم دەمەوێت بەیەك وشە بگەرێمەوە بۆ ئەفریقیای باشوور چونكە لەم زووانەدا دروشمێكیان تیادا بەرزكردبۆوە دەبێتە مایەی چەواشەكردن, ئەویش دروشمی حوكمی زۆرینە یان حكومەتی زۆرینەیە. لەچوارچێوەی پاكتاوكردنی رەگەزیدا كەكورتكردنەوەیەكی ئاشكرایە بەمەرجێ وەك چۆن هەندێ پیاوی وەك نیلسۆن ماندێللا دەستنیشانی‌كرد, دەستنیشانی بكەین ئامانجەكە گۆرینی حكومەتێكی سپی‌پێست نیە بۆ حكومەتێكی رەش پێست یان گۆڕینی جیاوازییەكی





رەگەزی نییە بەیەكێكی‌تر, بەڵكو ئامانج ئەوەیە هەموو هاوولاّتییەك بەبنەچە هەرچیەك بێت هەمان مافی سیاسیانەی پێ‌بدرێت. لێرەشەوە ئیتر ئازاد دەبن لەوەی دەیانەوێت چ سەركردەیەك هەڵبژێرن ئینجا ئەگەر بەبنەچە ئەفریقی یان ئەوروپی یان ئاسیایی یان تێكەلاّوبێت.

هیچ شتێ ڕێگرنیە لەبەردەم بیركردنەوەدا لەوەی ڕۆژێكیان دەكرێ رەش پێستێ سەرۆكایەتی ویلایەتە یەكگرتووەكان هەڵبژێردرێت‌و پیاوێكی سپی پێست بۆسەرۆكایەتی ئەفریقیای باشوور. لەگەڵ ئەوەشدا ئەمجۆرە ئەگەرە پێناچێت بێتەدی بەتەنیا لەكۆتایی پرۆسەیەكی چالاكی هەماهەنگیی ناوخۆیی‌و خەملێن‌و پێگەیشتندا نەبێت ئەویش كاتێ هاوولاّتیان لەتوانایاندا دەبێت حوكم بەسەر كاندید كراوێكدا بدەن لەڕێی خەسڵەتە مرۆڤانەكانی‌و بیروبۆچوون‌و ئینتیما بۆماوەییەكانیەوە. بەڵگەنەویستە هێشتا نەگەیشتوینەتە ئەم ئاستە, لەراستیشدا كەس نەگەیشتۆتە ئەم ئاستە, نە لە ویلایەتەیەكگرتووەكان‌و نە لە ئەفریقاو نە لە هیچ شوێنێكی‌تر. ڕاستە مەسەلەكان لەهەندێ ولاّت باشتر بەڕێوەدەچن لەچاو هەندێكی تریاندا بەلاّم بێهودانە بەناو نەخشەی جیهاندا گەڕام‌و تاكە ولاّتێكم نەبینیەوە ئینتیمای ئاینی یان كەمینەیی سەرجەم كاندید كراوەكانی لەئەوانە جیاوازبن كەهەڵیاندەبژێرن.

هێشتا هەندێ رەقیی تەنانەت لەدێرینترین دیموكراسیەتەكاندا هەیە پێم وایە هێشتا سەختە لەئەمرۆدا كاسۆلیكییەك بگاتە سەرۆكایەتی وەزیران لەلەندەن" بەلاّم لەفەرەنسا هیچ بۆچوونێكی پێشوەخت لەدژی كەمینەی پرۆتستانت نییە كەئەندامەكانی دەتوانن ئەگەر موسڵمان بن یان نا بەرزترین ئەرك بگرنە ئەستۆ بەبێ ئەوەی پرۆسەی هەڵبژاردن هیچ شتێ رەچاو بكات بێجگە لەتوانای تایبەتیی‌و بیروباوەڕە سیاسیەكەیان نەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا هیچ كام لە(600) بازنەكەی هەڵبژاردن موسڵمانێكی بۆ ئەنجومەنی نیشتمانیی هەڵنەبژاردووە.

www.pertwk.com



دەنگدان لەڕاستیدا روانینی کۆمەڵ بۆخۆی‌و پێکهاتە جیاوازەکانی دەردەخات‌و یارمەتیدەریشە بۆ دەستنیشانکردن بەڵام هەرگیز بەتەنیا خۆی چارەسەر پێشکەش ناکات.

لەوانەیە واپێویستی بکردایە بەشێوەیەکی بەرفراوان باسی حاڵەتەکانی لوبنان‌و روانداو ئەفریقای باشوور یان یوگسلافیا نەکەم چونکە ئەو کارەساتانەی بەدرێژایی سەدەکانی رابردوو خەڵتانی خوێنی کردوون, لەپێشەوەی هەموو رووداوەکانی ترەوەن هەموو نائارامیەکانی‌تر بەبەراوردکردنی بەوانە سادەو تەنانەت بێ‌مانایش دەردەکەون لەگەڵ ئەوەشدا ئایا پێویستە ئەوە دووبارە بکەمەوە ئەمڕۆ یەك وڵات نییە بتوانێت تیایدا وازبهێنین لەبیرکردنەوە بەشێوەیەك رێگا بەهاو ژیانیی گەلانی جیاواز بدات ئەگەر خۆماڵیی یان پەناهەندە بن. نائارامیی لەهەموو شوێنێ هەیە لەوانەیە تاپلەیەك بەری لێگیرابێت‌و بەگشتی ئارەزووی لەپەرەسەندن بێت. وێڕای ئەوەی مەسەلەکە زۆربەی جار بەیەکەوە لەسەر گەلێ ئاست خراوەتەروو بۆ نموونە لەئەوروپادا هەموو دەوڵەتەکان لەیەك کاتدا بەدەست گرفتی هەرێمێ یان زمانەوە دەناڵێنن بەدەست مەسەلەی پەیوەست بەبوونی کۆمەڵی کۆچبەرانەوە دەناڵێنن. هەروەها بەدەست گرفتی سەراپای کیشوەرەوە دەناڵێنن کەئەمڕۆ کەمترە. بەڵام لەگەڵ زیادبوونی تێکەڵاوبوونی نێوان دەوڵەتەکانی یەکێتیەکەدا زیاتر دەردەکەوێت, چونکە مەسەلەکە پێویستی بەرێکخستنی (ژیانی هاوبەش )وە هەیە بۆ(20) یان (30)نەتەوە کەهەریەکەیان مێژوو زمان‌و هەستیاریی تایبەتی خۆی هەیە.

بێگومان پێویستە پارێزگاریی لەهەستی ڕێژەیی بکرێت چونکە هەر بەرزییەك لەپلەی گەرمای لەشدا بەمانای نەخۆشیی تاعون نایەت بەڵام پێویستە بەشێوەیەکی بێباکانە مامەڵە لەگەڵ هەر بەرزبوونەوەیەکی پلەی گەرمادا نەکەین. ئایا نیگەران نابین لەبڵاوبوونەوەی هەڵامەت؟ ئایا





هەموو کاتێك بەدواداچوونمان نییە بۆ سەرهەڵدان‌و گەشەکردنی فایرۆس؟

ئاشکرایە هەموو نەخۆشەکان داوای هەمان چارەسەرناکەن لەوانەیە مەسەلەکە لەهەندێ باردا دسپلینی دامودەزگاکان بخوازێت. هەندێجاریش سەبارەت بەهەندێ دەوڵەت کەپێشینەی ترسناکیان هەیە لەوانە چاودێرییەکی کاریگەر لەلایەن کۆمەڵی نێودەوڵەتیەوە بخوازێت بۆ رێگرتن لەقەسابخانەو پاکتاوکردن‌و پارێزگارییکردن لەهەمەرەنگیی روناکبیریی, سەبارەت بەزۆربەی ئەوانی‌تر دسپیلنی نەرمتر بەسن کەبەتایبەتی چاکسازیی لەکەشی کۆمەڵایەتی‌و فیکریدا بەلایانەوە مەبەست بێت, بەڵام لەهەموو شوێنێ هەست بەپێویستیی هەبوونی بیرکردنەوەیەکی سەنگین‌و گشتی دەکەین سەبارەت بەباشترین رێگە بۆ رامکردنی ناسنامەی دڕندە.

www.pertwk.com



# کۆتایی

ئەوانەی ئاگاداری یەك لەدوای یەکی بۆچوونەکانم بوون تا ئەو ئاستە سەرسام نابن ئەگەر زانیان لەبیرۆکەیەکی مەرکەزییەوە سەرچاوەی گرتووەو ئەویش ئەوەیە هەموو کەسێ بتوانێت ئەگەر کەمێکیش بێت لەگەڵ ئەو وڵاتەدا کەتیایدا دەژیو لەگەڵ جیهانی ئەمرۆماندا ئاوێتە بێت. ئەمەش بەمانای ژمارەیەك لەهەڵسوکەوتو دابونەریت دێت پێویستە لەسەر هەموو تاکێك وەریانبگرێت, هەروەها ئەوانەی گفتوگۆ دەکات لەگەڵیان بەتاكو کۆمەڵەوە. پێویستە هەریەکێ لەئێمە هانبدرێت خۆی بەهەمەرەنگییە تایبەتەکەیدا هەڵبواسێتو دەرك بەناسنامەکەی بکات بەوپێیەی پوختەی ئینتیما جیاوازییەکانیەتی. لەجیاتی کورتکردنەوەی بۆ یەك ئینتیما لەسەرەوە دابنرێتو هەندێجار ئامرازی کۆیلەکردنو ئامرازی شەڕ بێت پێویستە لەسەر هەموو ئەوانەی رووناکبیرییە رەسەنەکەیان یەك ناگرێتەوە لەگەڵ رووناکبیریی ئەو کۆمەڵەدا کەتیایدا دەژین بتوانن خۆ بەجووتە ئینتیماکەیاندا هەڵبواسن بەبێ ژمارەیەکی زۆر لەپارچە پارچە بوونو بۆ پارێزگاریکردن لەئینتیمایان بۆ رووناکبیرییە رەسەنەکەیانو بۆئەوەی واهەست نەکەن ناچارن وەك نەخۆشییەکی شەرمندە بیشارنەوەو بەهاوتایی بەسەر رووناکبیریی وڵاتە خانە خوێیەکەدا بکرێنەوە. ئەم چەمکە بەداڕشتنی بەمشێوەیە وا دیارە وەك ئەوەی تایبەت بێت بەکۆچبەران بەشێوەیەکی سەرەکی بەڵام تایبەتیشە بەوانەی پارێزگاری لەپەیوەندییەکی وێژدانیی دەکەن لەگەڵ رووناکبیرییە رەسەنەکەیاندا, ئەگەرچی هەمیشە لەسایەی هەمان کۆمەڵدا ژیاون. لەنێوان ئەوشتانەی مەبەستمن مەبەستم لەوەیە رەش پێستەکانی ئەمریکا ئەوانەی ناو لێنانیان بە(ئەمریکیە ئەفریقییەکان) جووتە ئینتیماکەیان ئاشکرادەکات.





ئەم چەمکە تایبەتە بە هەموو ئەوانەشە واهەستدەکەن جیاوازن لەبەر هۆکاری ئاینی یان رەگەزی یان کۆمەڵایەتی یان هیتر لە تاکە وڵاتێکدا کە پەیوەستن پێیوە، ئەوەی کەهەموو کەسێك بتوانێ لەگەڵ ئینتیما جیاوازەکانیدا بژیت شتێکی پێویستە لەپێناوی کرانەوەیان وهەروەها لەپێناوی ئاشتی خۆماڵیدا.

بەهەمان شێوە پێویستە کۆمەڵگەکانیش خۆیان بەئینتیما جۆراوجۆرەکانیاندا هەڵبواسن کەناسنامەکەیانی پێکهێناوەو تائێستاش زاخاوی دەدات. هەروەها پێویستە خۆی ماندوو بکات بۆئەوەی لەرێی سومبلی بینراوەوە دەریبخات خۆی بەهەمەرەنگییەکەیدا هەڵواسیووە بۆ ئەوەی هەموو تاکێك بتوانێت ئاوێتە بێت لەگەڵ ئەوانەدا لەچواردەوری دەیانبینێتو بتوانێت خۆی بناسێت لەوێنەی ئەو وڵاتەدا کەتیایدا دەژیو هەست بەهاندان بکات بۆ تێکەڵ بوون لەگەڵیدا لەجیاتی ئەوەی لەزۆربەی حاڵەتەکاندا هەیە وەك بینەرێکی نیگەرانو هەندێ جار وەك نەیارێك بمێنێتەوە.

بێگومان هەموو ئەو ئینتیمایانەی وڵاتێك دانیان پێدادەنێت هەمان گرنگییان نییە, مەسەلەکە پەیوەندی بەئیدیعای یەکسانیەوە نییە وەك رووبەندێ کەگوزارشت لەهیچ ناکات, بەڵکو بەدڵنیاییەوە پەیوەندی بەرێگە پێدراویی گوزارشتە هەمەجۆرەکانەوە هەیە هەر بۆ نموونە گومانی تێدانیە فەرەنسا لەرووی ئاینییەوە وڵاتێکە وا دادەنرێت کاسۆلیکیی تەقلیدە سەرەکیەکەیەتی ئەمەش ئەوەیە کەرێی لێدەگرێت دانی پێدابنێت مەودایەکی پرۆتستانتیو مەودایەکی یەهودییو مەودایەکی موسڵمانانەو مەودایەکی فۆڵتێرانە کەزۆر دوورەپەرێزە لەهەموو ئایینێك هەر یەکە لەم مەودایانەو لیستەکەش سنوری بۆ نییە رۆڵێکی بەرچاوی لەژیانی وڵاتەکەداو لەدەرککردنی قووڵ بەناسنامەکەی بینیووەو دەبینێت.

www.pertwk.com



لەلایەکی ترەوە بەدڵنیاییەوە زمانی فەرەنسی ناسنامەیەکی خاوەن ئینتیمای جیاوازی هەیە یەکەمیان لاتینییە بەڵێ هەروەها ئەڵمانیی و سەلتی لەگەڵ هەندێ بەشداری لەزمانی ئەفەریقیی و ئەنتیلی و عەرەبیی و سلاڤی وێرای بەشدارییتری نوێتر کە دەوڵەمەندی دەکەن بەبێ ئەوەی مەرجیش بێت بیگۆڕن.

لێرەدا هەر حاڵەتی فەرەنسام باسکرد بۆ ئاگاداری دەمتوانی زۆر زیاتر لەسەری بڕۆم. ئاشکرایە هەرکۆمەڵێك وێنەی تایبەت بەخۆی هەیە کەزۆر ناوازەن دەربارەی خودی خۆیو ناسنامەکەی سەبارەت بەدەوڵەتەکانی جیهانی نوێو بەتایبەتی ویلایەتەیەکگرتووەکان. دانپێدانانی بەوەی کەناسنامەکەی لەچەند ئینتیمایەك دروستبووە هیچ قەیرانێك لەرووی باوەڕەوە ناخاتەروو چونکە بەبەشداریی ئەو کۆچبەرانە خوڵقاوە کە لەهەموو کیشوەرەکانەوە بۆی هاتوون بەڵام سەرجەم پەناهەندەکان لەهەمان بارودۆخدا نەگەیشتوونەتە ئەو وڵاتە، هەندێکیان بەدوای ژیانێکی باشتردا گەڕاون و هەندێکیتریان فڕێنراون و بەرەو ئەو وڵاتە بەبێ خواستی خۆیان راپێچکراون. پاش رووداوی دوورودرێژ، دوورودرێژو زۆر گران کەهێشتا تەواونەبوون هەموو کۆچبەران و ئەوانەش کە لەوگەلانەوە داکەوتوون لەبنەرەتدا تیایدا ژیاون لەسەردەمی پێش کۆڵۆمبسدا دەتوانن بەتەواویی ئاوێتە ببن لەگەڵ ئەو کۆمەڵەدا کەتیایدا  دەژین بەڵام لێرەدا جێبەجێکردنی مەسەلەکەیە نەك هەمەرەنگیی.

لەوڵاتانیتر مەسەلەی ناسنامەی نیشتمانیی بەشێوەیەکی جیاواز دەخرێتەروو، لەئەوروپای ڕۆژئاوا کەبەحوکمی واقیع بووە بەخاکی کۆچکردن بەبێ ئەوەی خۆی وا دابنێت تایبەتە بەو وڵاتە. هێشتا هەندێ لەگەلان گرانییەك لەتێگەیشتنی ناسنامەکەیاندا دەبیننەوە بەبێ پشت بەستنێکی سنوردار بەرووناکبیرییە تایبەتییەکەیەوە.





ئەمەش بەشێوەیەکی تایبەتی دەگونجێت بۆ ئەوانەی  بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ دابەشکراون یان بێبەشکراون لەسەربەخۆیی. ئەمانە وایدەبینن بەردەوام بوون بەدرێژایی مێژوو دەوڵەتێك یان خاکێکی نەتەوەیی دابینی نەکردووە بەڵکو پەیوەندییە رووناکبیرییەکان یان کەمینەییەکان دابینیانکردووە ئەمەش بەو مانایە دێت سەرجەم ئەوروپا هێندەی ئارەزووی لەیەکێتیە ئەوەندەش پێویستە لەناسنامەکەی تێبگات بەو سیفەتەی ئەنجامی ئینتیمای زمانی و ئاینی و شتیترە. ئەگەر شارەزای هەموو پێکهاتەیەك لەپێکهاتەکانی مێژوو نەبێت بەروونیی بەهاووڵاتیانی ئایندەی نەڵێت: پێویستە لەسەریان واهەست بکەن بەتەواویی ئەوروپین، بەبێ ئەوەی دەستبەرداری ئەڵمانی بوون یان فەرەنسی بوون یان ئیتاڵی بوون یان یۆنانی بوونەکەیان بن، ئەوا زۆر بەسادەیی دەڵێین ناتوانن بمێننەوە.

بونیادنانی ئەوروپایەکی نوێ داڕشتنی چەمکێکی نوێی ناسنامەیە بۆ خۆیو بۆ هەموو دەوڵەتێك کەلەگەڵیدا بگونجێت و تاڕادەیەك بۆ بەشەکانی تری جیهانیش.

هێندەی پەیوەندی بەم نموونەوەیەو نموونەی ئەمریکاو گەلێ نموونەی ترەوە هەبێت زۆر مەسەلە هەن دەکرێت بوترێن بەڵام بەرەنگاری حەزی چوونە ناو وردەکارییەکان دەبمەوە تا بەهێندەوە بوەستم کەبەسادەیی باسی لایەنێك بکەم بەگرنگی تێدەگەم لەرووی (کار)ی ناسنامەوە هەر لەوکاتەوەی تاك پابەند دەبێت بەوڵاتێك یان کۆمەڵێ دەوڵەتەوە وەك ئەوروپای یەکگرتوو.

ناتوانێت هەندێ لەنزیکیی لەگەڵ هەموو یەکێ لەو پێکهاتانەی هەیەتی هەست پێنەکات. بەدڵنیاییەوە پارێزگاری لەپەیوەندییەکی زۆر تایبەتی دەکات لەگەڵ رووناکبیرییە تایبەتیەکەیداو پارێزگاری لەهەندێ بەرپرسیارێتی دەکات بەرامبەری، بەڵام پەیوەندییەکی گرژیش لەئارادا هەیە لەگەڵ پێکهاتەکانی تردا لەو ساتەوەی بیامۆنتییەك هەست دەکات

www.pertwk.com



ئیتاڵیـە ئـیتر گرنگیـی بەمێـژووی فینـسیاو نـاپۆلی دەدات ئەگـەر چـی سۆزێکی تایبەتیشی لەدڵدابێت بەرامبەر تۆرینۆو ڕابردووەکەی. بەهەمان شێوەش چەندە ئەم ئیتاڵیەیە هەستبکات ئەوروپییە کـەمترو کـەمتر بێبـاك دەبێت بەرامبەر بەئەمستردامو لۆبیك. لەوانەیە مەسـەلەکە دوو نـەوە یان سـیان بخایـەنێتو لەوانەشـە کـاتێکی دووردرێـژتری بووێـت بـۆ هەنـدێکیان بـەڵام مـن گـەنجی ئـەوروپا وا دەناسـم دەسـتیانکردووە بەهەڵسوکەوت وەك ئەوەی هەموو کیشوەرەکە نیشتمانیان بێتو هـەموو دانیشتوانەکەی هاوولاتیانبن.

منێك کە بەبەرزترین دەنگ دەڵێم سەرجەم ئینتیماکانم دەگرمە خۆم, ناتوانم دەستبەرداری خـەونبینین بم بـەو ڕۆژەوەی ئـەو ناوچـەیەی تیایـدا لـەدایك بـووم هـەمان ڕێـچکە بگرێـت. سـەردەمی خێڵـەکانو سـەردەمی شـەڕی پـیرۆزو سـەردەمی ناسـنامە بکوژەکـان لـەدوای خۆیـەوە بـەجێ بهێڵێت تاشتێکی هاوبەش دروستبکات.

خەون بەڕۆژێکەوە دەبینم تیایدا بتوانم بەڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاست بڵێم وڵاتەکـەم, وەك چـۆن بـەلوبنانو فەرەنـساو ئـەوروپا دەڵـێمو بەهـەموو ڕۆڵەکانیشی بەموسڵمانو یـەهودییو مەسیحییەوە, بەهـەموو مەزهـەبو تەریقەتەکانیەوە پێیان دەڵێم هاوولاتیەکانم ئەمە حاڵەکەیە لەناو مێشکی منـدا کەئاواتـەخوازەو بـەردەوام ئومێـدەوارە بـەڵام دەمـەوێت مەسـەلەکە ڕۆژێکیان لەسەر زەوی واقیعو بۆ هەمووان وەك ناومێشکی منی لێبێت.

ئـەم قسانە بـەئازارەوە کۆتـایی پێـدەهێنم بـۆ ئـەوەی بگەڕێمـەوە بـۆ بۆچوونی یەکـەمو ئـەو وتەیـەم لەسـەر ئاستی گشتیی دووپاتبکەمـەوە سەبارەت بەهـەموو دەوڵـەتێك پێویـستە بەشێوەیەك هەڵسوکەوت بکرێت هـیچ کەسـێ هەسـت بـەوە نـەکات لـەو شارسـتانیەتە هاوبەشـە دوورخراوەتەوە کەهەنووکە لەدایك بووەو هەموو کەسێ بتوانێت زمانێك بدۆزێتـەوە ناسـنامەکەی تیـادا بێـتو هەنـدێ لـە هێمـا کلتوورییـە تایبەتیەکـەی تیادا بێتو بتوانێـت ئاوێتـە ببێـت ئەگـەر ئاوێتـەبوونێکی





کـەمیش بێـت لەگـەڵ ئـەوەدا کـەدەیبینێت لـەجیهانی دەوروبەریـەوە سەرچـاوە بگرێـت لـەجیاتی ئـەوەی بـەدوای پەناگەیەکـدا بگـەڕێت لەڕبردوویەکدا پێی وایە نموونەییە.

هاوشـانی ئەمـە پێویستە هـەموو تاکێك بتوانێت پێکهاتەیـەکی نوێ بهێنێتـە ئـاراوە لـەوەدا کـە وامەزەنـدە دەکـات ناسـنامەکەیەتی, پێکهاتەیـەکی شایـستە بەدەسـتەبەر کردنـی گرنگیـی زیـاتر لەسـەدەی داهاتوو هەزارەی نوێدا. ئەمـەش هەستی ئینتیمایـە بۆ سەرکێشییەکی مرۆڤانە.

ئەمە بەشێکە لەوەی کەویستم بیڵێم سەبارەت بەخواستی ناسنامەو لەڕێ لادانە بکوژەکانی ئەگەر ئامانجم لـەوەبێت مـافی خـۆی بەمەسەلەکە بـدەم ئـەوا هێشتا هـەر لەسـەرەتادام. ئەگـەر ئارەزووم وا بووبێت لەگـەڵ هـەموو بەشـێکدا کەنووسـیوومە (20) بەشـی تـری بخەمـە سـەرو کاتـێ ئـەوەی نوسـیوومە دووبـارە خوێندبمێتمـەوەو دڵنیـابووبێتم لـەوەی لـەم لاپەرانەدا دەنگی داواکراوم دەستەبەر کردووە نـە زۆرساردو نـەزۆر گـەرم یـان دڵنیانـەبووبێتم لـەو بەڵگانـەی باشـن بـۆ باوەڕپێهێنـان یـان لـەو دارشـتنانەی دادپەروەرانـەترینن, بـەڵام گـرنگ نیـە“ بەتـەنیا ویـستوومە هەندێ بیروباوەڕ بخەمەروو گەواهییـەك بدەمو بیرێك بوروژێنم سـەبارەت بـەو بابەتانـەی لەمێـژە بەشـێوەیەکی بـاش سـەرقاڵیانکردووم بـەزۆریش ئەوکاتانەی ئەم جیهانە زۆر جوانو سەرنجڕاکێشەم پشکنیبێت جیهانێك کەقەدەرم وابووە تیایدا لـەدایك ببم. وا باوە نووسـەر کەدەگاتـە لاپـەرەی کۆتـایی, بـەنرخترین ئـاواتی ئەوەیـە کتێبەکـەی پـاش سەدسـاڵ یـان دووسەدسـاڵیش بخوێندرێتـەوە بێگومـان ناتوانرێـت هـەرگیز پێـشبینی ئەمەبکرێت، هەندێ کتێب هەن دەمانەوێت جاویدان بن بەڵام بۆ سبەینێ دەمـرن لەکاتێکـدا کتێـبیتر هـەن وێـرای ئـەوەی پێمـان وایـە بۆکـات بەسـەربردنی خوێندکارانـە کەچـی بەنـەمریی دەمێنێتـەوە بـەڵام ئێمـە هەمیشە ئومێدەوار دەبین سـەبارەت بـەم کتێبـە نـەبۆ کات بەسـەربردنەو

www.pertwk.com





نەكارێكی ئەدەبیشه. ئومێدێكی پێچەوانەی بۆ دەخوازم ئەویش ئەوەیە نەوەكەم كاتێ بوو بەپیاو بەڕێكەوت لەناو كتێبخانەی خێزانەكەدا بیدۆزێتەوەو ئەم دیوو ئەودیوی بكات‌و كەمێكیش چاوی پێدا بخشێنێت بیخاتەوە ئەو شوێنە تۆز لێنیشتووەی خۆی كە لێی دەرهێناوە ئینجا شانەكانی بجووڵێنێتەوەو سەری سوڕبمێنێ لەوەی لەسەردەمی باپیرەیدا هێشتا پێویستی بەوەكردووە ئەمجۆرە قسانەی تێدا بكرێت.